WWW.RUDAW.NET

ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (352) دووشەممە 2015/3/30 10ی نەورۆزی 2715 (750) دینار

چەکدارێکی بەدیلگیراوی داعش بۆ (ڕووداو):

## کە حەبمان دەخوارد دەبابە لەپێش چاومان دەبووە چۆلەکە



**ڕووداو- دێرک**

"کە حەبی بێهۆشکەرمان دەخوارد، دەبابە لەبەرچاومان دەبووە چۆلەکە.. وات لێدەهات حەز بکەی بە شمشێر لە دەبابە بدەی". ئەوە قسەی چەکدارێکی بەدیلگیراوی داعشە بەناوی حوسێن عەلی شەداد کە لە ناوچەی جزیرەی ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن یەکینەکانی پاراستنی گەلەوە بەدیل گیرا و (ڕووداو) لەنێو بارەگای ئاسایشی دێرک، ڕووبەڕوو پرسیاری لێکرد.

حوسێن شەداد کە خەڵکی سوورییایە، ئاواتی ئەوە بووە ببێتە ئەندازیار، بەڵام ڕۆژگار کردیە پسپۆڕی ئامادەکردنی تەقەمەنی و دەشڵێ جارێکیان بەدەستی خۆی حەوت کەسی بە دەمانچە کوشتووە. هەروەها زانیاری سەیر لەبارەی ئەو حەبانە ئاشکرا دەکات کە پێش چوونیان بۆ شەڕ خواردوویانن بۆئەوەی بتوانن بەبێ ترس شەڕ بکەن.

6 »



شاڵاو عەلی عەسکەری، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:

### یەکێتی ئاشی خوایە و نەزان دەیگێڕێت

4



میکی لیڤی، پەرلەمانتاری کوردی ئیسرائیل:

### دەبێ دەست بە لۆبیکردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەین

5

### " 10 هەزار کورد لە ریزەکانی حەشدی شەعبیدان"

4

# لە وەزارەتی پێشمەرگە داعشێکی خۆکوژ بە شەهید تۆمار دەکرێت

3 »






ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (352) دووشەممە 2015/3/30




## ڕەنج حکومەت و پەرلەمان کۆدەکاتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

لەسەر زیادەڕۆییکردنە سەر موڵک و زەوی دەوڵەت و گرفتی نیشتەجێبوون، حکومەت و پەرلەمان کۆدەبنەوە، ئەمەش دوای پێشکەشکردنی بەرنامەی (لەگەڵ ڕەنج) لە کەناڵی (ڕووداو، کە تایبەت بوو بە زیادەڕۆییکردنە سەر موڵک و زەوی حکومەت و گرفتی نیشتەجێبوون. د.ئامانج ڕەحیم، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران کە یەکێک بوو لە میوانانی بەرنامەکە بە (ڕووداو)ی گوت "لەگەڵ لیژنەی شارەوانی و گەشتوگوزار پێکەوە گفتوگۆی چەند چارەسەرییەکمان کرد، حکومەت و پەرلەمانیش پرۆژەی جیایان هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش دووشەممەی ئایندە دووبارە کۆدەبینەوە تاوەکو بگەینە ڕێگەچارەیەکی گونجاو".

# PKK شەش خوێندنگا لە چیای شنگال دەکاتەوە

## قایمقامی شنگال: ئیعتراف بەو خوێندنگایانە ناکەین

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

دوای ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی ئێزیدییەکانی شنگال، ئەو ئەنجومەنە دەستیکردووە بە کردنەوەی قوتابخانە لەو دەڤەرە و ئێستا 800 قوتابی شنگال و دەوروبەری لەو خوێندنگایانە بەتیپی لاتینی دەخوێنن. سەرۆکی ئەنجومەنەکە دەڵێت "شارەوانیمان دروستکردووە و چەند ئامێرێکی لێدانی بیرمان لە کانتۆنی جزیرەوە هێناون کە ئێستا بەڕێگاوەن بۆ لێدانی بیری ئاوی خواردنەوە".

ڕۆژی 2015/1/14 لە چیای شنگال، ئەنجومەنی ئێزیدیەکانی شنگال بە ئامادەبوونی چەند بەرپرسێکی پەکەکە ڕاگەیەنرا، بەڵام هەرزوو ئەنجومەنەکە لەلایەن سەرۆکایەتییەکانی حکومەت و پەرلەمان و هەرێمی کوردستانەوە ڕەتکرایەوە.

لە یەکەم هەنگاودا ئەنجومەنی ئێزدییەکانی شنگال دەستیکردووە بە کردنەوەی چەند خوێندنگایەک بۆ ئەو منداڵانەی تائێستا لە چیای شنگال ماون. سەعید حوسێن، سەرۆکی ئەنجومەنی ئێزدییەکانی شنگال دەڵێت "هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنی ئەو ئەنجومەنە وەکو گرنگترین کار، دەستمان کرد بە کردنەوەی خوێندنگا و تاوەکو ئێستا 6 خوێندنگامان کردووەتەوە و نزیکەی 800 قوتابی ئێزیدی دەستیان بە خوێندن لەو قوتابخانانە کردووە".

سەرجەم ئەو قوتابخانانە بە ناوی شەهیدانی یەکینەکانی پاراستنی شنگال کراون کە هێزێکە لەلایەن PKKەوە دروستکراوە. سەعید دەڵێت "27 مامۆستای خۆبەخش ڕۆژانە وانە دەڵێنەوە و پێداویستیەکانی قوتابیانیش وەکو قەڵەم و پەرتووک و دەفتەر، لەلایەن کانتۆنی جزیرەوە دابینکراون".

حوسێن باسی پرۆژەکانی داهاتووی ئەنجومەنەکەیان دەکات و دەڵێت "کردنەوەی قوتابخانە هەنگاوی یەکەم بوو، ئێستا شارەوانیمان دروستکردووە، خەریکی دەستنیشانکردنی چەند جێگایەکین، چونکە چەند ئامێرێکی لێدانی بیر لەلایەن کانتۆنی جزیرەوە ڕەوانە کراون و بەڕێگاوەن، کە گەیشتن دەست بە لێدانی بیری ئاوی خواردنەوەش دەکەین".

سەعید ڕەخنەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و فەرمانگەکانی گرت و گوتی "حکومەتی هەرێمی کوردستان نەک هاوکاریی ئێمە ناکات، بەڵکو ڕێگریشمان لێدەکات، ئەمەش جێگای ڕەخنەیە، چونکە دەبووایە حکومەتی هەرێم هاوکاری ئێمەی کردبا، ڕێکخراوێکی فەرەنسی 50 خێوەتی بۆ خەڵکی شنگال ڕەوانەکردبوو، بەڵام کە گەیشتنە بازگەی سحێلا ئاسایش ڕێگەی لێگرتن، چونکە ئەوان ناوی ئێمەیان گوتبوو، دەبێ حکومەتی هەرێم و پارتەکانی باشووری کوردستان و بەتایبەتی پارتی، گوێ لە خەڵک بگرن و ڕێزیان لێبگرن".

سەرۆکی ئەنجومەنی ئێزدییەکانی شنگال زانیاری نوێی لەبارەی دروستکردنی کانتۆنی شنگال ڕاگەیاند و گوتی "دروستبوونی کانتۆن نزیکە، ئێمە چاوەڕێی گەڕانەوەی خەڵکی شنگال دەکەین، چونکە ئێستا تەنیا 5%ی خەڵکی شنگال لە سنووری شنگالن، ئەو کاتەی خەڵک بگەڕێنەوە یەکسەر کانتۆنی شنگالیش ڕادەگەیێنین، بارودۆخی شنگال ناگەڕێتەوە پێش 3ی ئابی ساڵی ڕابردوو، چونکە ئەوکات تەنیا پارتی دەسەڵاتی هەبوو، ئیدی ئەوکاتە بەسەرچوو. بۆچوونی گەلی ئێزدی گۆڕاوە، ئەوان دەزانن کێ خزمەت دەکات و کێ بە کەڵکی ئەوان دێت".

لە سەرەتای ڕووداوەکانی شنگالەوە هەتا ئێستا، سەرجەم هاوکارییە مادییەکانی ئەو ئەنجومەنە لەلایەن کانتۆنی جزیرێ دابین دەکرێت، حوسێن دەڵێت "هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ئەو خەڵکە پێویستی بە خواردن و خێوەت بوو، کانتۆنی جزیرە تاوەکو ئێستا بایی 500 هەزار دۆلار هاوکاریی خەڵکی شنگالیان کردووە".

قایمقامی قەزای شنگال بەهەموو شێوەیەک ئەو خوێندنگایانە ڕەتدەکاتەوە کە لەلایەن ئەنجومەنی ئێزدییەکانی شنگالەوە دامەزراوە و دەڵێت" ئێمە بەهیچ شێوەیەک ئیعتراف بەو قوتابخانانە ناکەین".

مەیسەر حەجی قایمقامی قەزای شنگال لە گرنگیی ئەنجومەنەکەی کەمکردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوانەی لەگەڵ ئەم ئەنجومەنەن ژمارەیان کەمە، کارەکانیان نافەرمین و ئێمە ئیعتراف بە کارەکانیان ناکەین".


ڕاگەیاندنی کانتۆنی شنگال لە 2015/1/24

# 10 کەس لەسەر ئاڵای کوردستان لێیان درا

## 3500 ئاڵای کوردستان بە قاچاخ گەیەنرانە ئامەد



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

جیاواز لە ئاهەنگەکانی ساڵانی ڕابردوو، لە نەورۆزی ئەمساڵدا لە ئامەد زۆرترین ئاڵای کوردستان بینران، بەڵام هەڵدانی ئاڵای کوردستان لە نەورۆزی ئامەد بێ باج نەبوو، 10 کەس بەهۆی ئەو ئاڵایەوە لەلایەن لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە لێیان درا.

ئاهەنگی نەورۆزی ئامەد بە بەشداریی زۆرتر لە ملیۆنێک کەس بەڕێوەچوو، لەوێ پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان خوێندرایەوە، هەروەها زۆرتر لە 250 کەناڵی ڕاگەیاندن ڕوماڵی ئاهەنگەکەیان کرد.

لە کوردستان چەند بەرپرسێکی کورد داوەتی ئاهەنگەکە کرابوون، هەروەها یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەلایەن تەڤگەری گەنجانی کوردستانەوە بۆ ئاهەنگەکە داوەتکرابوون.

شەریف فەتاح، ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەی لە سکرتاریەتی قوتابیان و چەند گەنجێکی دیکەی باشووری کوردستان بەشدارییان لەو ئاهەنگەدا کردبوو، بە (ڕووداو)ی گوت "3500 ئاڵای کوردستانمان بە قەبارەی مەتر و نیو، لەگەڵ ئاڵایەک کە درێژییەکەی 60 مەتر بوو، بۆ ئەو ئاهەنگە ئامادە کرد، بەڵام بۆ ئەوەی لەسەر سنوور لەلایەن تورکیاوە کێشەمان بۆ دروست نەبێت، ئاڵاکانمان بە قاچاخ گەیاندە ئامەد".

شەریف فەتاح باسی چۆنیەتی دەربازکرنی ئەو ئاڵایانە دەکات و دەڵێت "بەڕاستی زۆر سەخت بوو، بەڵام بە هاوکاریی عەبدولوەهاب عەلی لە ئاسایشی ئیبراهیم خەلیل، توانیمان بەڕێگای چەند ئۆتۆمبێلێک بە قاچاخ ئاڵاکان دەربازی باکووری کوردستان بکەین، پاشان کە گەیشتنە شاری ئامەد، لەگەڵ هاوڕێیانی تەڤگەرا جوانێن کوردستان، خۆمان ئامادەکرد بۆ ئاهەنگەکە".

تەڤگەرا جوانێن کوردستان، لە 2013 لە باکووری کوردستان دامەزراوە، ئێستا لە حەوت شاری باکووری کوردستان ئۆفیسیان هەیە. 350 گەنجی ئەو تەڤگەرە و نزیکەی 30 گەنجی باشووری کوردستان، پێکەوە بەشدارییان لە ئاهەنگی نەورۆزدا کرد و ئاڵای کوردستانیان بەرز کردەوە.

شەریف فەتاح دەڵێت "ئەو ڕۆژە ئێمە بە ڕێپێیوان بە درێژیی 8 کیلۆمەتر بەرەو گۆڕەپانی ئاهەنگەکە ڕۆیشتین، لە ڕێگادا بە هەزاران کوردی باکووری کوردستان چەپڵەیان بۆ لێداین و وێنەیان لەگەڵ دەگرتین و ئاڵای کوردستانیان ماچ دەکرد، بەڵام لایەنگرانی پەکەکە قسەی ناشیرینیان پێگوتین".

شەریف باسی ڕووداوەکانی ئاهەنگەکە دەکات و دەڵێت هەر بە گەیشتنیان بۆ گۆڕەپانی ئاهەنگەکە لەلایەن لایەنگرانی PKKەوە پەلاماردراون "بە داخەوە هەندێک لەلایەنگرانی پەکەکە قسەی ناشرینیان پێگوتین، دەیانگوت ئاڵای بارزانی و بە دەنگێکی بەرز دەیانگوت بژی ئاپۆ، هەر بەوەش نەوەستان و پەلاماری 10 لە هاوڕێیانی ئێمەیان دا و لێیان دان کە یەکێک لە پەلاماردراوەکان کچ بوو".

شەریف گوتی کە بۆ خەرجیی دروستکردنی ئەو ئاڵایانە، چەند کەسێک هاوکارییان کردوون و خۆشیان بەشێک لە پارەکەیان داوەو هەندێک پارەشیان هێشتا نەداوە.

سازان کەمال یەکێکی دیکەیە لە بەشداربووانی ئاهەنگی ئامەد، ئەو باسی گرنگیی ئاهەنگەکەی کرد و گوتی "ئاهەنگی ئامەد بووەتە ئاهەنگێکی تایبەت بۆ هەموو کورد، چونکە ساڵ بە ساڵ ژمارەی بەشداربووان زیاتر دەبن و کوردی هەرچوار پارچەکە بەشداری دەکەن"

کەمال باسی ڕێکخستنی ئەو ئاهەنگەی کرد و گوتی "ئەو ئاهەنگە لەلایەن لایەنگرانی پەکەکەوە لە باکووری کوردستان ڕێکدەخرێت، تەنیا ئەمساڵ نزیکەی 8000 لایەنگری پەکەکە بە جلی کوردی و وێنەی ئاپۆوە، ئاسایشی ئاهەنگەکەیان دەپاراست".

سازان کە ئەندامی پارتێکی باکووری کوردستانە، پێیوایە ئەگەر ئاهەنگە بە حیزبی نەکرێت، ڕەنگە ژمارەی بەشداربووان لە ساڵانی داهاتوودا بگاتە 3 ملیۆن کەس.

## وەزارەتی شارەوانی دەڵێت بگەڕێتەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەین

# لە هەڵەبجە بەڕێوەبەرێک فەرمانگەکەی جێدەهێڵێت

**ڕێبین یارئەحمەد**
**ڕووداو - هەڵەبجەی شەهید**

لە دوای تەواوبوونی پشووی نەورۆز و دەستپێکردنەوەی دەوامی فەرمیی فەرمانگە حکومییەکان، بەڕێوەبەری ئاوی هەڵەبجە دەوامی نەکردووە و وەزارەتی شارەوانیش هیچ زانیاریەکی لەسەر دیارنەمانی ئەو بەڕێوەبەرە نییە و کەسێکی دیکەی بە وەکالەت لە شوێنی داناوە.

عومەر حاجی عینایەت، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم بەڕێوەبەرە نەچۆتەوە بۆ دەوام و ئۆتۆمبێلەکەشی کە ئۆتۆمبێلی بەڕێوەبەرایەتییەکەیە، دیار نییە. پەیوەندیم کردووە بە وەزارەتی شارەوانی و پێیانگوتین کە بۆ بەڕێکردنی کاروبارەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکە کەسێکیان بە وەکالەت لە شوێنی داناوە".

لەگەڵ دیارنەمانی ئەو بەڕێوەبەرە، دەنگۆی کەموکورتی لە بەڕێوەبەرایەتییەکەی بڵاوبووەوە، لەوانەش لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەڵەبجە 14 فەرمانبەر خانەنشین دەکرێن، لە جێگەیاندا 14 گرێبەستی کاتی دەکرێن بە هەمیشەیی و بەڕێوەبەری ئاوی هەڵەبجە بەبێ پرسی وەزارەت هەوڵی دامەزراندنی 14 کەسی دیکە دەدات لەشوێنیان.

عومەری حاجی عینایەت گوتی ئەوانە 17 فەرمانبەرن نەک 14 "لە وەزارەتەوە فەرمان بە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەڵەبجە کرابوو کە لە جێگەی ئەو کەسانەی بە گرێبەست دامەزرابوون کەسی دیکە دانەنرێت، بەڵام ئەم بەڕێوەبەرە 17 کەسی لە جێگەی ئەوان دامەزراندووە کە برا و خزمی نزیکی خۆی تێدایە، فەرمانی کردووە بە بەشی ژمێریاریەکەشیان کە مووچەیان بۆ ببەستێ، ئەمەش نایاساییە".

ئەو پەرلەمانتارە هەروەها گوتی "بۆ گۆڕینی تۆڕی ئاوی یەکێک لە گەڕەکەکانی هەڵەبجە، ئەو بەڕێوەبەرە پارەی لە خەڵکی گەڕەک کۆکردووەتەوە و لە هەمانکاتیشدا لەسەر بودجەی بەڕێوەبەرایەتییەکە دەرخستەی بۆ تۆڕی ئاوی ئەو گەڕەکەش کردووە".

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەڵەبجە لە 2014/12/9 داوای سێ ملیۆن دیناری کردووە بۆ دانانی دوو قوفڵی 4 ئینجی و قوفڵێکی 6 ئینجی بۆ گەڕەکی کیمیابارانی دوو لە هەڵەبجە.

مامۆستا دانا عەبدول، دانیشتووی ئەو گەڕەکە بە (ڕووداو)ی گوت "پێش ئەو بەرواره، بۆ چاککردنی ئاوی گەڕەکەکەمان داوای ئەو قوفڵانەمان کرد، سەرەتا بڕیاربوو هەموو پارەی تێچووی قوفڵەکان لە خەڵکی گەڕەکەکە کۆبکرێتەوە کە گوتیان بڕی 850 هەزار دینارە، بەڵام دواتر بەڕێوەبەرایەتی ئاو گوتی نیوەی تێچووەکە ئێمە دەیدەین و نیوەکەی دیکەشی خۆتان بیدەن، بۆیە لە چەند ماڵێک کە ژمارەیان 30 ماڵ دەبوو، لە هەر ماڵە و بڕی 15 هەزار دینار کۆکرایەوە".

بەڕێوەبەری ئاوی هەڵەبجە لە 2014/4/14 لەو پۆستە دەستبەکاربووە و پێشووتر لە سوید لەگەڵ خێزانەکەی ژیانی بەسەر دەبرد، لە هەڵەبجە دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەتەوە کە ڕۆشتبێتەوە بۆ سوید بۆ لای خێزان و منداڵەکانی، بەڵام هیچ لایەنێکی فەرمی ئەو زانیاریەی پشتڕاست نەکردووەتەوە.

(ڕووداو) پەیوەندی کرد بە شازاد بابان برای بەڕێوەبەری ئاوی هەڵەبجە، ناوبراو گوتی "براکەم ڕاینەکردووە و حاڵەتێکی لە ناکاوی خێزانی بووە و ڕۆژی سێشەممە سەفەری کردووە بۆ سوید و ئۆتۆمبێلەکەشی لەناو فەرمانگەیە، من ئاگادارم پرسی بەسەرووی خۆی کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی کارەکە لەناکاو بووە، پێدەچێت هەموو ڕێکارەکان نەگیرابێتە بەر و ئەو گەشتەکەی کردبێت کە بە نیازە بۆ ماوەی ساڵێک مۆڵەتی بێ مووچە بکات".

کەسێکی نزیک لە بەڕێوەبەری ئاوی هەڵەبجەش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو کەسانەی دامەزرێنراون بەپێی پلەبەندی و پێویستی بووە و برا و خزمەکانی ئەو بەڕێوەبەرەش دانیشتووی هەڵەبجەن و مافی دامەزراندنیان هەیە وەک هەر هاووڵاتیەکی دیکە. ئەویش بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی کەمیی فەرمانبەر ئەو کارەی کردووە".

ڕەنجبەر حاجی، گوتەبێژی وەزارەتی شارەوانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەڕێوەبەری ئاوی هەڵەبجە هیچ مۆڵەتێکی وەرنەگرتووە و بەبێ ئاگاداری کارەکەی خۆی بەجێهێشتووە، بۆیە تاوەکو مانگێکی دیکە ئەگەر نەگەڕێتەوە ئاگادارکردنەوەی بۆ دەردەکەین و پاش ئەوە لەکارەکەی دووردەخرێتەوە". گوتیشی "ئەگەر لەو ماوەیەش بگەڕێتەوە دیسانەوە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە بەبێ ئاگادارکردنەوەی سەرووی خۆی فەرمانگەکەی جێهێشتووە".


(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

## کۆمەڵ و یەکگرتوو: حکومەتی بنکەفراوان ئامانجی خۆی نەپێکاوە

**رووداو- هەولێر**

مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی بە سەرپەرشتی محەممەد فەرەج و عەلی باپیر لە هەولێر کۆبوونەوە. دوای کۆبوونەوەکە لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا رایانگەیاند "ئێمە دژی هەموو جۆرە پەڕگیرییەکین بەناوی ئیسلام یان بەناوی عەلمانییەوە بێ، هەروەها هەر جۆرە سووکایەتییەک بۆ سەر ئیسلام و موسڵمانان، بەپاساوی دژایەتیکردنی داعشەوە ڕەتدەکەینەوە". سەبارەت بە حکومەتی بنکەفراوانیش لە بەیاننامەکەدا هاتووە "بەداخەوە حکومەتی بنکەفراوان ئامانجی خۆی نەپێکاوە".



### گۆڕان 300 پێشمەرگەی بندیواری هەیە

# وەزارەتی پێشمەرگە داعشێکی خۆکوژ بە شەهید تۆمار دەکات

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە ناوێکیان بۆ نێردراوە بۆئەوەی وەکو شەهید حیساب بکرێ و دوو ملیۆن دینار بدرێتە کەسوکارەکەی، بەڵام ئەو کەسە خۆکوژێکی داعش دەرچووە و پێشتر خۆی بە پێشمەرگەدا تەقاندووەتەوە. گوتیشی کە ئەوان بەهۆی ناوی کەسەکەوە گومانیان بۆ دروستبووە.

## پێشمەرگەی بن دیوار

دلێر ماوەتی، جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، باسی دۆخی پێشمەرگە دەکات کە ئێستا بە درێژایی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر لە شەڕدایە لەدژی چەکدارانی داعش و دەڵێ "سەرەڕای ئەو هەموو شەڕە گرانە، هێشتا خەڵک هەن بەناوی پێشمەرگەوە مووچەی بندیواریان هەیە و بەرپرسەکان ئەو مووچەیە وەردەگرن و دەیخۆن".

ئەو پەرلەمانتارە کە لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکەی چەندین لێکۆڵینەوەیان کردووە لەسەر دۆخی پێشمەرگە، گوتی "پێشمەرگەی بندیوار هەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ناویان هەیە و مووچەکەشیان دەچێتە گیرفانی بەرپرسەکانەوە".

دلێر ماوەتی باسی فەرماندەکانی یەکەی 70 و 80ی یەکێتی و پارتی دەکات و دەڵێت "لەو دوو یەکەیە بەرپرس هەیە لە کاتی وەرگرتنی مووچە بە پێشمەرگە بندیوارەکانی دەڵێ مووچەکەت وەربگرە، دواتر 100 هەزار دیناری دەداتێ و ئەوی دیکە بۆ خۆی هەڵدەگرێ و پێشمەرگەکەش دەوام ناکات".

بە قسەی ماوەتی "هەرچی باخی بەرپرسان هەیە پێشمەرگە پاسەوانی دەکات و ئەم پێشمەرگەیەش بندیوارە".

دلێر ماوەتی هەر لە درێژەی ئەو قسانەیدا بۆ (رووداو) ئاشکرای کرد کە "زیاتر لە 20 هەزار پێشمەرگە پاسەوانی بەرپرسەکانن". گوتیشی "پەرلەمانتار مووچەی سێ پاسەوان وەردەگرێ، کەچی هەندێکیان یەک پاسەوانیان لەگەڵە و مووچەی دوو پاسەوانەکەی دیکە دەخۆن".

جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان، زانیاری زۆرتری لەسەر پێشمەرگەی بندیوار ئاشکرا کرد و گوتی "بزووتنەوەی گۆڕان 300 پێشمەرگەی بندیواری هەیە کە مووچە وەردەگرن و دەوام ناکەن".

## پێشمەرگەیەک داوا دەکات گوللە لە باوکی بدەن

دلێر ماوەتی کە سەر بە فراکسیۆنی یەکێتییە لە پەرلەمانی کوردستان، باسی سەردانەکانی لیژنەکەیان دەکات بۆ میحوەرەکانی شەڕ و نموونەیەک باس دەکات لەبارەی ڕەوشی خراپی پێشمەرگە، بەڵام بەبێ ئەوەی شوێنی ڕووداوەکە ئاشکرا بکات "لە میحوەرێکی شەڕ لەگەڵ داعش پێشمەرگەیەک لە سەنگەری شەڕکردندا جەڵتە لێیدەدا و دەمرێ، کوڕی ئەو پێشمەرگەیە کە لەگەڵ باوکی بووە، دەپاڕێتەوە گوللەیەک لە باوکی بدەن، تاوەکو بە شەهید حیساب بکرێ، چونکە هەژارن".

ماوەتی هۆکاری داواکاریی ئەو کوڕە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە "بە گوێرەی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە، هەر پێشمەرگەیەک گوللەی بەرنەکەوتبێ، بە شەهید هەژمار ناکرێ، بۆیە داوامان کردووە پێداچوونەوە بەم بابەتانەدا بکرێ".

## داعش دەکەنە شەهید

دوای ئەوەی چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر هەرێمی کوردستان و چەندین پێشمەرگە شەهید بوون، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا بڕی دوو ملیۆن دینار بداتە کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعش.

جێگری سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە لەبارەی تۆمارکردنی ناوی شەهیدەکانی پێشمەرگە دەڵێ "چیرۆکی سەیر و سەمەرمان هەیە و هەمووشی بە بەڵگەیە".

ماوەتی دەڵێت "وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ئەو دوو ملیۆن دینارە ناوی داعشێکی خۆکوژی ناردبوو بەنێوی (حوزەیفە) کە لە ناوچەی ڕەبیعە خۆی بە پێشمەرگەدا تەقاندبووەوە و چەند پێشمەرگەیەکی شەهید کردبوو، بەڵام گومانمان لە ناوەکەی هەبوو. دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت ئەوە داعشەکە بووە".

چیرۆکی دیکە لەوبارەیەوە باس دەکات و دەڵێت "ناویان ناردووە کە پێشمەرگەیە و شەهید بووە، کەچی هیچ ناونیشانی نەبووە و ئەو کەسە هەر نییە. هەیە بریندار بووە و بەنێوی شەهید ناوی تۆمارکراوە، هەشە نە بریندار بووە و نە شەهید، کەچی ناویان بە شەهید ناردووە". گوتیشی "کەسی وا هەبووە عەرەب بووە و سەرباز بووە لە ریزی سوپای عێراق و لە شەڕدا کوژراوە، کەچی ناوەکەی بۆ پەرلەمان نێردراوە کە پێشمەرگەیە و شەهید بووە، بەڵام کاتێک لێکۆڵینەوەمان کردووە، دەرکەوتووە ماڵەکەی لە مەدینەی سەورەیە لە بەغدا، تاوەکو ئێستا سێ ناومان بەمشێوەیە بۆ هاتووە".

## مووچەی یەکەکانی 70 و 80 زیاد دەکرێت

بە قسەی جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان، هێزەکانی یەکەی 70 و 80 لە بەرەکانی شەڕدا لە هەموو هێزەکانی دیکە زیاتر شەڕ دەکەن. دلێر ماوەتی لەوبارەیەوە دەڵێ "یەکەکانی 70 و 80 لە شەڕی داعشدا لە هەموو هێزەکانی دیکە باشتر شەڕ دەکەن، چونکە زۆربەیان خزمی یەکدین، زۆرجاریش تاوەکو 10 کەس لە یەک گوند پێکەوە شەهیدبوون، چونکە خزمی یەکدین و یەکدی لەشەڕ بەجێناهێڵن". بەڵام ماوەتی دەڵێ "مووچەی پێشمەرگەکانی ئەو دوو هێزە لە هێزەکانی دیکە کەمترە".

جێگری سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە دەڵێ بۆ ئەو مەبەستە پرۆژە یاسایەکمان ئامادەکردووە کە بەپێی پرۆژە یاساکە "هەر پێشمەرگەیەک مووچەکەی لە 500 هەزار دینار کەمتر بێ، 200 هەزار دیناری بۆ زیاد دەکرێ، ئەم بڕیارەش زیاتر پێشمەرگەکانی یەکەی 70 و 80 دەگرێتەوە، چونکە مووچەکەیان لە 500 هەزار دینار کەمترە".





# هەتا ئەمریکییەکان بەشداربن لە شەڕی تکریت یەک گوللە ناتەقێنین

### حەشدی شەعبی ئامادە نییە لەژێر چەتری ئەمریکا شەڕ بکات

### بۆ شەڕی موسڵ مۆڵەت لە نوجێفی وەرناگرین



**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

هادی عامری، فەرماندەی گشتی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق، هۆشداری دەداتە حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق و دەڵێت ئەگەر فڕۆکەکانی ئەمریکا پاشەکشە لە شەڕی تکریت نەکەن، ئەوا حەشدی شەعبی "یەک گوللە بۆ شەڕی تکریت ناتەقێنێ".

## "یان ئێمە یان ئەمریکا"

نزیکەی مانگێکە دەست بە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری تکریت کراوە کە هێزەکانی حەشدی شەعبی سەرپەرشتی دەکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە شارەکە لە دەستی چەکدارانی داعش دەربهێنن. ئەمەش حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراقی ناچار کرد کە داوا لە هاوپەیمانان بکات لە ئاسمانەوە هاوکاریی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بکەن، بەڵام ئەو داوایەی عەبادی بەرپرسانی حەشدی شەعبی تووڕە کردووە و بەوهۆیەشەوە لە شەڕکردن دژی چەکدارانی داعش وەستاون.

هادی عامری، فەرماندەی گشتی هێزی حەشدی شەعبی لە عێراق، لە دەوروبەری تکریتەوە بە تەلەفۆن وەڵامی (رووداو)ی دایەوە و گوتی "بۆ بەشداریی ئەمریکا لە شەڕی تکریت، ئەمە بڕیاری حکومەتی عێراقە، بەڵام حەشدی شەعبی ئامادە نییە لەژێر چەتری ئەمریکا و پشتیوانیی فڕۆکەکانی شەڕ بکات، ئێمە بەهەموو جۆرێک ئەمریکا ڕەتدەکەینەوە".

## تکریت ئاسان نییە

بەرپرسانی حەشدی شەعبی زوو زوو کاژێری سفر بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی تکریت دادەنێن، بەڵام هادی عامری دەڵێت "شەڕەکە قورسە، ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و قەناسەکانی داعش، پێشڕەوییەکانی ئێمەیان ڕاگرتووە".

هادی عامری نایشارێتەوە کە شەڕی تکریت شەڕێکی ئاسان نییە و دەڵێ "بەڵێ شەڕی تکریت شەڕێکی قورسە، شەڕی نێو شارە و دەمانزانی گرێی زۆر لەو شەڕەدا هەن، بەڵام ئینشائەڵڵا سەردەکەوین".

شەوی 2015/3/25 حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق کە لەهەمانکاتدا فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، ڕایگەیاند کە قۆناغێکی نوێ بۆ شەڕی تکریت دەستپێدەکەن. ئەوەش بە بەشداریی ئەمریکا لەسەر داوای حکومەتی عێراق دوای ئەوەی بۆ ماوەی نزیکەی دوو هەفتە شەڕ لە تکریت ڕاوەستا.

حەشدی شەعبی هێزێکی شیعەیە و لە شەڕی ئامرلی و سەعدیە و جەلەولا بەشداربوون. سەرەتای شەڕی تکریتیش بەپاڵپشتی ئێران دەستپێکرد، بەڵام ئێستا سوپای عێراق بەبێ حەشدی شەعبی شەڕی تکریت دەکات.

هادی عامری دەڵێ "حەشدی شەعبی لە تکریت نە بەشداری کردووە و نە بەشداریش دەکات لە هەر هێرشێکدا ئەمریکا تێیدا بەشدار بێ". هۆشداریش دەداتە عەبادی و دەڵێ "لەگەڵ حەیدەر عەبادیش ئەم بابەتە بە جددی باس دەکەین".

## عەبادی مەرجی ئەمریکای قبووڵ کرد

جەنەراڵ لوید ئۆستن، فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دوای بەشداریی وڵاتەکەی لە شەڕی تکریت لەبەردەم ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا ڕایگەیاند "میلیشیاکانی شیعە لە هێرشەکانی شەڕی تکریت کشانەوە و لە گرتنەوەی تکریت بەشدار نابن".

لوید ئۆستن ئەوەشیگوت "کشانەوەی حەشدی شەعبی لە هێڵی پێشەوەی شەڕەکە مەرجی ئەمریکا بووە بۆ بەشداری لە شەڕی تکریت".

بەڵام هادی عامری داوا دەکات "ئەمریکا هێرشەکانی خۆی بۆ سەر تکریت بوەستێنێ و ئەو شارە بە هێزی حەشدی شەعبی ڕزگار دەکەین".

ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی لە 100 هەزار چەکدار زیاتر دەبن و خەرجی ئەم هێزە لە ئەستۆی حکومەتی عێراقدایە. بەڵام پێدەچی شەڕی تکریت کێشەی گەورە لەنێوان ئەو هێزە و حکومەتی عێراق دروست بکات.

## سولەیمانی کەی دێتەوە؟

هێزی حەشدی شەعبی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێ، بە تایبەتی لەلایەن قاسم سولەیمانی، فەرماندەی گشتی سوپای قودسی ئێران کە لە سەرەتای شەڕی تکریتەوە بەشدار بووە، بەڵام ئێستا گەڕاوەتەوە ئێران.

بەگوێرەی هەندێ سەرچاوەی هەواڵ، سولەیمانی کە زانی حکومەتی عێراق لەگەڵ ئەمریکا ڕێککەوتنی کردووە بۆ لێدانی داعش لە تکریت، گەڕایەوە ئێران.

> هەر کاتێک پێویستی کرد قاسم سلێمانی دەگەڕێتەوە عێراق

بەڵام هادی عامری کە خۆی سەرۆکی ڕێکخراوی بەدرە و یەکێکە لە گەورەترین هێزە چەکدارەکانی شیعە و لەهەموو شەڕەکاندا لەگەڵ سولەیمانی پێکەوە بوون، دەڵێ "نەخێر، نەخێر، نەخێر... ئاوها نییە کە دەگوترێ. سولەیمانی هەر کاتێ پێویستمان پێی بێت دێتەوە. چونکە ئەو ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەیە لە ئێران و دەرفەتی نییە تەنیا کارەکانی خۆی لە عێراق بکات و بە تەنیا خۆی بۆ شەڕی داعش لە عێراق تەرخان بکات، بەڵام لە هەر پرۆسەیەکدا لە دژی داعش و لەکاتی زۆر تەنگانەدا بەهانای ئێمەوە هاتووە. بۆیە ڕۆیشتنی ئەو هیچ پەیوەندی بە بەشداریی ئەمریکاوە نەبووە لە شەڕی تکریت. هەر کاتێ پێویستی کرد دەگەڕێتەوە عێراق".

## گوێ بە نوجێفی نادەین

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی تکریت، قسە لەسەر هێرش بۆ سەر مووسڵیش دەکرێت. فەرماندەی گشتی حەشدی شەعبی دەڵێ "ئێمە وەکو عێراقی و وەکو ڕۆڵەکانی حەشدی شەعبی وای دەبینین، بەرپرسیاریمان لە ئەستۆدایە بەشداری لە هەموو شەڕێکدا بکەین، جا لە باشووری کەرکووک بێ، یان شەڕی گرتنەوەی مووسڵ، ئامادەشین لەگەڵ پێشمەرگە و چەکداری هۆزەکانی عەرەبی سوننە شەڕ بکەین بۆ دەرکردنی داعش لە عێراق".

ئوسامە نوجێفی کە سوننەیە و خەڵکی مووسڵە و ئێستا جێگری سەرۆک کۆماری عێراقە، دژایەتی خۆی بۆ بەشداریکردنی حەشدی شەعبی لە گرتنەوەی مووسڵ ڕاگەیاند، بەڵام هادی عامری بە توندی وەڵامی نوجێفی دەداتەوە: "مۆڵەت لە کەس وەرناگرین بۆ شەڕی داعش، چونکە داعش نەخۆشییەکی ترسناکە بۆ هەموو عێراقییەکان. بەشداری هەموو شەڕێک دەکەین، تەنانەت بۆ مووسڵیش مۆڵەت لە کەس وەرناگرین".

## داوای یەکخستنی میدیای یەکێتی دەکرێ

**ڕووداو- سلێمانی**

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە پێشنیارەکانی لیژنەی (ڕاگەیاندن) بۆ مەکتەبی سیاسیی یەکێتی چەند خاڵێک بووە لەوانەش "یەکخستنەوەی سەرجەم میدیاکانی یەکێتی کە ئێستا جۆرێک لەپەرتبوونیان پێوە دیارە، باشکردنی مووچەی کارمەندەکانیان، هەروەها کەسێکیش بکرێتە بەرپرسیان و ئەندامانی سەرکردایەتیش چیدەی دەست نەخەنە کاروباریان".

هەفتەی ڕابردوو لیژنەکان بۆ چارەسەری کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی، ڕاپۆرتی خۆیان بۆ جێگرانی سکرتێری گشتی بەرزکردەوە وا بڕیاریشە دوای تاوتوێکردنی ڕاپۆرتەکان، مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوەی خۆی بکات.

### شاڵاو عەلی عەسکەری، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بۆ (ڕووداو):

# یەکێتی ئاشی خوایە و نەزان دەیگێڕێت



لە نهۆمی دووەمی باڵەخانەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە سلێمانی و دروست لە ژوورەکەی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی ئەو حیزبە، شاڵاو عەلی عەسکەری، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، ئەو گەنجەی کە دەرکەوتن و ناوبانگەکەی زیاتر بەهۆی باوکییەوەیە، لەسەر زۆر پرسی نێو حیزبەکەی قسە بۆ (ڕووداو) دەکات، هەرچەندە دەیگوت ئەو قسانەی دەیانکات بیروڕای خۆیەتی نەک حیزبەکەی، بەڵام زوو زووش دەیگوت "یەکێتی پێیوایە....".

هەڤپەیڤین: ئەرکان عەلی
ڕووداو - سلێمانی

### بە دڵنیاییەوە بارزانی ڕکابەری نییە

### دیارە مەلا بەختیار سەر بە چ باڵێکە و ڕاگەیاندنی یەکێتی بە چ ئاقارێکدا دەبات

**ڕووداو: پێشتر باڵەکانی نێو یەکێتی لەسەر پێنج لیژنە ڕێککەوتن، کاری لیژنەکان بەکوێ گەیشت؟**

**شاڵاو عەلی عەسکەری:** چوار لیژنەیان کارەکانی خۆیان تەواو کردووە و ڕاپۆرتەکانیان بۆ بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی ناردووە. تەنیا لیژنەی کاروباری پێشمەرگە ماوە ڕاپۆرتی خۆی تەواو بکات، ئەویش بەهۆی ئەوەی زۆربەی بەرپرسانی ئێمە لە جەنگن، بۆیە کارەکانیان دواکەوتووە.

**ڕووداو: تا چەند ڕاپۆرتی ئەو چوار لیژنەیە ڕێگەچارەی قەیرانەکانی یەکێتی دیاری کردووە؟**

**شاڵاو عەلی عەسکەری:** بەبڕوای من ئەگەر سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوێ لەو لیژنانە بگرن و ئەوەی نووسیویانە جێبەجێ بکرێ، تەواوی گرفتەکانمان چارەسەر دەبن، بۆیە دەبێت چاوەڕوانی دوایین بڕیار بین لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەکان.

**ڕووداو: ساڵێکە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پێکەوە کۆنەبوونەتەوە، هۆکاری سەرەکی چییە؟ کەی کۆدەبنەوە؟**

**شاڵاو عەلی عەسکەری.** ئێمە هێشتا ڕای جیاوازی زۆرمان هەیە، لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆشماندا گوتوومانە و نایشارینەوە کە قەیرانمان هەیە و گرفتی لێکتێگەشتنمان هەیە. بۆیە ئێستا هەوڵێک لەناوخۆی یەکێتیدا هەیە کە خەریکە هەموومان لەوە نزیک بکاتەوە کێشەکان چارەسەر ببێت و کۆببینەوە، ئەگینا بەو کێشانەوە بچینە کۆبوونەوە ترسی ئەوەمان هەیە دووچاری تەقینەوەی نێوخۆیی ببین.

**ڕووداو: دەنگۆی تێکەڵبوونتان لەگەڵ گۆڕان بووەتە ڕۆژەڤ، ئایا یەکدەگرنەوە؟**

**شاڵاو عەلی عەسکەری:** ئێمە و گۆڕان جیاوازییەکی ئەوتۆمان نییە، وەک دەگوترێ ئاوی یەک سەرچاوە و گڵی یەک ئینجانەین، بۆیە ئەو لێکنزیکبوونەوانە کارێکی باشە، بەڵام بەبڕوای من ناگاتە تێکەڵبوونەوە، چونکە کاک نەوشیروان مستەفا وا نەڕۆیشتووە بگەڕێتەوە. پێشموانییە جارێکی دیکە بێتەوە بۆ لای ئەوانەی پێشتر ناچاریان کرد جیاببێتەوە.

### کاک نەوشیروان ناگەڕێتەوە لای ئەو سەرکردانەی ناچاریان کرد یەکێتی جێبێڵێت

**ڕووداو: یەکێتی هەر سەرەتاش لە سێ باڵ دروستبوو، ئێستاش دووباڵی سەرەکی هەیە، بەبڕوای تۆ کام کردار نزیکن لە ڕوودان، چارەسەر یان لێکترازان؟**

**شاڵاو عەلی عەسکەری:** یەکێتی لەنێو جەماوەرەوە هاتووە و ناشتوانێ ئەوەی هەیەتی بیشارێتەوە. ڕای جیاوازیش ئەلف و بێی دیموکراسییە. بەبێ ڕای جیاواز ناتوانین پێشبکەوین و هەر لە جێگەیەک مەنگ بین بۆگەن دەکەین، بەڵام ئەوەی ناتەندروستە ئەوەیە کە ئێمە ئامادەنین گوێ لەیەکدی بگرین. ئامادەنین قسەکان بکەین بە کردار، ئەگینا زۆرجار لە کۆڕ و کۆبوونەوەی سەرەتایش ئێمە دەیان ڕای جیاوازمان هەیە و نیشانەی بەهێزی یەکێتیشە، بێگومان ئەگەر گوێ لە یەکدی نەگرین سەر بۆ کارەسات و تەقینەوەی گەورە دەکێشێت.

**ڕووداو: ئەگەر لێرەوە دەنگت بگا بە باڵەکان دەتەوێت چییان پێ بڵێی؟**

**شاڵاو عەلی عەسکەری:** من دەمەوێ بڵێم دەبێت هەموومان پێکەوە هەوڵ بدەین یەکێتی بگەڕێتەوە دۆخی جارانی و بەهێز ببێتەوە، یەکێتییەک کە بڕیار بەدەست بێت لەڕووی دیبلۆماسی و حوکمڕانی لە بەغدا، نەک وەک ئێستا کە لیژنەکان دەچنە بەغدا و بڕیاری چارەنووسی نەوت دەدەن و یەکێتی لێی بێبەشە، شاندی سیاسی دەڕوات و دێت و هەر پارتییە، کوا ڕۆڵی یەکێتی؟

### یەکێتی بووە هۆی ئەوەی پارتی ببێتە حیزبی حاکم و تاکڕەو لە کوردستان

**ڕووداو: تۆ لەبەرهەم ساڵحەوە نزیکی، ئایا ئەگەر تووڕەی بکەن چی دەکات؟ جیادەبێتەوە؟**

**شاڵاو عەلی عەسکەری:** د.بەرهەم هاوڕێی نزیکمە، من دەزانم ئەوەی ئەو دەیەوێت واقعیەتی یەکێتییە و کۆڵیش نادات، بۆیە پێموانییە جیا ببێتەوە.

**ڕووداو: لەناو یەکێتیدا کێ بڕیار بەدەستە؟**

**شاڵاو عەلی عەسکەری:** لەناو ئێمە کەس بڕیار بەدەست نییە و کەس بە کەسە، یەکێتی ئاشی خوایە و نەزان دەیگێڕێت، بۆیە ئەگەر ئەم ئاشەوانانە نەزانن بیگێڕن، ئەوا کەس لێیان قبووڵ ناکات. پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدان قبووڵی ناکەن و دەریاندەکەن.

**ڕووداو: بەرهەم ساڵح دیداری سلێمانی لە زانکۆی ئەمریکی بەست، مەلا بەختیار کۆنفرانسێکی بەست، بۆچی هیچ باڵێک بەشداری کاری ئەوی دیکە نەبوو؟**

**شاڵاو عەلی عەسکەری:** ئەوەی د.بەرهەم پەیوەندی بە ڕای نێودەوڵەتی و چارەسەری پرسی داعش و قەیرانەکانی عێراقەوە هەبوو، بەڵام ئەوەی مەلا بەختیار کۆنفرانسێکی عەلمانیانەی دژە دین بوو، بۆیە دوو شتی جیاوازبوون، لە بنەڕەتیشدا، هیچیان پرۆژەی یەکێتی نین و کاری شەخسین، ڕەنگە بۆ ململانێ بێت، بەڵام بەو جۆرە گەورە نییە.

**ڕووداو: ڕاگەیاندن و دارایی و ئۆرگانەکان بەدەست باڵەکەی هێرۆخانەوەیە، کەواتە ڕۆڵی جێگرانی مام جەلال لە چیدایە؟**

**شاڵاو عەلی عەسکەری:** وەک پێشتر گوتم، ئەوە بەشی سەرەکی کێشەکانمانە کە دەمانەوێت چارەسەری بکەین. بۆ مەسەلەی ڕاگەیاندنیش، دوای ئەوەی کاک ئازاد جوندیانی وازی لە مەکتەبی ڕاگەیاندن هێنا، مەلا بەختیار خۆی کردە سەرپەرشتیار و ئێستا ئەو ئاشی ڕاگەیاندن هەڵدەسووڕێنێ، دیاریشە کە ئەو سەر بە چ باڵێکە و ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی بە کام ئاقاردا دەبات.

**ڕووداو: کەواتە کاک کۆسرەت و دکتۆر بەرهەم لە کوێی ئیدارەدانی یەکێتیدان؟**

**شاڵاو عەلی عەسکەری:** ڕۆڵیان وەک پێویست نەماوە، بەڵام ئێستا نێوەندگیری باش هەیە بۆ ئەوەی کارەکان وەک ئەوەی کە دەبێ ببێ، بخرێنەوە سەر سکە.

**ڕووداو: دوایین نێوەندگیری یەکێتی کێیە؟**

**شاڵاو عەلی عەسکەری:** سێ کەسی سەرەکی و هاوسەنگن لەنێو یەکێتی بەڕێزان ئەرسەلان بایز، عیماد ئەحمەد و دلێری سەید مەجید کە ڕۆڵی باشیان هەیە و خەریکە لەمانەوە ئومێدێک بۆ ئایندەی نزیکبوونەوەی سەرکردەکان دێتە گۆڕێ.

### ئەرسەلان بایز، عیماد ئەحمەد و دلێری سەید مەجید نێوەندگیری باڵەکانی یەکێتی دەکەن

**ڕووداو: ئێستا ڕایەک لەناو پارتیدا هەیە کە دەڵێ مادام بارزانی لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕە و بووەتە لینکی پەیوەندی دیبلۆماسییەتی کورد و ئەورووپا، بۆیە مانەوەی لەم قۆناغەدا پێویستە.**

**شاڵاو عەلی عەسکەری:** ئەوە ڕای پارتییە نەک ئێمە، مادامیش پارتی حیزبی یەکەم و حوکمڕانی سەرەکییە، ئەگەر بە بڕیاری تاک لایەنانە ئەو پرسانە یەکلایی بکاتەوە، ئەوە هەڵە و تاوانی هەمووانی تێدایە، چونکە یەکێتی ڕۆڵی گەورەی هەبووە لەوەی کە پارتی ببێتە حیزبی حاکم و تاکڕەو لەکوردستان.

من دەمەوێ ڕاستگۆبم لەگەڵت، هیچ لایەنێک لەم پرسەدا قسەی یەک ڕوویی نییە و ئەوی لە پەرلەمان و ڕاگەیاندن دەیڵێ، جیاوازە لەوەی لە کۆبوونەوە سیاسییەکان دەیڵێ، بۆیە دڵنیات دەکەمەوە هیچ لایەنێک بە یەکێتیشەوە کاندیدی بۆ ڕکابەریی بارزانی نییە.

# حەشدی شەعبی دەخرێتە ژێر دەسەڵاتی فەرمانده‌یەکی کورد



گوتەبێژی حەشدی شەعبی:

## 10 هەزار کورد لە ڕیزەکانی ئێمەدان

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بەرپرسانی حەشدی شەعبی و فیرقەی ئاڵتوونی لە گفتوگۆکانیان بەردەوامن لەبارەی چوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ ژێر دەسەڵاتی فیرقەی ئاڵتوونی. ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەقسەی گوتەبێژی حەشدی شەعبی، 10 هەزار سەربازی کورد لە ڕیزەکانی ئەو میلیشیایەدان.

فازڵ بەرواری، فەرماندەی فیرقەی ئاڵتوونی ڕایگەیاند "بۆچوونی چەندین فەرماندەی حەشدی شەعبی لەگەڵ ئەوەیە بخرێنە سەر هێزی ئاڵتوونی". گوتەبێژی حەشدی شەعبیش دەڵێت "ئێمە و هێزی ئاڵتوونی لە یەک خەندەقداین لە دژی چەکدارانی داعش".

دوای هاتنی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش) بۆ نێو خاکی عێراق و کۆنترۆڵکرنی چەند ناوچەیەکی عێراق، بە فەتوای عەلی سیستانی، گەورە مەرجەعی شیعەکانی عێراق کە جیهادی لە دژی داعش بە فەرزی کیفایە ناوبرد، بە هەزاران گەنج و پیاوی شیعە بەناوی حەشدی شەعبییەوە چەکیان هەڵگرت، ئێستا ژمارەی ئەو چەکدارانە گەیشتووەتە زۆرتر لە 100 هەزار کەس، بەڵام ئەو هێزە لەلایەن کورد و سوننەوە، زۆر قبوڵکراو نین.

لیوا فازڵ بەرواری فەرماندەی فیرقەی ئاڵتوونی بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ئەوەی چەند فەرماندەیەکی حەشدی شەعبی داوایان کرد بخرێنە سەر هێزی ئاڵتوونی، چەند کۆبوونەوەیەک لەسەر ئاستی باڵا لەنێوان بەرپرسانی هێزی ئاڵتوونی و فەرماندەکانی حەشدی شەعبی کران، نزیکبوونەیەک هەیە کە ئەوان بخرێنە سەر هێزی ئێمە، بەڵام هەتا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەنجامی کۆتایی". بەرواری ئاشکرای کرد کە لەو دوو ڕۆژەدا دەچێتە تکریت بۆ درێژەدان بە کۆبوونەوەکان لەسەر ئەم بابەتە.

فیرقەی ئاڵتوونی لە 2003/12/14 بەناوی هێزی تایبەت بە سەرپەرشتی هێزەکانی هاوپەیمانان دامەزاوە، پاشان چەند جارێک ناوی گۆڕاوە، ئێستاش بەناوی فیرقەی ئاڵتوونی ناسراوە، فەرماندەیەکی کورد کە خەڵکی شاری دهۆکە، سەرپەرشتی ئەو هێزە دەکات.

گوتەبێژی حەشدی شەعبی سەبارەت بە تێکەڵبوونیان لەگەڵ فیرقەی ئاڵتوونی گوتی "ئێمە و فیرقەی ئاڵتوونی و سەرجەم هێزەکانی دیکەی عێراق ئێستا لە یەک خەندەقداین دژی چەکدارانی داعش، ڕاستە بۆچوونێکی وا هەیە و چەند فەرماندەیەکی تکریت ئەو پێشنیازەیان کردووە و ئێمەش چەند کۆبوونەوەیەکمان کردووە، بەڵام مەرج نییە هەموو حەشدی شەعبی بخرێتە ژێر دەسەڵاتی هێزی ئاڵتوونی".

نوری کەریم، گوتەبێژی حەشدی شەعبی لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) باسی ژمارەی کوردی کرد لە ڕیزەکانی حەشدی شەعبیدا و گوتی "لە زۆربەی لیوا و کەتایبەکانی ئێمەدا کورد هەن، ژمارەیان بە دروستی نازانم، بەڵام لە 10 هەزار تێدەپەڕێت". ناوبراو گوتیشی "ئەو کوردانەی لە ڕیزەکانی ئێمەدان، خەڵکی شارەکانی بەغدا، عەمارە، مووسڵ، کەرکووک، هەولێر، سلێمانی و تکریتن".

سەبارەت بە دوایین ئاماری ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی. نووری کەریم گوتی "هێزی ئێمە بەرگرییەکی گەورەی دژی داعش کردووە، بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەو کەسانەی دێنە ڕیزەکانمان لە زیادبووندان، ئێستا ژمارەی حەشدی شەعبی لە عێراق گەیشتووەتە 120 هەزار سەرباز".



تێپەڕین بە پرسگەی کنێست (پەرلەمانی ئیسرائیل)دا لە شاری ئۆرشەلیم کارێکی ئاسان نییە. تەنانەت ئەگەر ژوانت لەگەڵ پەرلەمانتارێکی ئیسرائیلیشدا هەبێت، دەبێ چاوەڕوان بیت کە ڕێگەت نەدەن بچیتە ژوورەوە. سەر لە بەیانییەکی باراناوی بوو، نیو کاژێر زۆرتر لە پرسگەی کنێست ڕایانگرتم. ناچار میکی لێڤی، پەرلەمانتارە کوردەکەی ئیسرائیل کە ژوانی هەڤپەیڤینم لەگەڵی هەبوو، هات و لەگەڵ خۆی بردمیە ژوورەوە. لێڤی لە ئۆرشەلیم لەدایکبووە، بەڵام دایک و باوکی خەڵکی جزیرێی باکووری کوردستانن. پیاوێکی کەڵەگەت و چوست و چەلەنگە کە بڕوای بە بەستنی بۆینباخ نییە. پێشتر بەڕێوەبەری پۆلیسی ئۆرشەلیم بووە و لەکاتی پشێوییەکانی ساڵانی 2000 بەدواوە کە خۆی بە "ڕاپەڕین" ناویاندەهێنێت، ئەرکی پاراستنی تەناهیی ئەو شارەی لەئەستۆ بووە. شارێک نزیکەی سەت ساڵە لە مەنجەڵێک شیری کوڵاو دەچێت کە هەر زوو زوو هەڵدەچێت و درەنگ سارد دەبێتەوە.

ئەو سیاسەتمەدارە کوردە ئیسرائیلییە ماوەیەک جێگری وەزیری دارایی ئیسرائیل بووە، لە خولی ڕابردوو و ئەمجارەی کنێستیشدا بە نوێنەرایەتیی پارتی (یێش ئاتید) بووەتە پەرلەمانتار. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) لێڤی دەڵێت: "شانازی بە کوردبوونی خۆمەوە دەکەم، بەڵام باو و باپیرانی من بەر لە سەلاحەدینی ئەیوبی گەیشتوونەتە ئۆرشەلیم".

هێمن عەبدوڵڵا
ڕووداو-ئۆرشەلیم

## میکی لێڤی، پەرلەمانتاری کوردی ئیسرائیل:

# دەبێ دەست بە لۆبیکردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەین

**ڕووداو: لە ئیسرائیل جگە لە جوو و موسڵمان، دروزیش دەژین. ئەوانیش وەکو ئێوە مافی خۆیان نییە داوای دەوڵەت بکەن؟**

**میکی لێڤی:** دروزییەکان دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا هاتوونەتە لوبنان و ئەم ناوچەیە. کولتوور و جلوبەرگ و هەموو شتیان نزیکە لە ئێمەوە. زۆرتریش نزیکن لە عەرەبەوە، بەڵام خۆیان دەوڵەتیان ناوێت و مەرجیش نییە هەر نەتەوەیەک داوا بکات دەوڵەتی خۆی هەبێت.

**ڕووداو: هەمان شت بۆ کوردستانیش دەڵێیت؟ مادام مەرج نییە هەموو نەتەوەیەک دەوڵەتی هەبێ، کوردستان بۆچی هەیبێت؟**

**میکی لێڤی:** پێموایە ڕۆژێک دێت وەکو ئیسرائیل پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەین.

**ڕووداو: مەبەستت چییە لەوەی دەڵێی ڕۆژێک دێت؟ تاوەکو ئێستا بۆچی نەتانکردووە؟**

**میکی لێڤی:** سەیرکە نازانین ئێستا ئایندەی ناوچەکە چیی بەسەردێت. بەتایبەتی ڕەوشی عێراق باش نییە. بەڵام ئێمە بڕوامان وایە کورد نەتەوەیەکن پێویستیان بەوەیە دەوڵەتیان هەبێت.

**ڕووداو: ئەمە هەڵوێستی پارتەکەشتە؟**

**میکی لێڤی:** نا بێگومان ئەوە هەڵوێستی خۆمە. ڕاستیت پێبڵێم لەناو پارتەکەمدا تاوەکو ئێستا لەسەر سەربەخۆیی کوردستان هیچ گەنگەشەیەکمان نەکردووە، بۆیە ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە.

**ڕووداو: تۆ بەڕاستی کوردیت؟ خەڵکی کوێی کوردستانیت؟**

**میکی لێڤی:** دایک و باوکم لە کوردستانەوە هاتوون، خەڵکی جزیرێن. وام بیستبوو کە جزیرێ گوندێکی زۆر بچووکی کوردستانە و نزیکە لە سنووری تورکەکانەوە، بەڵام لە ئێوەم بیست کە بووەتە شارێکی گەورە و ئێستا لەنێو خاکی دەوڵەتی تورکیادایە. ئەوەم نەدەزانی و شتێکی نوێ بوو بۆ من. کاتێک ئەوان هاتنە ئیسرائیل، من لە ئۆرشەلیم لەدایکبووم. ئێستاش هاوسەرگیریم کردووە و باوکی چوار منداڵم. هەڵبەت هاوسەرەکەم کورد نییە. کوردییەکەشم بۆ قسەکردن باش نییە، بەڵام بەجوانی تێدەگەم. لەماڵەوە بەردەوام بەکوردی قسەمان کردووە. جاران دەمزانی قسەش بکەم بەکوردی، بەڵام ئێستا بیرم نەماوە. دەزانی من لە گەڕەکێکی ئۆرشەلیم گەورە بووم کە زۆر نزیک بوو لە کنێست و سەد لەسەد کوردی بوو. کەس لەو گەڕەکە بە عیبری قسەی نەدەکرد، هەمووان تەنیا بەکوردی قسەیان دەکرد. ئەمە هەستێکی تایبەتی دەدایە من. تەنانەت ئێستاش ئەگەر لە خەڵکی ئۆرشەلیم بپرسیت: کوا گەڕەکی کوردان؟ هەموویان دەتبەنە ئەو گەڕەکەی من تێیدا گەورە بووم.

**ڕووداو: چی کوردێکی ئیسرائیلیی وا لێکرد ببێتە ئەندامی کنێست؟**

**میکی لێڤی:** بەرلەوەی ببمە پەرلەمانتار، لە ڕیزی سوپادا خزمەتم کرد. ماوەیەک لە یەکەی دژەتیرۆردا بووم. لە نابلس فەرماندە بووم. دوای ئەوە لە ساڵی 2000 تاوەکو 2004 بوومە فەرماندەی گشتیی پۆلیسی ئۆرشەلیم و پلەم مەیجەر ژەنەراڵ بوو. ئەو ماوەیەی ئەو کارەم دەکرد قۆناغی "ئینتیفازەی دووەم" بوو و 52 کردەوەی خۆکوژی لە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی مندا ڕوویاندا. توانیم لەو ماوەیەدا 12 هەوڵ پووچەڵ بکەمەوە، بەڵام 40 کردەوە سەرکەوتوو بوون. لەئەنجامی ئەمەشدا زۆرتر لە 250 کەس کوژران و زۆرتر لە 1000 کەسیش بریندار بوون. جگە لەوەش 11 ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو نێردران و 4 ئۆتۆمبێلمان پووچەڵ کردەوە. هەر لەو قۆناغەدا و لەبەر ئەو هۆیەش بوو بڕیارماندا دیواری جیاکەرەوە (جدار العازل) لەنێوان ئیسرائیل و فەڵەستیندا دروست بکەین. بەمەش توانیمان کردەوە خۆکوژییەکان ڕابگرین. ئێستا توانای هەواڵگریمان ئەوەندە بەهێز بووە کە لەودیوی سنووری ئیسرائیل هەوڵەکانیان پووچەڵ دەکەینەوە و ناهێڵین بگەنە ئەمدیو و خۆیان بتەقێننەوە. ئەوکاتەی من لە پۆلیسی ئۆرشەلیم بووم، سەرپەرشتیی شارێکی شڵەقاوم پێ سپێردرابوو. دەبووایە بەردەوام ئامادەبین بۆ حاڵەتی لەناکاو.

**ڕووداو: سەرەڕای ئەوەش هێشتا کێشەی ئێوە و فەڵەستینییەکان لەسەر ئۆرشەلیم هەر بەردەوامە، هۆی ئەمە چییە؟**

**میکی لێڤی:** پێویستە فەڵەستینییەکان بیر لە ئایندە بکەنەوە. ئایا ئاشتییان دەوێت یان نا؟ بەشبەحاڵی ئێمە وەکو ئیسرائیلییەکان، ئێمە بیر لە ئایندە دەکەینەوە. هەم بۆ منداڵەکانی ئێمە و هەم بۆ منداڵانی فەڵەستینیش دەزانین کە پێویستمان بە ئاشتییە.

**ڕووداو: تۆ بڕوات بەوە هەیە کە ڕێگەی ئاشتی بە دامەزراندنی دەوڵەتی فەڵەستیندا تێدەپەڕێت؟**

**میکی لێڤی:** بەڵێ، من و پارتەکەشم بڕوامان بەوە هەیە کە دەبێ دوو دەوڵەت هەبن. دەوڵەتێکی فەڵەستینی دەبێ هەبێ، دەوڵەتی ئیسرائیلیش دەبێ پایتەختەکەی بۆ هەتا هەتایە ئۆرشەلیم بێت. ئەگەر سەیری مێژوو بکەی، 4000 ساڵ پێش ئێستا ئۆرشەلیم لە سەردەمی پەیامبەر و شا داووددا پایتەختی دەوڵەتی جوولەکە بووە.



> لەبەرئەوەی کوردم بڕوام بە دەوڵەتی فەلەستین هەیە

> ئێمە بەر لە سەلاحەدینی ئەیوبی هاتینە ئۆرشەلیم

> لە گەڕەکی کوردان لە ئۆرشەلیم کەس بە عیبری قسەی نەدەکرد

> زۆر شانازی بە کوردبوونی خۆمەوە دەکەم هێشتا لەنێو پارتەکەم باسی سەربەخۆیی کوردستانمان نەکردووە

> بۆچی مەککە و مەدینە نابنە پایتەخت بەڵام دەبێ ئۆرشەلیم ببێتە پایتەخت؟

> فەڵەستینییەکان لە دەرەوە دژی ئیسرائیلن و لەژوورەوە دەڵێن لەگەڵ ئیسرائیلین

**ڕووداو: بەڵام ئێستا نیوەی ئۆرشەلیم عەرەبی موسڵمانە، ئەمە تازە ناگۆڕدرێت. ئێوە چۆن دەتانەوێ بیگۆڕن؟**

**میکی لێڤی:** بڕوام پێبکە کە لەو موسڵمانانەی ئۆرشەلیم بپرسیت: دەتەوێ لە دەوڵەتی ئیسرائیلدا لەگەڵ جوولەکە بژیت؟ ئەگەر لە دەرەوە ئەو پرسیارەی لێبکەی دەڵێ "نا"، بەڵام ئەگەر بیهێنییە ژوورەوە و هەمان پرسیاری لێبکەی دەڵێ "بەڵێ". هۆیەکەشی ئەوەیە ئەگەر ببنە ئیسرائیلی بیمەی تەندروستی وەردەگرن، ئاسایشی کۆمەڵایەتییان بۆ دەستەبەر دەکرێت، هەروەها دەبنە خاوەنی پاسپۆرتی ئیسرائیلی و دەتوانن بەکەیفی خۆیان بۆ وڵاتانی جیهان سەفەر بکەن و بێنەوە. دەشتوانن بەکەیفی خۆیان بڕۆنە تێل ئەڤیڤ و بێنەوە. واتە ئازادیی تەواوەتی وەردەگرن. ئەوان بەچاوی خۆیان دەبینن کە لە دیوی فەڵەستین چ باسە و نەخۆشخانەکانی ڕامەڵڵا چۆنن. لەکاتێکدا باشترین نەخۆشخانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئێستا لە ئۆرشەلیمە. کەواتە ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە کە نەخۆشخانەی ئۆرشەلیم هەڵبژێرن یان ئەوانەی ڕامەڵڵا. ئەوان لە ژوورەوە بەڕوونی پێماندەڵێن: "دەمانەوێ لێرە لەگەڵ ئیسرائیلییەکان بین".

**ڕووداو: لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پارتە سیاسییەکانی فەڵەستین بە هیچ شێوەیەک مساوەمە لەسەر ئۆرشەلیم ناکەن، چۆن دەتانەوێ بگەنە ئاشتی ئەگەر ئێوەش هەمان پێداگیری بکەن؟**

**میکی لێڤی:** با شتێکت لێ بپرسم: شارەکانی مەککە و مەدینە پایتەختی عێراق یان سعودییەن؟ دەزانین وەڵامەکە نەخێرە. کەواتە چ پێویست دەکات ئەو هەموو پێداگیرییە لەسەر ئۆرشەلیم بکرێت بۆ پایتەختی فەڵەستین؟

**ڕووداو: فەڵەستینی و عەرەبەکانیش هەمان پرسیار لە ئێوە دەکەن: بۆچی هێندە پێداگیری لەسەر ئۆرشەلیم دەکەن، لەکاتێکدا تێل ئەڤیڤ بووەتە پایتەختی ئیسرائیل؟**

**میکی لێڤی:** نەخێر وانییە و ئەمە جیاوازە. با سەیری مێژوو بکەین. سەیری مێژووی 3000 ساڵ پێش ئێستای ئۆرشەلیم بکە، تەنانەت لە کتێبە ئیسلامییەکانیشدا قەت ئۆرشەلیم پایتەختی وڵاتێک نەبووە کە ناوی فەڵەستین یان ئوردن بووبێت. ئوردن دەوڵەتێکی تازەیە، فەڵەستینیش وڵاتێکی تازەیە. من باسی 3000 ساڵت بۆ دەکەم. تکایە بەڵگەنامە ئارکیۆلۆژییەکان لەبارەی ئۆرشەلیمەوە بدۆزەوە تاوەکو لە مەبەستم تێبگەی. تەنانەت لە قورئانیشدا بۆ یەک جاریش ناوی ئۆرشەلیم، وەکو ئۆرشەلیم نەهاتووە.

**ڕووداو: با بگەڕێینەوە سەر بنەچە کوردییەکەت. تۆ پێتگوتم زۆر شانازی بەوەوە دەکەیت کە کوردیت. ئەوەشمان زانی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێک بوویت لە دەستڕۆیشتووترین پیاوەکانی ناو ئۆرشەلیم. بەر لە تۆ نزیکەی چوار سەد ساڵ لەمەوپێش سەلاحەدینی ئەیوبی هاتووەتە ئۆرشەلیم. وەک چۆن شانازی بە کوردبوونەکەتەوە دەکەی ئاواش شانازی بە سەلاحەدینی کوردەوە دەکەیت؟**

**میکی لێڤی:** دەزانی ئەمە پرسیارێکی قورسە. چونکە ئێمە زۆر لەپێش سەلاحەدینی ئەیوبییەوە لێرە بووین. وەک پێمگوتی ئەگەر بەڵگەنامە ئارکیۆلۆژییەکان سەیر بکەی بۆت ڕووندەکاتەوە کە ئێمە پێشتر لێرە بووین یان سەلاحەددین. من سەد لەسەد دڵنیام دەگەیتە ئەو ئەنجامەی ئێمە لەپێش ئەوەوە لێرە بووین.

**ڕووداو: لە ساڵی 1991ەوە حکومەتی کوردستان هەیە، پێتوایە کاتی هاتبێت کوردستان سەربەخۆ بێت؟**

**میکی لێڤی:** کوردستان مافی خۆیەتی سەربەخۆ بێت و ئومێدەوارم بگاتە ئەو سەربەخۆییە. تەنیا دەتوانم ئەوەندە بڵێم.

**ڕووداو: ئەوەی کە کوردیت و ئومێدەواریت کوردستان سەربەخۆ بێت وای لێکردووی بڕوات بەوە هەبێت کە فەڵەستینییەکانیش ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان؟**

**میکی لێڤی:** بێگومان ئەمە ڕاستە. هەم لەبەرئەوەی کوردم و هەم لەبەرئەوەی دەزانم بۆ ئایندەی ئیسرائیلیش باشە، دەمەوێ ئاشتیمان لەگەڵ فەڵەستینییەکان هەبێت.

**ڕووداو: زۆرکەس لە کوردستان دەڵێن مادام ئەو هەموو کوردە لە ئیسرائیل هەن بۆچی پشتیوانی لە کوردستان ناکەن و لۆبیمان بۆ ناکەن بۆئەوەی سەربەخۆ بین؟**

**میکی لێڤی:** پێموایە دەبێ ئەوە بکەین. ناتوانم پێتبڵێم کەی و چۆن، بەڵام دەزانم دەبێ ئەمە ڕووبدات. دەبێ لەنێو ئیسرائیل دەست بە گەنگەشە بکەین بۆئەوەی بزانین چۆن ئەمە دەکەین. من خۆم بڕوای تەواوم بە سەربەخۆیی کوردستان هەیە و واشدەکەم ئەمە ببێتە مژاری گەنگەشە لەنێو پارتەکەمدا.

ڕووداو
هەڤپەیڤین
ژمارە (352) دووشەممە 2015/3/30

## داعش وێنەی 53 چەکداری کوژراوی کورد بڵاودەکاتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

ئەکاونتەکانی داعش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وێنە و ناوی بەشێک لەو چەکدارە کوردانەیان بڵاوکردەوە، کە لە ریزی چەکدارانی ڕێکخراوەکە کوژراون. بەپێی ئەو زانیارییانەی خراونەتەڕوو، ئەو چەکدارە کوردانە لە شەڕی پێشمەرگە و شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG کوژراون، هەندێکیشـیان بەهـۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان کوژراون. ئەم چەکدارانە لەناو داعش بەنـاوی خۆیان بانگ نەکراون، بەڵام زۆربەیان لەپاڵ ناوە خوازراوەکەیان، ناسناوی (کوردی)یان هەڵگرتووە. لەنێویاندا (توانا) هەیە کە سەرکردە بووە لەنێو داعش و ناسناوەکەی (خەتاب کوردستانی) بووە.

### حوسێن عەلی شەداد، چەکدارێکی بەدیلگیراوی داعش لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ (ڕووداو)

# کە حەبمان دەخوارد تانک لە پێش چاومان دەبووە چۆلەکە



حوسێن عەلی شەداد، 23 ساڵ، لە ناوچەی جزیرەی ڕۆژئاوای کوردسـتان لەلایەن یەکینەکانی پاراسـتنی گەل YPG بەدیل گیرا. (تـۆڕی میدیایی ڕووداو) لەنێو بارەگای ئاسایشـی دێرک لە ڕۆژئاوای کوردسـتان، هەڤپەیڤینێکی لەگـەڵ ئەو گیراوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) سازکرد.

حوسـێن شـەداد، ئاواتـی ئـەوە بـووە ببێتـە ئەندازیار، بـەڵام ڕۆژگار کردیـە پسـپۆڕی ئامادەکردنـی تەقەمەنی بۆ تەقینەوەکانی (داعش). شـەداد کە خەڵکی سووریایە، دەڵێ جارێکیان بەدەستی خۆی حەوت کەسی بە دەمانچە کوشتووە. هەروەها باسـی ئـەو حەبانـە دەکات کە پێش شـەڕەکانیان خواردوویانن بۆ ئەوەی بتوانن بەبێ ترس شەڕ بکەن.

## خۆم حەوت کەسم بە دەمانچە کوشتووە

## پێیاندەگوتین کورد کافرن

**ڕووداو: پێشـتر چیت دەکرد و لەنێو داعشـدا چی بووی؟**

**حوسـێن:** پێشتر سەر بە سـوپای ئازاد بووم، دواتـر چوومـە نێو دەوڵەتی ئیسـلامی. کاری من ئامادەکردنی تەقەمەنی بوو لە سووریا و عێراق .

**ڕووداو: لەکام شەڕدا بەشداربووی؟**

**حوسێن:** بەشداری شەڕەکانی جەزعام کردووە، لە عێراقیش خولێکی سەربازیم بینی لە بیابانەکانی ئەنبار.

**ڕووداو: خوێندنت تەواو کردووە؟**

**حوسێن:** بڕوانامەی بەکالۆریۆسم هەیە .

**ڕووداو: چۆن چوویە نێو داعش؟**

**حوسـێن:** خەریکـی خوێندن بـووم، دواتر بۆ سـەربازی بانگکـرام، نەمانتوانی بچمـە دەرەوەی وڵات یان لوبنان، بوومە سەربازی سوپای ئازاد بۆ مووچە . دوای هاتنی دەوڵەتی ئیسلامی، بە ناچاری پەیوەندیم بەوانەوە کرد .

**ڕووداو: ئارەزووت چی بوو بۆ دواڕۆژ؟**

**حوسێن:** ئاواتم ئەوە بوو ببمە ئەندازیار .

**ڕووداو: باشتربوو ئەندازیار بیت یاخود چەکداری داعش؟**

**حوسێن:** نەماندەزانی وای لێدێت و دەگەینە ئەم ڕۆژە .

**ڕووداو: مەبەستت چییە؟**

**حوسـێن:** هێـدی هێـدی ئێمەیـان بـە وانـە شەرعییەکان و بە حۆری فریو دا.

**ڕووداو: لە چییەوە دەستتانپێکرد؟**

**حوسێن:** لە جوزئی عەممەوە .

**ڕووداو: ئەو وانە و خولانە چی بوون کە سەرەتا وەرتاندەگرت؟**

**حوسـێن:** خولی شەرعیمان دەبینی و ڕاهێنانی چەکمان پێدەکرا، ڕۆژانە چەند کاژێرێک ڕاهێنان بوو لەسەر چەک، دواتر وانەی شەرعی .

**ڕووداو: ئەی چۆن بڕواتان بەوە هات کە شەڕ و کوشتار بکەن؟**

**حوسـێن:** ئـەوان ئێمەیـان وا تێگەیانـد کـە شەڕکردن کارێکی شەرعییە و سوننەتی پێغەمبەرە و دەیانگوت دەبێت پەیڕەوی ئەوە بکەین .

**ڕووداو: سـەبارەت بـە کورد و مەسـیحییەکان چییان تێگەیاندبوون؟**

**حوسێن:** دەیانگوت مەسیحی کافرن و کوردیش لەبەرئـەوەی دژی دەوڵەتی ئێمە وەسـتاونەتەوە، ئەوانیش کافرن.

**ڕووداو: تۆ کەی بەدیل گیرای؟**

**حوسێن:** من لە شەڕێکدا، کە منیان نارد ڕێگەکە بۆمبڕێژ بکەم بەدیل گیرام، ئەوە بووە دوو مانگ .

**ڕووداو: مەستدەکەی هەڵە بووی؟**

**حوسێن:** کە مامەڵەی ئەو گەنجانەم دیت زانیم هەڵە بووم، ناچار نەکراوم ئەوە بڵێم، بە باوەڕەوە ئەوە دەڵێم .

**ڕووداو: ئەگەر ئازاد بکرێی چی دەکەی؟**

**حوسێن:** دەگەڕێمەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆم.

**ڕووداو: واز لە داعش دەهێنی؟**

**حوسێن:** باوەڕ ناکەم داعش جارێکی دیکە ئێمە وەربگرێتـەوە، چونکە وادەزانن لەگەڵ لایەنی دیکە کاردەکەین .

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ کەسوکارت چۆنە؟**

**حوسێن:** لەوەتەی چوومەتە ناو ئەو ڕێکخراوە، ئاگام لێیان نەماوە .

## چیچانی و ئەفغانییەکان فێری بۆمب تەقاندنەوەیان دەکردین

**ڕووداو: لەکەیەوە و لەبەرچی؟**

**حوسێن:** لەوەتەی لەناو ڕێکخراوەکەم لە سووریا چوومە عێراق و لەوێ گەڕامەوە، ئاگام لەوان نەماوە . فێریان دەکردین بۆ جیهاد پرسی کەسوکار پێویست نییە، وانەی شەرعی زۆریان پێدابووین، ئەو ڕێگەیە هەڵەیە، پێیاندەگوتین وابکەین و وانەکەین.

**ڕووداو: خەڵکی وڵاتانی دیکەتان لەگەڵ بوو؟**

**حوسێن:** دەیان ڕەگەزی جیاواز لەنێو داعشدان وەک چیچانی، ئەفغانی، لیبیایی، عێراقی و تونسی و خەڵکێکی زۆر لە بیانییەکان. زۆربوون.

**ڕووداو: تـۆ تەقەمەنیـت دروسـتدەکرد، یـان دەتتەقاندەوە؟**

## داعش دیلەکانی وەرناگرێتەوە

**حوسـێن:** بـە ئامادەکـراوی بۆم دەهـات، من دەمتەقاندەوە .

**ڕووداو: چۆن بۆمب دروستدەکەن؟**

**حوسێن:** تی ئێن تی دەکڕن و دروستی دەکەن.

**ڕووداو: لە کێ فێر دەبوون؟**

**حوسێن:** لە چیچانی و ئەفغانی کە ئەوە ئیشیان بوو.

**ڕووداو: چییان پێدەگوتن بۆ کوشتنی خەڵک؟**

**حوسێن:** دەیانگوت شـەڕبکەن، ئەگەر کوژران شەهید دەبن و حۆریتان پێدەدرێت.

**ڕووداو: باوەڕت بەو قسانە هەبوو؟**

**حوسـێن:** لەسـەرەتاوە بە تەواوی باوەڕم بەوە هەبوو. ئێستا پەشیمانم .

**ڕووداو: ئەی سەبارەت بە کورد؟**

**حوسێن:** بۆچوونم خراپ بوو، دەیانگوت کافرن، بـەڵام دوای مامەڵـەی ئەوان ڕام گـۆڕاوە و دەزانم ڕێگەیەکی هەڵە بوو.

**ڕووداو: ئایندەی سووریا چی دەبێت بەڕای تۆ؟**

**حوسێن:** ئایندەی سووریا تەنیا وێرانییە .

**ڕووداو: هیـچ کات ئەبوبەکـری بەغـدادی یـان یاریدەدەرێکی بەغدادیت بینیوە؟**

**حوسێن:** زۆرجار نێردەی بەغدادی دەهاتە لامان و چاوی بـە ئەمیرەکانمان دەکەوت، وەک ئەمیری شەرعی کە بەرپرسی ئێمە بوو.

**ڕووداو: وەک کێ؟**

## داعش ئێمەی بە حۆری فریو دا

**حوسێن:** بەیعەتمان دەدایە ئەمیری خۆمان.

**ڕووداو: کێ؟**

**حوسێن:** زۆر نایەتەوە بیرم.

**ڕووداو: شێوازەکە چۆن بوو؟**

**حوسـێن:** ئێمە بەیعەتمان بـە ئەمیرەکە دەدا، ئینجا ئەو بەیعەتی بە دەوڵەت دەدا.

**ڕووداو: ئێوە چەند کەس بوون؟**

**حوسێن:** 24 کەس بووین .

**ڕووداو: تۆ پێشتر زۆر باوەڕدار بووی؟**

**حوسێن:** نەک زۆر بەدین، بەڵام نوێژم دەکرد و بەڕۆژوو دەبووم.

**ڕووداو: زۆر توند بووی؟**

**حوسێن:** زۆر نا.

**ڕووداو: بۆچی چوویە ناویانەوە؟**

**حوسێن:** ئیشم دەکرد، لەبەر گوزەرانی ژیانم.

**ڕووداو: چۆن بڕواتان بەوە هات؟**

**حوسـێن:** دەرسـی شـەرعیمان وەرگرتبوو کە پێغەمبـەر وای کـردووەو شـەڕی کـردووە، دەبێ ئێمەش وابکەین.

**ڕووداو: وایە پێغەمبەر ئەوەی کردووە، کە ئەوان دەیکەن؟**

**حوسێن:** چی بڵێم، وایاندەگوت.

**ڕووداو: بۆچی حەبتان دەخوارد لەکاتی شەڕدا؟**

**حوسێن:** کە دەچووینە شەڕ حەبی بێهۆشکەرمان دەخـوارد، واتدەزانـی تانکـەکان چۆلەکـەن، وات لێدەهات حەز بکەی بە شمشێر لە تانک بدەی .

**ڕووداو: ئەو حەبانە چی بوون؟**

**حوسـێن:** وەک زۆلان کاپتیکـۆل، کاتێـک دەمانخـوارد، تانک لەبەرچاومان دەبووە چۆلەکە و دەمانویست بە شمشێر پەلاماری بدەین .

**ڕووداو: بـەر لە جەنگ ئەو حەبانەیان پێدەدان یان لەکاتی جەنگ؟**

**حوسێن:** کاتی شـەڕ دەمانخواردن نەک هەموو ڕۆژێک، بۆ ئەوەی کاریگەری بمێنێ.

**ڕووداو: چ کاتێک زیاتر؟**

**حوسـێن:** کاتێک خۆمان ئامادە دەکرد بۆ شەڕ و مەشـقمان دەکـرد، حەبەکانمـان لەگەڵ خۆمان دەبرد؟

**ڕووداو: چـۆن زانیاریتـان پێدەگەیشـت، چۆن ئاگاتان لە هەواڵەکان دەبوو؟**

**حوسـێن:** بە بێتەل زانیاریمان لە ئەمیرەکانەوە پێدەگەیشت. ڕۆژنامەمان نەدەبینی .

**ڕووداو: ئەی ڕۆژنامەڤان؟**

**حوسـێن:** ئێمە هـەر ڕۆژنامەڤانێکمـان بگرتبا یەکسـەر دەمانکوشـت، چونکـە ئـەوان وێنـەی ڕاسـتەقینەی جەنگەکانیـان نەدەگواسـتەوە و بابەتەکانیان ئـاوەژوو دەکرد و وێنەی ئێمەیان بە جوانی پیشاندەدا.

**ڕووداو: چ شتێک قەدەغە بوو؟**

**حوسێن:** جگەرەکێشـان قەدەغە بوو، هەروەها ریش تاشین، چونکە لەگەڵ سوننەتدا یەکناگرێتەوە .

**ڕووداو: خەڵکتان دەکوشت؟**

**حوسێن:** بەڵێ.

**ڕووداو: چۆن، کێ دەیکوشتن؟**

**حوسێن:** دەگوترا کافرن. ئەگەر زۆر بووایەن هەر یەکێک کەسێکی دەکوشت.

**ڕووداو: زەحمەت نەبوو؟**

**حوسێن:** ئاسایی بوو.

**ڕووداو: هیچ کۆمەڵکوژیتان کرد؟**

**حوسـێن:** مـن حـەوت کەسـم بـە دەمانچـە کوشتووە، بەڵام چەند گەنجێکم لەگەڵدابوون ئەوان بە شمشێر خەڵکیان دەکوشت، هەر کەسەو ڕێگەی خۆی هەبوو.

**ڕووداو: بەر لە کوشتن چیتان دەکرد؟**

**حوسێن:** بەر لە کوشتنیش حەبی بێهۆشکەرمان دەخوارد بۆ ئەوەی هەست بە بەزەیی نەکەین .

**ڕووداو: حەبتان لە کوێوە بۆ دەهات؟**

**حوسـێن:** جاری واهەبـوو ئـەوان دەیاندایێ، جاری واش هەبوو خۆمان پەیدامان دەکرد.

**ڕووداو: ئەوانەی خۆشتان دەکوشتن؟**

**حوسـێن:** جارێکیـان لە شـەڕ لەگـەڵ بەرەی نوسـرە، لەشـەڕی بەرامبەر یەکتـردا دوو لیبیایی شـەڕی یەکیـان نەکـرد و هەسـتیانکرد هەڵەن، ویسـتیان بگەڕێنـەوە وڵاتەکانیـان، ئێمـەش هەردووکمان کوشتن .

**ڕووداو: بۆچی؟**

**حوسـێن:** ئێمە دەمانویست سنووری دەوڵەتی ئیسـلامی هەموو جیهان بگرێتەوەو دواتر حوکمی خودا بەسەر هەموو ئەوانەدا بسەپێنین کە دژی ئەم فراوانبوونەی دەوڵەت بوون.

**ڕووداو: کوشتنیان ڕەوا بوو؟**

**حوسـێن:** نەخێر، بـەڵام ئـەوان دژی فەرمانی دەوڵەتی ئیسلامی وەسـتانەوە، ئێمەش دەوڵەتی ئیسلامیمان دەویست.

**ڕووداو: بڕیـار بوو دەوڵەتەکە بگاتە سـنووری ئیسرائیلیش؟**

**حوسـێن:** نەخێر بڕیار وابوو سـەرەتا دەوڵەت دابنێین دواتر فراوان بێت و بگاتە هەموو شوێنێک.

**ڕووداو: شەڕی هەمووان، شەڕی هەموو دنیا؟**

**حوسـێن:** شـەڕی هەر کەسـێک کـە پێش لە دەوڵەتی ئیسلام بگرێت.

**ڕووداو: تۆ لەناو سوپای ئازاد بووی دواتر چوویە ناو داعش، بۆچی؟**

**حوسـێن:** سوپای سـووریای ئازاد دژی ڕژێمی سووریا بوو، بەڵام دواتر بارودۆخ گۆڕاو چووینە ناو دەوڵەتی ئیسلامی.

### کۆنگرێسمانێکی ئەمریکی:

# ڕاستەوخۆ چەک بدەنە پێشمەرگە و کورد بکەنە هاوبەشی خۆتان

**یەریڤان سەعید**
**ڕووداو- واشنتن**

پرۆژە یاسـایەکی نوێی کۆنگرێسـی ئەمریکا داوا لە کۆشکی سپی دەکات ڕاستەوخۆ هاوکاری سەربازی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین بکات لە شەڕی دژی داعش.

ئـەو پـرۆژە یاسـایە لەلایـەن ئێـد ڕۆیەس، بەرپرسـی کۆمیتـەی پەیوەندییەکانـی دەرەوە و یەکێـک لـە نوێنەرانـی کۆماری لـە ویلایەتی کالیفۆرنیا و ئیلیەت ئەینجڵی نیویۆرک، پێشنیاز کراوە. پرۆژە یاساکە داوا لە کۆشکی سپی دەکات کورد لە هەرێمی کوردسـتان وەک "هاوبەشێکی متمانەپێکراوی ئەمریکا" هەژمار بکات.

تاوەکو ئێستا واشنتن ڕەتیدەکاتەوە ڕاستەوخۆ چەک بۆ پێشمەرگە بنێرێت، ئەوەش بەرپرسانی کوردی نیگەران کردووە.

بەپێی دەقێکی ئەو پرۆژە یاسـایە "ئامانجی یاساکە دەسـەڵاتدانە بە دابینکردنی پێداویستی بەرگری و مەشقی سەربازی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان."

یەکێـک لـە خاڵـە سەرنجڕاکێشـەکانی ئەو پرۆژە یاسـایە کە هاوشێوەی یاسایەکی دیکەی پێشنیازکراو بوو بەناوی (H.R.5747) ی ساڵی ڕابردوو، بەڵام شکستی هێنا، دانپێدانانە بە کورد لە هەرێمی کوردستان وەک "هاوبەش"ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ئەمـە داوای بەرپرسـانی کوردیـش بـووە لـە ڕابـردوودا، بەهیـوای گۆڕینـی پەیوەندییە سیاسـیەکانیان لەگەڵ واشنتن بۆ پەیوەندیەکی دامەزراوەیی. ئەمـەش بۆ کەمکردنەوەی گومانە لـەوەی کـە کـورد بـە "خیانەتی ئەمریـکا" لە بزووتنەوە نیشـتمانییەکانیان لە ڕابردوودا ناوی دەبەن.



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن )

"هاوپەیمانە گرنگەکەمان لە شەڕی دژی داعش پێویستی زۆری بە چەک و ئۆتۆمبێلی سەربازییە" ئەمە لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە "پێداویستیەکانی هێزی پێشـمەرگەی کوردمان دابیـن نەکردووە، سەرەڕای ئەوەی سەلماندوویانە کە کاریگەرترین هێزن تاوەکو ئێستا ڕووبەڕووی داعش بووبنەوە". ئەمە قسەی ڕۆیەس بوو کە لە ماڵپەڕی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریـکا بڵاوکرابـووەوە. ڕۆیـەس گوتبووشـی "گرنگـە ئیـدارەی ئەمریکا چەکی پێویسـت بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دابین بکات".

هێـزی پێشـمەرگە وەک کاریگەرترین هێزی زەمینـی لـە بەرامبەر داعش ناسـراون. چەک و تەقەمەنی و پێداویسـتیی بەرگرییان بەدەسـت گەیشتووە بۆ شەڕکردن لەگەڵ داعش، بەڵام ئەو گرووپە بە ژمارەیەکـی زۆر چەکی ئەمریکییەوە شەڕدەکات کە هاوینی ڕابردوو لە سوپای عێراقی گرت.

"هێزەکانـی پێشـمەرگە هێـزی زەمینین بۆ شـەڕکردن لـە دژی داعـش. ئـازاو بەجـەرگ و بەتوانـان، بـەڵام پێویسـتیان بـە چـەک و پێداویستییە بۆ تەواوکردنی کارەکەیان،" ڕۆیەس گوتی "دەبێت ئەوەی لە تواناندا هەیە بیکەین بۆ دابینکردنی چەک و پێداویستی بۆ جەنگاوەرانی کورد."

ئیدارەی ئۆباما ڕەتیدەکاتەوە بەبێ ڕەزامەندی بەغـدا چەک بۆ هێزەکانی پێشـمەرگە بنێرێت و دەڵێ لەڕووی یاساییەوە ڕێگەیان پێنەدراوە ئەو کارە بکەن. سـاڵی ڕابـردوو وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا جۆن کیری داوای لە کۆنگرێسی وڵاتەکەی کـرد لایەنی یاسـایی ئەو کارە تـەواو بکات کە ڕاستەوخۆ چەک بدرێتە پێشمەرگە. کیری گوتی "دەبێت ئەو چەکانە بنێرین بۆ حکومەتی بەغدا، چونکە ئەوە یاسـای ئەمریکایە. ئەگەر دەتەوێت ئەوە بگۆڕی ئەوا یاساکە چاک بکە."

بابەتـی کـورد بـە سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردستانیشەوە بووەتە جێی سەرنجی زۆر لایەن، بەتایبەتی لە پاش ئەوەی هێزی پێشمەرگە وەک بەرگریـکار ڕووبـەڕووی پێشـڕەوییەکانی داعش وەسـتایەوە لـە هاوینـی ڕابردوودا. کـورد وەک تیمێک لەگەڵ هێـزی هاوپەیمانان کاردەکەن کە بەردەوامن لە بۆردومانکردنی مۆڵگەکانی داعش.

سـەرەتای ئەم مانگە، ڕاند پۆڵ، سـیناتۆری ئەمریکی و کاندید بۆ هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی 2016ی ئەمریـکا، داوای دابینکردنـی هاوکاری سەربازیی ڕاستەوخۆی بۆ کورد کرد و گوتی کە دەبێت "کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆیان بن".

پۆڵ هەروەها گوتی "لەبەرئەوەی ئەو چەکانە لەڕێگەی بەغداوە دەگاتە دەست کورد، لە ڕێگادا هەندێکی دەبرێت و بەپێی پێویست ناگاتە دەست کورد". پۆڵ گوتیشی "بەبڕوای من هەر چەکێک کـە لەلایەن ئێمەوە یان وڵاتانی ئەوروپاوە دابین دەکرێت، دەبێت ڕاستەوخۆ بنێردرێت بۆ کورد".

ئـەو پێشـنیازی گۆڕانـکاری لە سیاسـەتی ئەمریکا کرد کە دژی سـەربەخۆیی کوردسـتانە "سنوورێکی تازە بۆ کوردستان دەکێشم و بەڵێنی وڵاتیان پێدەدەم."

ئەگـەر ئەو پرۆژە یاسا نوێیـە لە کۆنگرێس تێپەڕی، ئەوا ڕێگە بە ئەمریکا دەدات ڕاستەوخۆ چـەک و پێداویسـتی دیکـەی سـەربازی بداتە پێشمەرگە.

ئـەو هاوکارییـە سـەربازیانە لەژێـر ڕکێفـی وەزارەتـی پێشـمەرگە و حکومەتـی هەرێمـی کوردستان دەمێنێتەوە، نەک پارتە سیاسیەکان. لـە پرۆژە یاسـاکەدا هاتووە کـە ئەمریکا "هیچ پێداویستییەکی بەرگری و مەشق بە هیچ کەسێک ناکات ئەفسەر و فەرمانبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبێت."

# داعشە کوردەکە لەبەر هێشتنەوەی قژی وازی لە خوێندن هێنا

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

لە یەکێک لە گەڕەکەکانی سلێمانی و لە ماڵێکدا، ژنێک هەست بە شەرمەزاری دەکات و نازانێ چۆن بێبەریبوونی خۆی لەو تاوانەی کوڕەکەی کردوویەتی دەربڕێ. ئەو دەزانێ چەند سەختە بەچاوی خۆت ببینی کوڕەکەت بە دەمانچەکەی دەستی فیشەکێک دەنێ بەسەری پێشمەرگەیەکی دەستگیرکراوەوە کە خەڵکی کوردستان هەموو نزای سەرکەوتنی بۆ دەکەن.

(ش.م)، نەیدەویست قسە بکات، تەنانەت پێداگریی دەکرد لەسەر ئەوەی چیدی ناوی کوڕەکەی لەلای ئەو نەهێنین "حاشا ئەوە چیدی کوڕی من نییە، حاشا ئەوە کوڕی من نییە".

## وایاندەزانی لە سعودیەیە

(ش.م) هەرچەندە تەبەڕابوونی خۆی لە کوڕەکەی ڕادەگەیێنێ و دەڵێ چیدی ئەو دایکی شاڵاو نییە، بەڵام باسی کوڕەکەی دەکات و دەڵێ "قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد، هاوڕێکانی دەهاتن بۆ ماڵەوە و قسەیان لەگەڵ کەس نەدەکرد". هەروەها دەڵێت "شاڵاو ڕۆژێک لە ڕۆژان باسی ئیسلامی نەکردووە، من چۆن بڕوا بەوە بکەم کە چووەتە ناو داعش".

لەمانگی 9 ساڵی ڕابردوو، شاڵاو بەختیار لە ماڵ دەردەچێت و ئیدی ناگەڕێتەوە. بە قسەی دایکی، چیرۆکی دیارنەمانی ئەو لای ئەوانیش بە نارِوونی ماوەتەوە و نەیانزانیوە بەرەو کوێ ڕۆیشتووە "وامزانی بۆ سعودیە ڕۆیشتووە، تاوەکو لەوێ بخوێنێ، چونکە لێرە وازی لە خوێندن هێنابوو"، بەڵام بە دەرکەوتنی لەو گرتە ڤیدیۆییەی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی


شاڵاو بەختیار (ئەبو ئیسحاق)

(داعش) لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویان کردەوە، هیچ گومانێک نەما کە شاڵاو لەو ماوەیەی دیار نەبووە لە سعودیە نەبووە.

## "قوتابییەکی تەمبەڵ بوو"

کەسوکاری شاڵاو بەختیار، هەموو خەمبار دەردەکەون. تەنانەت تووشی سەرسوڕمان دەبیت کە هەر لەنێو ئەو خێزانەدا دوو کوڕی دیکەیان بەناوی محەممەد و شوان، ڕێگەیەکی دیکەیان هەڵبژاردووە و بوونەتە پێشمەرگەی خۆبەخش لە ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگەدا و لە سەنگەردان بۆ براکەیان.

شاڵاو بەختیار، خوێندکاری پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان بووە لە سلێمانی، لە پۆلی چوارەمی پەیمانگەکەدا وەک یەکێک لە مامۆستاکانی بۆ (ڕووداو)ی باسدەکات، لەبەر سوننەتێک وازی لە خوێندن هێناوە.

کەمال ئەبوبەکر، مامۆستای پەیمانگای شافیعی لە سلێمانی بۆ خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان کە سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینییە، لەبارەی شاڵاو دەڵێ کەسێکی بێدەنگ و لەسەرخۆ بوو "من هەڵەیەکی وام لەو کوڕە نەبینیوە، بەڵام تەمبەڵ بوو لە وانەکاندا".

## "لەبەر قژەکەی وازی لە خوێندن هێنا"

ئەو مامۆستایە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە شاڵاو قژێکی درێژی هێشتبووەوە، ئێمەش بڕیارماندا خوێندکارەکان قژیان کورت بکەنەوە "بەڵام ئەو ئامادە نەبوو قژی کورت بکاتەوە و دەیگوت سوننەتە، ئێمەش گوتمان ئەوانەی جێبەجێی ناکەن دەبێ لێرە نەمێنن، ئەویش وازی هێنا و گوتی قژم کورت ناکەمەوە".

ئەو مامۆستایە، باس لە هۆیەکانی فکری توندڕۆیی دەکات و دەڵێ کۆمەڵگە خێڵەکییەکان هێلانەیەکی باشن بۆ گەشەکردنی توندڕۆیی و نموونە بە ئەفغانستان و پاکستان و یەمەن و سعودیە دێنێتەوە کە کۆمەڵگەی خێڵەکین "ئیسلامی سیاسیش لەنێو خێڵەکاندا هێلانەی هەیە".

بەبڕوای ئەو وەرگێڕانی دەقە ئاینییەکانیش لەلایەن کەسانی توندڕەووەوە کاریگەریی هەیە "دەبێ حکومەت و یەکێتی زانایانی ئاینی ڕۆڵی کارایان هەبێت و فەتوا بدەن و دەرفەت بۆ کەسانی توندڕۆ نەمێنێتەوە فەتوا بدەن و خەڵک هانبدەن بۆ توندڕۆیی".

## "85 %یان لە کۆلێژ و پەیمانگە ئیسلامییەکان بوون"

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە کوردستان 6 پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانی هەیە. بەرپرسی پێشووی ڕاگەیاندنی ئەو وەزارەتە دەڵێت "بەپێی زانیارییەکانی من 500 گەنجی کورد چوونەتە نێو داعش کە 85%یان لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانیان، لە حوجرە و پەیمانگا و کۆلێژە ئیسلامییەکان خوێندوویانە، جا چ ئەوانەی سەر بە وەزارەتن یان سەر بە حیزبەکانن".

مەریوان نەقشبەندی، ئاشکرای کرد 7500 خوێندکار لەو ناوەندە ئاینیانە دەخوێنن کە دوو هەزاریان ئافرەتن. گوتیشی "ئێستا لە کوردستان مەلاکان یەکلابوونەتەوە لەسەرئەوەی بەرگری لە داعش ناکەن، بۆیە وای دەبینم زیاتر لە ڕێگەی بانگخوازەکانەوە خەڵک هاندەدرێ، هەر بۆیەش داعش ماوەیەکە زۆر هێرش دەکاتە سەر مەلاکانی کوردستان".

ژمارەی ئەو گەنجانەی چوونەتە نێو چەکدارانی داعش و خوێندکاری زانستە ئیسلامییەکان بوون لە کوردستان، ڕوون نییە. کەمال ئەبوبەکر دەڵێ ناتوانرێ ژمارەی خوێندکارانی زانستە ئیسلامییەکان لە نێو داعش، یان کوردی نێو داعش بە دروستی بزانرێ "ئەوە ئەرکی دەزگا ئەمنییەکانە بەدوایدا بچن و ئاشکرای بکەن"، گوتیشی "ئەو گرووپ و حیزبە ئیسلامییانەی لە نێو پرۆسەی سیاسیدان لە کوردستان، ڕەتیدەکەنەوە، بەڵام دڵنیام وەک تاک و کەسایەتی تێیاندایە خەڵک هان دەدات بچنە نێو داعش".

یەکێک لە خوشکەکانی شاڵاو خوێندکاری پەیمانگایە، جلوبەرگێکی سفور لەبەردەکات و هێندەی دایکی پەرێشانی ئەو دۆخەیە کە بەرۆکی ئەوانی گرتووە "من چۆن بڕۆمەوە بۆ پەیمانگا، خەڵک چیم پێدەڵێن؟".

ئەو دەڵێ ڕۆژێک لە ڕۆژان براکەی لەسەر پۆشینی ئەو شێوازە جلوبەرگە سەرزەنشتی نەکردووە.

دایکی شاڵاویش دەڵێ "شاڵاو لە ماڵەوە هەر خەریکی ئینتەرنێت بوو. تەنانەت ئەو شەوەی ڕۆیشت، کۆمپیوتەرەکەی بە کراوەیی جێهێشتبوو، وامزانی دێتەوە و خۆی دەیکوژێنێتەوە".

## کەسوکاری پێشمەرگەکەی زێرەڤانی:

# چەند جارێک لەگەڵ داعش قسەمان کرد بۆ ئازادکردنی

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

کەسوکاری ئەو پێشمەرگەیەی زێرەڤانی کە بەدەستی چەکدارێکی کوردی نێو داعش کوژرا، دەڵێن پێشتر چەند جارێک لەگەڵ چەکدارانی داعش قسەیان کردووە بۆ ئازادکردنی کوڕەکەیان، بەڵام ئەوان بەڵێنیان دەدا و پەشیمان دەبوونەوە. برای ئەو پێشمەرگەیەش دەڵێت "ئەگەر کەسوکاری بکوژەکە حاشاش لە کوڕەکەیان بکەن، ئەوا دەبێت حکومەت لێیان بپرسێتەوە".

ڕۆژی پێش جەژنی نەورۆز چەکدارانی کوردی نێو داعش گرتەیەکی ڤیدیۆییان لەژێر ناوی "نامەیەک بۆ گەلەکەمان لە کوردستان" بڵاوکردەوە. دوای ئەوەی چوار لەو چەکدارانە بۆ ماوەی 17 خولەک قسە دەکەن، ئینجا یەکێکیان پێشمەرگەیەک کە لەلای ئەوان دیل بووە، گوللەباران دەکات.

ئەو پێشمەرگە شەهیدە کە ناوی ئەحمەد میرزا ئیبراهیم بوو، بە پلەی نەقیب لە سوپای دووی زێرەڤانی بوو. شەهید ئەحمەد تاکە دیلی دەستی داعشە بەر لە شەهیدکردنی بە جلێکی زەردەوە دەربکەوێت، سەرجەم ئەو دیلانەی کە تاوەکو ئێستا داعش کوشتوونی یان سووتاندوونی، جلی پرتەقاڵییان لەبەردا بووە.

ئەو پێشمەرگەیە بەر لە شەهیدکردنی، لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ناچار دەکرێت قسە بە بەرپرسانی کورد بڵێت و دەڵێت سێ مانگە لێرەم کەس لێی نەپرسیوم، هەروەها دەڵێت 20 ڕۆژە چەکدارانی داعش نامەیەکیان ناردووە کەس وەڵام ناداتەوە.

## پێشتر هەوڵی ئازادکردنی دراوە

بەڵام کەسوکاری ئەحمەد ڕەتیدەکەنەوە کە هەوڵی ئازادکردنی ڕۆڵەکەیان نەدرابێت. موقەدەم ئاماد ڕەشید، جگە لەوەی خاڵی شەهید ئەحمەدە، بە یەکەوەش پێشمەرگە بوونە، ئاماد دەڵێت "هەر یەکەم ڕۆژ کە ئەحمەد کەوتە دەستی داعش، بە ڕێگای جیا جیا هەوڵی ئازادکردنیمان داوە، تەنانەت قسەمان لەگەڵ چەند کەسێکی ناو داعش کرد، چەند جارێکیش گەیشتینە ڕێککەوتن، بەڵام ئەوان پاشگەز دەبوونەوە، بۆیە ئەو قسانەی ئەحمەد لە ڤیدیۆکەدا دەیانکات لە ژێر گوشاری چەکدارانی داعش بووە".



( شەهید ئەحمەد میرزا ئیبراهیم )

## "بەفێڵ دەستگیرکرا"

موقەدەم ئاماد زۆر پەسنی خوشکەزای دەدات و دەڵێت کەسێکی زۆر ئازا بوو "شەهید ئەحمەد پێشتر لە هێزی فریاکەوتنی تایبەت بوو، لە هەر شوێنێک مەترسی هەبووایە ئەو لەوێ بوو، بەڵام عەرەبەکانی مووسڵ بە فێڵ دەستگیریان کرد و تەسلیمی چەکدارانی داعشیان کرد، ئەگینا دڵنیام تا دوا دڵۆپی خوێن خۆی نەدەدا بەدەستەوە".

لە سەرەتای بەرپابوونی شەڕی داعشدا، ئێوارەی ڕۆژی 2014/7/24 ئەحمەد لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکە بۆ هێنانی ئاوی خواردنەوە دەچنە نزیک کارگەی دەرمان لە نزیک شاری مووسڵ کە ئەوکات کارگەکە لەژێر دەستی هێزی پێشمەرگەدا بوو. چەند عەرەبێک ئەو سێ کەسە دەبەنە نێو کارگەکە، پاشان داعش هێرش دەکاتە سەر کارگەکە و هەرسێ پێشمەرگەکە دەستگیر دەکەن.

موقەدەم ئاماد دەڵێت زانیارییان هەیە کە گرتە ڤیدیۆکە لە مانگی 10ی 2014 واتە کەمتر لە سێ مانگ دوای دەستگیرکردنی ئەحمەد، لە غاباتی مووسڵ تۆمار کراوە.

زۆربەی ئەو گرتانەی داعش بەمدواییە بڵاوی کردوونەتەوە، بریتین لە سەربڕین و سووتاندن، بەڵام ئەحمەد بە گوللە شەهید دەکرێ. موقەدەم ئاماد دەڵێت "ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەحمەد دەمێکە شەهید کراوە، چونکە پێشتر داعش دیلەکانی بە گوللە دەکوشتن". بەڵام دەڵێت "ئەو ڕەفتارەی داعش هیچ کاریگەری لەسەر ساردکردنەوەی ئێمە نەبووە و تاوەکو دوا دڵۆپی خوێنمان بەرگری لە کوردستان دەکەین".

ئەحمەد زوبێر، جێگری فەرماندەی هێزی یەکی سوپای دووی زێرەڤانی بوو. چوار منداڵی هەیە (کوڕێک و سێ کچ)، هەورەها سێ برای هەن کە دووانیان پێشمەرگەن، برایەکەی دیکەشی وەکو خۆبەخشێک چووە بەرەکانی شەڕەوە.

ئەحمەد بەرلەوەی دەستگیربکرێت، بەنیازی دروستکردنی خانوو بوو، تەنانەت بناغەی خانووەکەشی دروست کردبوو. خاڵی ئەحمەد دەڵێت "نابێ ئازایەتی و شەهیدکرنی ئەحمەد، تێکەڵی خراپیی ڕەوشی ژیانی بکەین، چونکە دەبێ لایەنە پەیوەندیدارەکان خۆیان یارمەتی کەسوکاری سەرجەم شەهیدانی کوردستان بدەن".

## کەسوکاری داعشەکە پەیوەندییان پێوە نەکردوون

ئەحمەد لەلایەن گەنجێکی کوردی دانیشتووی سلێمانی کە لەریزەکانی داعشدایە گوللەباران دەکرێ. ئەو گەنجە ناوی شاڵاو بەختیارە و قوتابی قۆناغی دووەمی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان بووە.

ئاماد ڕەشید دەڵێت" داعش بەهەموو توانایەک هەوڵدەدات دژایەتی کورد بکات، تەنانەت ئەم ڕێگایەشی تاقیکردەوە کە پێشمەرگەیەک بەدەستی چەکداری کوردی خۆی شەهید بکات، بەڵام ئەوە هیچ کار لە ئیرادەی ئێمە ناکات".

لەو ڕۆژەوە ئەحمەد دەستگیرکراوە، برا گەورەکەی کە ناوی ئیبراهیمە، ریشی خۆی نەتاشیوە. ئیبراهیم دەستێک بە ریشە سپییەکەیدا دێنێت و دەڵێت "ئێمە هیچ دڵگران نین بە ڕژانی خوێنی براکەمان، چونکە لەسەر بەرگریکردن لە خاکی کوردستان خوێنی ڕژاوە".

پێشتر دایکی شاڵاو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو "لە مانگی 9 ی ساڵی ڕابردووەوە کوڕەکەم دیار نەما، هیچ قسەیەکی نەکرد کاتێک لەماڵ چووە دەرەوە، تاوەکو ئەو گرتە ڤیدۆیە بڵاونەبووەوە، نەمانزانی چووەتە نێو چەکدارانی داعش، بۆیە لە ئێستاوە کوڕی من نییە و حاشای لێدەکەم".

بەڵام ئیبراهیم دەڵێت "کوڕی ئەوان لە مێژە چووەتە نێو داعش، دەبێ حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بزانن، ئەگەر هەر لەسەرەتای چوونی بۆ لای ئەوان، حاشایان لە کوڕەکەیان کردبا، ئێمە هیچ گلەییەکمان لەوان نەدەبوو، بەڵام کاتێک گرتەی ڤیدیۆیی بڵاودەبێتەوە، ئینجا حاشایان لێکردبێ، ئەوا دەبێت حکومەت بەپێی یاسا لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات".

ئیبراهیم ڕەتیکردەوە کە ئەوان نیازی تۆڵەکردنەوەیان هەبێ لە کەسوکاری شاڵاو "دڵنیاین کوڕەکەیان بە سزای خۆی دەگات"، بەڵام گلەییشی لە کەسوکاری شاڵاو هەیە و دەڵێت "دوای ئەو ڕووداوە نە پەیوەندییان پێوەکردووین و نە هاتوونەتە پرسەی براکەمان".

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (352) دووشەممە 2015/3/30

## "لە کۆتایی مانگی چوار دواکەوتنی مووچە نامێنێ"

**ڕووداو – هەولێر**

دڵشاد شەعبان، جێگری سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سرووشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیێنێ، کە تاوەکو کۆتایی مانگی نیسان، هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 600 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕێگای بەغداوە هەناردە دەکات، ئەوکات بەغدا لە سەریەتی لەکۆتایی ئەو مانگەدا 1 ملیار دۆلار ڕەوانەی هەرێمی کوردستان بکات و قەیرانی دواکەوتنی مووچەش نامێنێ". دوای ڕێککەوتنی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای بەغداوە، لە ئەمساڵدا بەغدا دووجار پارەی نەوتی فرۆشراوی ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کردووە.



## حکومەت داوای قەرزەکانی دەکاتەوە

# پرۆژەی پەرەپێدانی کێڵگەکانی پەلەوەر شکستی هێنا



### خاوەنی پرۆژەیەک: ئامادە نیم یەک دیناریان بدەمەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی ئەوەی نەیانتوانیوە پرۆژەکانیان جێبەجێ بکەن، حکومەت داوای گەڕاندنەوەی نزیکەی 10 ملیار دینار دەکاتەوە کە بە قەرز داویەتی بە خاوەنی کێڵگەکانی پەلەوەر. بەڕێوەبەری گشتی بانکە پسپۆڕییەکان دەڵێت "ئەگەر لەماوەی دیاریکراودا قەرزەکە نەگەڕیننەوە دەیاندەینە دادگا".

بەئامانجی پەرەپێدانی پیشەسازیی پەلەوەرلە هەرێمی کوردستان، حکومەت لەساڵی 2009دا، بڕی 12 ملیۆن دۆلاری بۆ جێبەجێکردنی سیستەمی بازنەی تەواوکەر بۆ پیشەسازیی پەلەوەر دابینکرد. بۆ ئەم مەبەستەش 14 گرووپ لە کوردستان دروستکران، بەڵام بەهۆی ئەو مەرجانەی بۆ دامەزراندنی گرووپ لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە دانرابوو ، تەنیا 11 گرووپ توانییان پارە وەربگرن کە بڕەکەی 9 ملیۆن و 700 هەزار دۆلار بوو.

وەزارەتی دارایی ڕەزامەندی نیشاندا بۆ خەرجکردنی پارەکە، بەڵام بەپێی چەند ڕێنماییەک پابەندی کردن بە گەڕاندنەوەی پارەکە.

بەپێی ڕێنماییەکان هەر گرووپێک ئەگەر ساڵی یەکەم 50%ی پرۆژەکەی جێبەجێ نەکات، 4%ی سوود دێتە سەر قەرزەکەی، ئەگەر ساڵی دووەم 100% پرۆژەکەی جێبەجێ نەکرد ڕێژەی سوودەکە دەبێتە 6%، ئەگەر ساڵی سێیەمیش پرۆژەکەی تەواونەکرد، قەرزەکەی لێوەردەگیرێتەوە بە سوودی 12%، بەڵام ئەگەر لەکاتی خۆیدا پرۆژەکەی جێبەجێ کرد، سوودی لێوەرناگیرێت.

#### پارەکەیان لە شتی دیکە خەرج کردووە

دکتۆر عەباس عەلی عەبدی، بەڕێوەبەری گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێترنەری بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی ڕێنماییەکان دەبووایە گرووپەکان گرێبەست لەگەڵ ژمارەیەک کێڵگەی پەلەوەر بکەن و جوجەڵە، ئالیک، ڤاکسین، دەرمان و سەرپەرشتیاری ڤێتێرنەرییان بۆ دابین بکەن، دواتر مریشکەکانیان لێ بکڕنەوەو بیخەنە بازاڕەوە، بەڵام بەداخەوە گرووپەکان نەیانتوانی پرۆژەکە جێبەجێ بکەن و پارەکەیان لە شتی دیکە خەرج کردووە".

ژمارەیەکی زۆر لە کێڵگە پەلەوەرییەکان گلەییان لەلای دکتۆر عەباس کردووە، بۆیە ناوبراو لە 2011/2/10 لیژنەیەکی بەدواداچوون دروست دەکات و بۆی دەردەکەوێت کە هیچ کام لە گرووپەکان مەرجەکانی وەزارەتی کشتوکاڵیان جێبەجێ نەکردووە.

وەزارەتی کشتوکاڵ ئەنجامی بەدواداچوونەکەی بۆ ئەنجومەنی باڵای ئابووریی کوردستان بەرزکردەوە، ئەنجومەنەکەش بڕیاری وەستاندنی کارکردن بە سیستەمەکەی دەرکردووە، دواتریش ئەنجومەنی وەزیران بەنووسراوی ژمارە 1577 لە 2011/6/26 هەڵوەشاندەوەی گرووپەکانی پەسەند کرد.

دکتۆر عەباس دەڵێت "لە خاڵێکی بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیراندا هاتووە کە دەبێت گرووپەکان لە ماوەی ساڵێکدا قەرزەکە بگەڕێننەوە، بەڵام هەندێ لە گرووپەکان هێشتا پارەکەیان نەگەڕاندووەتەوە".

#### چەند پارەیان گەڕاندووەتەوە؟

عەبدولقادر عوسمان، بەڕێوەبەری گشتی بانکە پسپۆڕییەکان لە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕایگەیاند 14 ملیار و 934 ملیۆن دینار دراوەتە 11 گرووپەکە، بەڵام تەنیا نزیکەی 5 ملیار دیناریان گەڕاندووەتەوە و 9 ملیار و 934 ملیۆنیان لەلا ماوە.

عەبدولقادر عوسمان گوتی "هەندێک لە گرووپەکان دوای هەڵوەشاندنەوەیان ئامادە نەبوون پارەکە بگەڕێننەوە، بۆیە ئەنجومەنی ئابووری داوای پۆلێنکردنی گرووپەکانی لە وەزارەتی کشتوکاڵ کردووە، ئەوانیش بەپێی ڕاپۆرتێک کە بۆ ئەنجوومەنەکەیان بەرزکردووەتەوە، ئاماژەیان بەوە داوە کە 9 لە گرووپەکان تەنیا 15%ی پرۆژەکەیان جێبەجێ کردووە، دوو گرووپیشیان هیچیان جێبەجێ نەکردووە، ئەنجومەنی ئابووریش بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئابووری گرووپەکان بە بڕیارێک لە 2013/9/1 ساڵێک گەڕانەوەی قەرزی گرووپەکانی دواخستووە".

بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی دارایی بە ژمارە 1630 لە 2014/9/1 ، وەزیری دارایی پێشنیازی کردووە هەر سێ گرووپی (ماردین و گارە و ئاکرێ) بەیەک گوژمە پارەکانیان لێ وەربگیرێتەوە و گرووپەکانی دیکەش کە 9% تاوەکو 15%ی کارەکانیان جێبەجێ کردووە، دوای ساڵێک تەقسیتیان بۆ بکرێت.

عەبدولقادر عوسمان، دەڵێت "دوا بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانمان بە نووسراوی ژمارە 7278 لە 2014/11/16دا بەدەست گەیشتووە کە دەبێت لەماوەی ساڵێکدا تەواوی قەرزەکە بەو سوودەی دیاریکراوە بگەڕێننەوە، بەپێچەوانەوە دەیاندەینە دادگا".

#### بۆچی شکستی هێنا؟

دکتۆر سەلاح مستەفا، خاوەنی گرووپی ڤانۆ کە پێشتر وەک سەرۆکی دەستەی پیشەسازیی پەلەوەر لەلایەن گرووپەکانەوە دیاریکرا، دەڵێت "هۆکاری سەرەکی شکستی گرووپەکان بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ بوو، چونکە هەر لەسەرەتاوە دژی پێکهێنانی گرووپەکان بوو، هۆکاری دووەمیش خودی حکومەت بوو، چونکە وەک بەڵێنی دابوو دەبووایە ڕەسمی گومرگی بە بڕی 350 دینار بخاتە سەر هەر یەک کیلۆ گۆشتی مریشکی هاوردە و تەبەقەیەک هێلکەی خواردن و کۆنترۆڵی خاڵە سنوورییەکان و بازگەکان بکات بۆ ڕێگەگرتن لەهاوردەکردنی بەروبوومی پەلەوەر بە نایاسایی، بەڵام نەیتوانی هیچ یەک لەمانە جێبەجێ بکات".

گوتیشی "ئێمە پێویستمان بە 5 گرووپ بوو نەک 14 گرووپ، هەر لە سەرەتاوە دڵنیابووین لەوەی تەنیا چەند گرووپێک سەرکەوتوو دەبن، ئەوانی دیکە فەشەل دێنن، چونکە 50%یان ژێرخانی ئەوەیان نەبوو پرۆژەکانیان جێبەجی بکەن".

دکتۆر سەلاح پێیوایە حکومەت پەلەی کرد لە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی گرووپەکان و گوتی "وەزارەتی کشتوکاڵ و حکومەت پەلەیان کرد و هەر زوو بڕیاری هەڵوەشانەوەی گرووپەکانیان دا، بێ ئەوەی سزای داراییان بەسەردا بسەپێنن یان بەدواداچوون بۆ هۆکاری شکستی گرووپەکان بکەن".

بەبڕوای دکتۆر سەلاح مستەفا، سیستەمی بازنەی تەواوکەر تاکە ڕێگەیە بۆ پەرەسەندنی پیشەسازیی پەلەوەر، چونکە وەک ئەو دەڵێت، زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا و ئاسیا لە ڕێگەی ئەم سیستەمەوە توانییان بگەنە ئاستی پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ "کوردستان هەرگیز ناتوانێ بەو پرۆژە بچووکانەی هەیەتی، کێبڕکێی نرخی مریشکی هاوردە بکات، ئەگەر ئەم سیستەمە جێبەجێ نەکات".

گرووپی ماردین یەکێکە لەو سێ گرووپەی بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی دەبێت بەیەک گوژمە پارەکە بگەڕێنێتەوە کە بڕەکەی زیاتر لە ملیارێک و 52 ملیۆن دینارە.

دکتۆر مزەفەر عەزیز، سەرۆکی گرووپی ماردین دەڵێت "من ئامادەم ئەو پارەیە بگەڕێنمەوە، بەمەرجێک حکومەتیش ئەو ملیار و 400 هەزار دینارەم بۆ بگەڕێنێتەوە کە وەک قەرەبووی ئەو پرۆژەیەم دیاریکرا لە نزیک هەولێر و بەر ماستەر پلان کەوت کە ماوەی چوار ساڵە بەبیانووی نەبوونی پارە بۆم ناگەڕێننەوە، ئەگەرنا ئامادە نیم یەک دیناریان بدەمەوە".

## کازاخییەکان داوای جوجەڵەی کوردستان دەکەن



# کۆمپانیایەکی خۆماڵی 111 هەزار جوجەڵە هەناردەی لوبنان دەکات



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بۆ یەکەمجار لەعێراق و کوردستان کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی جوجەڵە 111 هەزار جوجەڵەی یەک ڕۆژە هەناردەی لوبنان دەکات، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەش دەڵێت "خواستێکی زۆر لە دەرەوە لەسەر بەرهەمەکانمان هەیە، بەڵام تاوەکو لە کوردستان و عێراق بازاڕمان هەبێت بە دەرەوەی نافرۆشین".

کۆمپانیای راسون، سەر بە گرووپی ڤانۆیە کە بریکاری سەرەکی کۆمپانیای (Ross)ی بەریتانیایە. ئەو کۆمپانیایە جوجەڵەی دایکانە لە جۆری (Ross) بەرهەم دێنێت.

کۆمپانیای راسۆن ساڵانە 40 هەزار جوجەڵەی یەک ڕۆژە لە جۆری (Ross308) بەسێ قۆناغ لەکۆمپانیای دایک لە سکۆتلەندا هاوردە دەکات، دوای 6 مانگ پەروەردەکردن، بۆ ماوەی 10 مانگ هێلکەیان لێوەردەگرێت و لەڕێگەی ئامێری هەڵێنەرەوە، ملیۆنێک و 550 هەزار جوجەڵەی دایکانە و ملیۆنێک و 500 هەزاریش جوجەڵەی گۆشت بەرهەم دەهێنێ و دابەشی سەر پرۆژەکانی بەخێوکردنی جوجەڵەی دایکانەی دەکات.

دکتۆر سەلاح مستەفا بەکر، خاوەنی گرووپی ڤانۆ، دەڵێت "گرووپەکەمان خاوەنی تاکە پرۆژەی بەخێوکردنی جوجەڵەی دایکانەیە لە عێراق و کوردستان کە جوجەڵەی دایکانە لە جۆری (Ross308) بۆ پرۆژەکانی کوردستان و عێراق دابین دەکات، ئەوانیش 6 مانگ جوجەڵەکان لە پرۆژەکانیان پەروەردە دەکەن تا دەبێت بە مریشک و هێلکەی مریشکەکان لە پرۆژەکانی هەڵهێنەر دادەنێن و جوجەڵەی گۆشت بۆ گشت کێڵگەکانی پەلەوەر دابین دەکەن".

ئێستا 90%ی پرۆژەکانی پەلەوەر پشت بە بەرهەمی ئەو کۆمپانیا خۆماڵیە دەبەستن. بۆیە دکتۆر سەلاح دەڵێت "90% ئەو مریشکانەی لەعێراق و کوردستان بەرهەم دەهێنرێن بەجۆرێک لەجۆرەکان بەرهەمی پرۆژەکەی ئێمەیە".

#### جوجەڵە هەناردە دەکەن

پرۆژەکانی کۆمپانیای راسون دەکەوێتە نزیک قەزای شەقڵاوە و لە ساڵی 2008ەوە بەرهەمی هەیە، سەرەتا بەرهەمی ساڵانەی 750 هەزار جوجەڵەی دایکانە بوو، بەڵام ساڵی ڕابردوو دوای تەواوکردنی بەشی دووەمی پرۆژەکە، بەرهەمی بۆ ملیۆنێک و 550 هەزار جوجەڵەی دایکانە و ملیۆنێک و 500 هەزار جوجەڵەی گۆشت بەرز بووەوە.

دکتۆر سەلاح مستەفا دەڵێت "ئەگەر پرۆژەکانی دایکانەی مریشک لە عێراق و کوردستان بە وزەی تەواو کار بکەن، ساڵانە پێویستیان بە نزیکەی 4 ملیۆن جوجەڵەی دایکانە هەیە، بەڵام ئێستا تەنیا 30%ی پرۆژەکان لەکاردان، بەرهەمی پرۆژەکەی ئێمەش زیاد لە پێداویستی ناوخۆیە، بۆیە هەندێ جار زیادەکەی ڕەوانەی دەرەوە دەکەین".

گوتیشی کە بەهۆی "بەرزیی کوالیتی و هەرزانیی نرخ"ی بەرهەمەکانیان "خواستێکی زۆر" لەسەر جوجەڵەکانیان هەیە لە چەند وڵاتێکی ئاسیا و ئەفریقاوە "بۆ نموونە کازاخستان داوای هەناردەکردنی جوجەڵەی لێکردووین، بەڵام ئێمە بەهۆی گرفتی فڕۆکە تاوەکو لە کوردستان و عێراق بازاڕمان هەبێت بە دەرەوەی نافرۆشین، بۆیە تاوەکو ئێستا تەنیا 111 هەزار جوجەڵەمان هەناردە کردووە بۆ لوبنان".

پێشتر لوبنان بۆ پێداویستی پرۆژەکانی جوجەڵەی لە سووریا و ئەورووپاوە هاوردە دەکرد، بەڵام دکتۆر سەلاح دەڵێت "دوای ئەوەی کوالیتی بەرهەمی پرۆژەکەی ئێمەیان بینی، ئێستا ڕوویان لە کوردستان کردووە".

تێچووی هاوردەکردنی هەر جوجەڵەیەک لە کۆمپانیای دایکەوە بۆ کوردستان 42 دۆلار لەسەر گرووپی ڤانۆ دەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیاکە بەردەوامە لەسەر هاوردەکردنی.

دکتۆر سەلاح دەڵێت "کۆمپانیای (Ross)، جوجەڵە بە جۆرێک لە تایبەتمەندی بەرهەمدێنێ کە بەماوەیەکی زۆر کورت و بە ئالیکێکی کەم کێشی زیاد بێت، بۆیە ئێمە 17 هەفتە جارێک وەجبەیەک جوجەڵە لە کۆمپانیای دایک دەهێنین".

هەرێمی کوردستان خاوەنی 1165 کێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەری گۆشت، 15 پرۆژەی بەخێوکردنی مریشکی دایکانە و 32 پرۆژەی هەڵهێنەری جوجەڵەیە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، پێویستی هەرێمی کوردستان بەگۆشتی مریشک لەساڵی 2019 دەگاتە نزیکە 140 هەزار تۆن لە ساڵێکدا، ئێستاش پرۆژە خۆماڵییەکان 70%ی پێداویستی ناوخۆ دابین دەکەن.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "پرۆژەکەی کۆمپانیای راسۆن توانای بەخێوکردنی 40 هەزار مریشکی دایکانەی هەیە لەساڵێکدا، بەو هۆیەش نزیکەی ملیۆنێک و 550 هەزار جوجەڵەی دایکانە بۆ پرۆژەکانی دایکانە دابین دەکات، پرۆژەکانی دایکانەش جوجەڵەی یەک ڕۆژەی گۆشت بۆ پرۆژەکانی ناوخۆ دابین دەکەن، ئەمەش وای کردووە هەرێمی کوردستان پێویستی بە هاوردەکردنی جوجەڵە نەبێت".

ڕەمەزان محەممەد گوتیشی "بەر لەدامەزراندنی ئەم پرۆژەیە، پرۆژەکانی دایکانەی ناوخۆ ساڵانە نزیکەی نیو ملیۆن جوجەڵەیان بە نرخی زۆر گرانتر لەوەی ئێستا هاوردە دەکرد کە زۆرجار دەبووە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە نێو کێڵگەکانی پەلەوەر".

بەبڕوای ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەم پرۆژەیە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بوژانەوەی کەرتی پەلەوەر لەکوردستان و سوودێکی زۆریشی بە ئابووری کوردستان گەیاندووە، چونکە پارە بۆ کڕینی جوجەڵە ناچێتە دەرەوە.

دکتۆر سەلاح مستەفا ئاشکرای کرد بۆ زیادکردنی بەرهەمی کۆمپانیاکەیان بەنیازن پرۆژەیەکی هاوشێوە لە سلێمانی بۆ بەرهەمهێنانی جوجەڵە لە جۆری (Cobb)ی ئەمەریکی دابمەزرێنێن، چونکە وەکالەتی ئەو کۆمپانیایەیان وەرگرتووە و گوتی "لە سێ ساڵی داهاتوودا، پرۆژەکەی سلێمانیش لەتوانایدا دەبێت ساڵانە ملیۆن و نیوێک جوجەڵەی دایکانە بۆ پرۆژەکانی دایکانە دابین بکات".

# بەغدا بودجەی پێشمەرگە بە بەشداریی شەڕی مووسڵەوە دەبەستێ

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

لەکاتێکدا هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوا ستایشی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن کە توانی لەماوەیەکی کەمدا پێشڕەوییەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی پەکبخات، هێشتا گرێکوێرەی دابینکردنی مووچە و چەک و پێداویستیی ئەو هێزە کە بەپێی دەستوور بەشێکە لە سیستمی بەرگریی عێراق، لەگەڵ حکومەتی ناوەندی نەکراوەتەوە.

ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، هیچ پاساوێک نادۆزێتەوە بۆ نەناردنی بڕی 300 ملیار دینار کە دەبوو بەپێی یاسای بودجەی 2015ی عێراق بۆ پێشمەرگەی بنێرن "بەپێی یاسای بودجەی عێراق، بودجەی پێشمەرگە پەیوەندی بەبڕی هەناردەکردنی نەوت و کەمی و زۆریی فرۆشتنی نەوتەوە نییە و پێویستە لەسەر حکومەتی بەغدا مانگانە بڕی 100 ملیار دینار بۆ پێشمەرگە بنێرێ".

مەسعود حەیدەر، باسی دوایین ڕێککەوتنی نێوان کورد و بەغدای کرد، بەڵام هەموو ڕێککەوتنەکانی دیکەش لە ساڵانی ڕابردوو نەیانتوانیوە بودجە ڕاگیراوەکەی پێشمەرگە بنێرن، تەنانەت لەو ساڵانەش کە هەولێر و بەغدا لە پەیوەندییەکی باشدا بوون "لە وەزارەتی بەرگریی عێراقمان پرسی بۆ بودجەی پێشمەرگە نانێرن؟ ئەوان دەڵێن دەبێ چاوەڕوان بین، بەڵام وادەردەکەوێ بەغدا بیەوێ ئەوە لەگەڵ شەڕی مووسڵ بەیەکەوە ببەستێ".

لەساڵی 2007ەوە بەغدا بودجەی پێشمەرگە نادات. ساڵانە 1 تریلیۆن و 200 ملیار دیناری پێشمەرگە چووەتە نێو بودجەی ساڵانەی عێراقەوە و لەگەڵ بودجەی وەزارەتی بەرگریی عێراق حیساب کراوە و دواتر نەدراوە بە پێشمەرگە، بەو پێیەش بڕی 10 تریلیۆن دیناری بودجەی پێشمەرگە ئێستا لای حکومەتی بەغدایە.

ئەحمەد حاجی ڕەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، دەڵێ کێشەی بودجەی پێشمەرگە وەک خۆیەتی "بەغدا تاوەکو ئێستاش پارە بۆ حەشدی شەعبی خەرج دەکات، بەڵام ئامادە نییە بۆ پێشمەرگەی بنێرێ".

حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی، خۆی بۆ شەڕی یەکلاکەرەوە لەگەڵ داعش ئامادە دەکات. شەڕی وەرگرتنەوەی مووسڵ و دڵنیاشە لەوەی ئەوە بەبێ پێشمەرگە وەک ئەوەیە قومارێکی مەترسیدار بکەیت. ئێستا بودجەی پێشمەرگە تێکەڵی ئەگەری ئازادکردنەوەی مووسڵ بووە.

ئەحمەد حاجی ڕەشید دەڵێ بەغدا دەزانێ لە نزیکبوونەوەی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا دەبێ بەغدا گفتوگۆ لەگەڵ کورد دەستپێبکاتەوە و دەشزانێ کورد مەرجی هەیە "بۆیە دەیەوێ ناردنی بودجەی پێشمەرگە هەڵبگرێ بۆ بەشداریکردنی کورد لە شەڕی مووسڵ".

بەدرێژایی هەزار و 50 کیلۆمەتر، پێشمەرگە لەشەڕدایە لەگەڵ چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، لەم شەڕەدا کورد و بەغدا ڕووبەڕووی دوژمنێکی هاوبەش بوونەتەوە، بەڵام هێشتا بەغدا ناهێڵێ هاوپەیمانان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ هاوکارییە سەربازییەکان لەگەڵ پێشمەرگە بێنە سەرهێڵ و وێڕای دەستگرتن بەسەر بودجەکەیدا، ڕێگەی گەیشتنی چەکە ڕۆژئاواییەکانیشی لێگرتووە.

دلێر ماوەتی، جێگری سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ شاندی وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ بەغدا بۆ چەک و بودجە نەگەیشتوونەتە ئەنجام "ئێمە ئەمڕۆ دووشەممە کۆبوونەوەی لیژنەی پێشمەرگەمان هەیە و لەنوێنەرانی وەزارەت دەپرسین کێشەکان چین".

بەڵام ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، باسی کێشەکان دەکات و ڕەتیدەکاتەوە لە یاسای بودجەی عێراقدا بڕی پارە بۆ پێشمەرگە دیاری کرابێت "تەنیا نووسراوە بەشێک لە بودجەی هێزی پیادەی عێراق بۆ پێشمەرگە خەرج بکرێ، ئەویش بەپێی ڕێککەوتنێک لەبەر ڕۆشنایی ڕێژەی دانیشتووان".

جەبار یاوەر گوتیشی "بەڵام ئەو بڕگەیە هیچ روون نییە و دەڵێن هێزی پیادەی عێراق بودجەی دیاریکراوی نییە، بۆیە داوای دروستکردنی لیژنەیەکمان کردووە بۆ ئەوەی باشتر لەوە تێبگەین و چارەسەری بکەین".

یاوەر سەبارەت بە نیازی بەغدا بۆ ئەوەی بە گوشاری بودجە پێشمەرگە رابکێشێتە نێو شەڕی مووسڵ، دەڵێ "ئەوە زیاتر لێکدانەوەیە و جارێ هیچ بڕیارێکی وا نییە بەفەرمی".

لەساڵی 2007ەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپارەی بەشە بودجەی خۆی کە لەبەغداوە وەریدەگرت، مووچە و خەرجییەکانی دیکەی پێشمەرگەی دابین دەکرد و تەنانەت هەرخۆشی چەکی بۆ دابین دەکات.

ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە ئەگەر کێشەی نەوت لەنێوان بەغدا و هەولێر چارەسەر ببێ و پەیوەندییەکانیشیان ئاسایی ببێتەوە "هەر بودجەی پێشمەرگە نانێرن، چونکە دەڵێن کێشەی پارەی نەختینەمان هەیە و ئەوە دەکەنە بیانوو". دڵشاد شەعبان، ڕێککەوتنەکەی ئەمدواییەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا وەبیردێنێتەوە و دەڵێ ناردنی بودجەی پێشمەرگە بەشێک بوو لەو ڕێککەوتنە "بەڵام ئەو ڕێککەوتنەشیان جێبەجێ نەکرد".

عێراق سێ جۆر هێزی هەیە لەنێو بودجەدا، هێزی ئاسمانی، دەریایی و وشکانی. بەپێی ڕێککەوتنێک 17%ی بودجەی هێزی وشکانیی عێراق دەدرێتە پێشمەرگە، بەڵام کورد هەمیشە مەرەکەبی بێبەرهەمی لەسەر کاخەزەکانی بەغدا جێهێشتووە و ئێستا ناچارە بۆخۆی خەرجییەکانی شەڕێکی قورس دابین بکات، سەرباری ژیاندنی هەموو ئەو ئاوارانەی شەڕەکە لە ناوچەکانی دیکەوە پاڵی پێوەناون بۆ کوردستان.

دڵشاد شەعبان باسی بودجەی پێشمەرگە دەکات کە مانگانە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپارەی فرۆشتنی نەوتی خۆی دابینی دەکات "مانگانە 157 ملیار دینار بۆ مووچە و نەسریە و مەشقی پێشمەرگە دابین دەکات و تێچووی هەر مانگێکی ئەو شەڕەش لەگەڵ داعش، 20 بۆ 30 ملیار دینار دەکەوێ لەسەر حکومەت".

بەڵام جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە باسی خەرجییەکانی ئەو شەڕە دەکات و دەڵێ لەدوای مانگی تەممووزی 2014ەوە "حکومەتی هەرێمی کوردستان 84 ملیار دیناری لە پارەی فرۆشتنی نەوتی خۆی بۆ دابین کردووین بۆ تێچوونی شەڕی داعش جگە لە مووچە و خەرجییەکانی پێشمەرگە".


(فۆتۆ: AFP)

## دوای چوار مانگ لە ئازادکردنی

# کورد ناتوانێ بگەڕێتەوە گوڵاڵە

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی



### بەرپرسێک:
### گەڕانەوەی ئاوارەکان پێویستی بە ڕێککەوتنە

چاوەڕوانی نێو ئەو کەمپەی کە خێزانەکەی عەلی ئەمین لە خانەقین تێیدا دەژین، لە چاوەڕوانی هەموو ئەو کەمپانەی دیکە تاڵ و بەسوێترە کە ئاوارەکانی شەڕی چەکدارانی داعش ژیانی تێدا بەسەر دەبەن، چونکە شارۆچکەکەی عەلی زیاتر لە 4 مانگە ئازاد کراوە و هێشتا ئەوان نازانن کەی دەگەڕێنەوە. ئەوەی کە بەرپرسێکی ئەمنی ناوچەکە لەبارەی گەڕانەوەی ئەوان باسیدەکات، بۆ ئەوە ناشێ کەمپنشینەکان گوێیان لێبێت.

عەلی ئەمین لە کەمپی عەلیاوا دەژی کە لە عێراقێکی بچووککراوە دەچێ و هەموو نەتەوە و مەزهەبەکانی تێدا کۆبوونەتەوە. ئەو دەڵێ کە بە تەواوی بێزار بوون و چیدی خەڵک بەرگەی چاوەڕوانی ناگرن.

مەبەستی عەلی گەڕانەوەیە بۆ جەلەولا کە پێشمەرگە خوێنی 144 پێشمەرگەی بۆ ڕشت تاوەکو ئازادی کردەوە. دواتر نێوە کوردییەکەشی گەڕاندەوە و ئێستا بە "گوڵاڵە" ناوی دەهێنرێت، بەڵام هێشتا گوڵاڵە تەنیا شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوانەیە کە دەتوانن چەک بەدەستەوە بگرن.

23ی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوو، پێشمەرگە بە هاوکاریی حەشدی شەعبی، چوونە نێو شارۆچکەی گوڵاڵە و سەعدیە و لەدەستی داعشیان وەرگرتەوە، بەڵام هێشتا وەدەرنانی داعش بەس نەبووە بۆ ئەوەی بەرپرسانی ئیدارەی ناوچەکە دەرگای گەڕانەوە بۆ خەڵک بخەنە سەرپشت.

محەممەد کەریم، ئاوارەیەکی دیکەیە و ژیان لە کەمپەکان بەسەردەبات لە خانەقین، باشترین ڕێگەی گەڕانەوە بەلای ئەوەوە ئەوەیە پێشمەرگە هەنگاوێک لێیان دوورنەکەوێتەوە "هەموو ئاوارەیەک لە گەڕانەوە دەترسێ، چونکە ئێمە دەردیسەری زۆرمان لە جەلەولا بینیوە".

بەرپرسانی حیزبی و سەربازیی ناوچەکە بەشێوەیەک قسە دەکەن کە هێشتا وادەی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ گوڵاڵە دووربێ. شێرکۆ میروەیس، بەرپرسی مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی، نزیکەی 2 مانگ بەر لەئێستا بە (ڕووداو)ی گوتبوو "لەگەڵ لایەنە شیعەکانی دیالە لە گفتوگۆداین بۆ ئەوەی ڕێکبکەوین و ئاوارەکان بگەڕێنەوە"، بەڵام لە نوێترین لێدوانیدا ناوبراو دەڵێ "تاوەکو ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەنجام".

میروەیس دەڵێ پێویستمان بەوەیە خەڵک بەشێوەیەک بگەڕێنەوە کە ئۆقرەیی باڵ بکێشێ بەسەر ناوچەکەدا و تیرۆر نەمێنێ "بەڵام هێشتا خەڵکی خراپەکار لەو ناوچەیە خۆیان حەشارداوە و هەرکات بۆیان بلوێ تەقینەوە لەسەر ڕێگای پێشمەرگە دادەنێن و پەلامار دەدەن". گوتیشی "هێشتا لایەنگری داعش لە گوندەکانی دەوروبەری گوڵاڵە ماون".

ڕۆژی 2014/8/10 هێزی پێشمەرگە لە جەلەولا پاشەکشەی کرد و داعش بەتەواوی کۆنترۆڵی کرد. لەوکاتەوە بەردەوام چەکدارانی داعش بۆمبڕێژیان کرد، تاوەکو ڕۆژی 2014/11/23 پێشمەرگە هێرشی بۆ سەر جەلەولا دەستپێکرد و دوای زیاتر لە 15 کاژێر شەڕکردن، کۆنترۆڵکرایەوە. بەڵام تاوەکو ئێستا جگە لە هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و هێزێک بە ناوی "سەرایا خوراسانی"ی شیعە، کەس نەیتوانیوە بۆ جەلەولا بگەڕێتەوە.

ئەنوەر حوسێن، بەڕێوەبەری ناحیەی گوڵاڵە بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هێزەکانی پێشمەرگە و دامودەزگا ئەمنییەکان "توانیویانە 95%ی شارەکە لە بۆمبی چێندراو پاکبکەنەوە، بەڵام بەهۆی بوونی پاشماوەی داعش باش نییە دانیشتووانەکەی بگەڕێنەوە، چونکە مەترسی دزەکردنی تیرۆریستان هەیە".

ناوبراو گوتیشی تائێستا پلان و بەرنامەیەک لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغداوە نییە بۆ گەڕانەوەی دامودەزگاکانی حکومەت بۆ گوڵاڵە "بەردەوامیی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە پارێزگای سەلاحەدین لە دژی چەکدارانی داعش، بارودۆخێکی ناجێگیر لە ناوچەکە دروست دەکات، بۆیە تاوەکو ئەو پارێزگایە کۆنترۆڵ نەکرێتەوە باش نییە دانیشتووانی گوڵاڵە بگەڕێنەوە"

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە فەرماندەیەکی سەربازیی پێشمەرگە لە گوڵاڵە دەستیکەوتووە، هۆکاری نەگەڕانەوەی خەڵک پەیوەندی بە مینرێژکردنی خانووەکان و نەبوونی خزمەتگوزاری نییە "هۆکارەکە سیاسییە و ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنە شیعییەکان پێویستە و دەبێ سوننەکانیش قایل بکرێن بەوەی ئەوانەی دەستیان لەگەڵ داعش تێکەڵ بووە، لەوێ نەهێڵدرێن".

ئەو بەرپرسە سەربازییە هەروەها دەڵێ "بەبێ دوورخستنەوەی ئەوانەی دەستیان لەگەڵ داعش تێکەڵکردبوو، کورد ناتوانێ بگەڕێتەوە و ڕێگەش بەخەڵک نادرێ، بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە ڕێککەوتن بکرێ".

ژمارەی دانیشتووانی گوڵاڵە نزیکەی 55 هەزار کەسە و 36 گوندیش سەر بەو شارۆچکەیەن کە ژمارەیان لە 31 هەزار کەس زیاترە، شەڕی داعش وایکرد نزیکەی 70هەزار خێزان لە گوڵاڵە و سەعدیە ئاوارەی خانەقین بن کە زۆربەیان لە کەمپ نیشتەجێ کراون، سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزای خانەقین دەڵێ "90%ی دانیشتوانی گوڵاڵە لە خانەقین و کەلار و گەرمیان گیرساونەتەوە".

سەید محەممەد نووری، سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزای خانەقین داوا دەکات کورد بوێرانە دەست بە دەستگیرکردنی ئەوانە بکات کە پێشتر دەستیان لەگەڵ داعش و گرووپە توندڕۆکان تێکەڵ کردبوو بۆ چەوساندنەوە و ئازاردانی کورد "بەشێک لەوانە وەک ئاوارە هاتوونەتە خانەقین و کوردستان، دەبێ بدۆزرێنەوە و دەستگیر بکرێن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نەگەڕێنەوە جەلەولا". ناوبراو هەروەها دەڵێ ناوچەکە بەتەواوی وێران بووە "چۆن دەتوانی بەبێ خزمەتگوزاری ئەو خەڵکە بنێریتەوە".

"هێشتا کورد لە گوڵاڵەی ئازادکراو خوێنی لەبەر دەڕوات، لە ڕۆژی هەینی ڕابردووەوە 4 پێشمەرگە بە تەقەمەنی کەسانی نزیک لە داعش لەو سنوورە بریندار بوون و ڕۆژانی پێشتریش پێشمەرگە شەهید بوون" ئەوە قسەی بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتییە لە خانەقین.

شێرکۆ میروەیس، لەبارەی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ جەلەولا دەڵێ "دەبێ ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ شیعە و سوننەی ناوچەکە ئیمزا بکەین، تاوەکو بزانین ئامادەگی کورد لە ناوچەکە چۆن بێت، بەڵام بەداخەوە بەهیچ نەگەیشتووین و هێشتا ئامادەکاری نییە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان و بەمزووانەش ناگەڕێنەوە".

# یەکێتی و یەکگرتوو چاویان لە جێگری پارێزگاری دهۆکە

## سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک:
## ئەگەر یەکێتی لە سلێمانی پارتی رازی نەکات با چاوی لە پۆستەکانی دهۆک نەبێ

**عوبەید رەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**




پارتی هۆشداری دەداتە یەکێتی، گۆڕان و یەکگرتوو ئەگەر داواکانیان لە سلێمانی جێبەجێ نەکرێ، با چاویان لە پۆستە باڵاکانی دهۆک نەبێت. سەرپەرشتیاری دانوستاندنەکانی پارتی لە دهۆک دەڵێ "بەڕاستی لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان لە سلێمانی ماندوو بووین".

دانوستاندنی دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکان لە پارێزگای سلێمانی لە نێوان یەکێتی و گۆڕان لەلایەک و ئەو دوو حیزبە لەگەڵ لیستی خزمەت لەلایەکی دیکە یەکلایی بووەتەوە، بەڵام هێشتا لەگەڵ پارتی یەکلا نەبوونەتەوە، پارتیش پۆستەکانی دهۆکی بەستووەتەوە بە دوا ئەنجامی گفتوگۆکانی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە.

هەرچەندە پارتی دەستی بە دانوستاندن کردووە لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لە هەولێر، بەڵام جگە لە دوو پۆستی بەڕێوەبەری گشتی و قایمقامی هەولێر کە دراون بە گۆڕان، لایەنەکانی دیکە هیچ پۆستێکیان نەدراوەتێ.

بەرپرسێکی پارتی لە پارێزگای دهۆک دەڵێ "تاوەکو یەکێتی و گۆڕان لە سلێمانی لەگەڵ پارتی نەگەنە ڕێککەوتن، پارتی لە دهۆک دانوستاندن لەگەڵ یەکێتی ناکات".

پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆکی بەدەستەوەیە کە 19 کورسییە. هەروەها یەکێتی دوو کورسی، یەکگرتوو 3 کورسی، گۆڕان کورسییەک و کۆتاکانی وەکو ئەرمەن و مەسیحیش 3 کورسییان هەیە.

ڕۆژی 2015/3/28 فەرهاد ئەتروشی، پارێزگاری دهۆک لە بارەگای مەڵبەندی سێی یەکگرتوو لەگەڵ بەرپرسانی ئەو حیزبە لە دهۆک کۆبووەوە. غازی سەعید، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو کە بەشداری کۆبوونەوەکە بووە و حیزبەکەیان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک سێ کورسی بەدەستهێناوە، ڕایگەیاند "سەردانی پارێزگاری دهۆک وەک دەسپێکێک بوو بۆ دەستکردن بە ئەنجامدانی دانوستاندن لە نێوان پارێزگار وەک ئیدارە و پارتی بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستەکانی دهۆک لە نێوان لایەنە سیاسییەکان".

غازی سەعید کە سەرۆکی لێژنەی دانوستاندنی یەکگرتووە لە دهۆک، لەگەڵ پارتی سەبارەت بە داواکاریەکانیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "داوای ئیستیحقاقی خۆمان کردووە نەک زیاتر، ئێمە دەڵێین پۆستی جێگری پارێزگاری دهۆک مافی ئێمەیە". گوتیشی "دەبێت لە سەرجەم پۆستەکانی دیکەش مافی ئێمە بدرێ و شەراکەتی ڕاستەقینە و کارامان هەبێ لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی دهۆک". چونکە وەک غازی سەعید دەڵێ "21 ساڵە یەکگرتوو لەو ناوچەیە خزمەت دەکات".

جگە لە یەکگرتوو، یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش کە خاوەنی دوو کورسین لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک، ڕەخنە لە پارتی دەگرن و دەڵێن "پارتی بە ئەنقەست دابەشکردنی پۆستەکان لە دهۆک دوادەخات".

عەلی مستەفا، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی چواری یەکێتی لە دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت "پارتی بە ئەنقەست داواکاریەکانی لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە زیاد کردووە، تاوەکو یەکێتی و گۆڕان ناچاربن داواکانیان جێبەجێ بکەن".

بەرپرسەکەی یەکێتی لە دهۆک پێیوایە پارتی دەیەوێ درێژە بە دانوستاندنەکانی بدات لە سلێمانی تاوەکو "لە هەولێر و دهۆک بەردەوام بن لە حوکمڕانی خۆیان، ئەمەش پێچەوانەی سیاسەتی کابینەی هەشتەمە کە دەبێ هەموو لایەنە سیاسیەکان بەشداربن لە ئیدارەدانی وڵات".

عەلی مستەفا داواکاری سەرەکی حیزبەکەی بۆ وەرگرتنی پۆستە باڵاکان لە دهۆک دەخاتەڕوو و دەڵێت "ئێمە لایەنی سێیەمین لە دهۆک، بۆیە دەبێت یان پۆستی جێگری پارێزگاری دهۆک، یان قایمقامی ناوەندی دهۆکمان پێبدرێت".

بەڵام فەهیم عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک ڕەخنەی لە یەکێتی و گۆڕان لە سلێمانی هەیە و دەڵێ "هۆکاری دواکەوتنی دانوستاندنەکانی دهۆک جێبەجێنەکردنی داواکانی پارتین لە سلێمانی".

فەهیم عەبدوڵڵا ئەوەشیگوت کە "بەڕاستی لە چاوەڕێکردنی برادەرانی سلێمانی ماندوو بووین، ئێمە تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە هیچ هەنگاوێک لە دهۆک بهاوێژین و هەر چاوەڕێی یەکلاکردنەوی پۆستەکانی سلێمانین".

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک کە پارتییە بەروون و ئاشکرا بە یەکێتی دەڵێ "ئەگەر یەکێتی لە سلێمانی پارتی رازی نەکات، بە ڕاستی با چاوی لە پۆستەکانی دهۆک نەبێت".

یەکێتی ترسی هەیە یەکگرتوو بەبێ ئەوان بەشداری لە ئیدارەی پارێزگای دهۆک بکات. جێگری بەرپرسی مەڵبەندی دهۆکی یەکێتی لەو بارەیەوە دەڵێ "لەگەڵ یەکگرتوو و گۆڕان دوای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کۆبووینەوە و گەیشتینە ئەو ڕێککەوتنە کە بە تەنیا لەگەڵ پارتی دانوستاندن نەکەین".

بەڵام سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک کە سەرپەرشتی دۆسیەی دانوستاندنی پارتی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکە دەکات دەڵێ "وا باشترە ئەوانیش بەشداربن لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی دهۆک، تەنانەت حیزبی شیوعیش کە هیچ کورسییەکی نییە لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک، بەڵام نیازمان وایە وەک هاوسۆزییەک بۆ خەباتیان، چەند پۆستێکیان بدەینێ".

# یەکێتی داوا لە پارتی دەکات واز لە پۆستێکی بهێنێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**



( فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان )

یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئامادەیە بۆ بەشداركردنی پارتی دیموكراتی كوردستان لە حكومەتی لۆکاڵیی سلێمانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجەی پێبدات، بەڵام دەبێت پارتیش پۆستێکی دیکەی لە سنووری پارێزگای سلێمانی بداتە لایەنەکانی دیکە.

دوای تێپەڕبوونی 11 مانگ بەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، وا بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2015/3/30 ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەنگ لەسەر کاندیدەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پۆستەکانی ئەو پارێزگایە بدات. دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ فراکسیۆنی خزمەت (یەکگرتوو، کۆمەڵ) بڕیارە ئەوانیش لە ماوەی 15 ڕۆژدا ناوی کاندیدەکانیان پێشکەشی ئەنجومەنی پارێزگا بکەن.

هەرچەندە چەند پۆستێکی سیادی و خزمەتگوزاری لە سنووری پارێزگای سلێمانی دراونەتە پارتی، بەڵام ئەوان ئێستا داوای پۆستێکی دیکەی باڵا لە پارێزگای هەڵەبجە دەکەن.

فازڵ بەشارەتی، بەرپرسی لقی 12ی پارتی لەهەڵەبجە دەڵێ ئێستا پێداگیری لەسەر وەرگرتنی قایمقامی هەڵەبجە ناکەن و گۆڕیویانە بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا "بەڵام یەکێتی ڕێگرە لەوەی بەشی خۆمان وەربگرین". بەشارەتی هەروەها گوتی "لای ئێمە روونە یەکێتی ڕێگرە لە پێدانی ئەو پۆستە بە پارتی، پێداگیرییەکەشی ئەوەیە کە لە سلێمانی 11 مانگە هەڵبژاردن کراوە و هێشتا نەک لە هەڵەبجە، بەڵکو لە سلێمانیش پۆستەکان یەکلایی نەکراونەتەوە و ئەو گرێکوێرەیەیان هێنایە هەڵەبجەش".

بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردنی 30ی نیسانی 2014 ی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە گۆڕان 12 کورسی، یەکێتی 11 کورسی، پارتی 3 کورسی، یەکگرتوو 2 کورسی، کۆمەڵی ئیسلامی 2 کورسی و هاوپەیمانی نیشتمانی و ڕافیدەین هەریەکەیان کورسییەکیان هێنا، دانوستاندن بۆ دابەشکردنی پۆستەکان نزیکەی 7 مانگ درێژەی کێشا، دواتر گۆڕان و یەکێتی و خزمەت ڕێککەوتن و پارتی بە تەنیا مایەوە.

د.ئاسۆ مەحموود، بازێڕوانی سلێمانی بزووتنەوەی گۆڕان و ئەندامی وەفدی دانوستاندن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هێشتا پارتی نەگەیشتووەتە ئەو بڕوایەی بەشداریی ئیدارەی پارێزگای سلێمانی بکات و گوتی "داواکەی لای یەکێتییە و یەکێتیش ئامادە نییە جێبەجێی بکات".

بەڵام لەتیف شێخ عومەر، بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی و ئەندامی وەفدی دانوستاندنکاری یەکێتی بۆ پێکهێنانی ئیدارەی پارێزگای سلێمانی، ڕەتیکردەوە کە ئەوان ڕێگر بن لە پێدانی ئەو پۆستە بە پارتی لە پارێزگای هەڵەبجە "پارتی لە هەڵبژاردندا 3 کورسی هێناوە، بەڵام لە پۆستەکاندا زیاتری وەرگرتووە و ئەگەر لایان مەبەستە پۆستێکی باڵا لە هەڵەبجە وەربگرن، دەبێت لە سلێمانی یاخود گەرمیان یاخود ڕاپەڕین پۆستێکی باڵا بدەنە لایەنێکی دیکە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) پارتی بۆیە هێشتا نەگەیشتووەتە بڕیاری کۆتایی بۆ حکومەتی لۆکاڵی سلێمانی، لەبەرئەوەی کارتی هەولێر و دهۆکی بەدەستەوەیە و ئەگەر لە سلێمانی پۆستەکانی خۆی پێنەدرا، ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە "ئۆپۆزیسیۆن" و بەوهۆیەوە لایەنەکانی دیکەش لە هەولێر و دهۆک بکاتە ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام فازڵ بەشارەتی دەڵێ لە هەولێر و دهۆک گفتوگۆکان کۆتاییان هاتووە و سەرجەم لایەنەکان دەزانن پۆستی خۆیان چییە "ناکرێت یەکێتی لەوێ ببێتە برا بەش و ئامادە نەبێت لێرەش بەشی ئێمە بدات".

ناوبراو ئاشکرای کرد تا ئێستا نیەتیان نییە ببنە ئۆپۆزسیۆن لە سلێمانی، هەر کاتێکیش هەڵوێستێکی لەو شێوەیەیان هەبێت، لەکاتی خۆیدا ڕایدەگەیەنن.

بەڵام د.ئاسۆ مەحموود نەیشاردەوە یەکێک لە گلەییەکان لە پارتی ئەوەیە لە سلێمانی بۆ خۆی بەڕەوای دەبینێت داوای ئەو پۆستانە بکات و لە هەولێر و دهۆک بۆ حیزبەکانی دیکە بەڕەوای نابینێت.

حیزبەکان لای خۆیانەوە بڕیاریان دا وەک کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی بنکە فراوان بۆ پارێزگاکانیش پێکبێنن. بەڵام هێشتا گلەیی نێو کابینەی حکومەت لەبارەی بەشداریی ڕاستەقینە و پشکی حیزبەکان هەر دەبیسترێ.

یەکێتی و گۆڕان دەڵێن، هێشتا دەرگایان لەسەر بەشداركردنی پارتی دانەخستووە و تەنانەت کاتیشیان بۆ دیاری نەکردووە، ئەم هەفتەیەش جارێکی دیکە گۆڕان و یەکێتی لەگەڵ پارتی کۆدەبنەوە. بەگوتەی لەتیف شێخ عومەر، ئەوان پەلە ناکەن لە پڕکردنەوەی پۆستەکانی خۆیان و چاوەڕێ دەکەن هەتا پارتیش خۆی یەکلایی دەکاتەوە "گۆڕان و خزمەت پۆستەکانی خۆیان دادەنێن و پۆستەکانی دیکەش بەتاڵ نین، هەر کاتێک پارتی گەیشتە بڕیاری کۆتایی و کاندیدەکانی پێشکەش کرد، ئەوا لە پۆستەکان دایاندەنێین".

بەڵام بەرپرسەکەی گۆڕان باس لە نزیکبوونەوە لە هێڵی کۆتایی دەکات و هیواداریشە تا کۆتایی ئەم هەفتەیە بگەنە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی، چونکە لە حاڵەتی ڕێکنەکەوتندا پۆستەکانی پڕ دەکرێتەوە.



## هەرێمی کوردستان لە بەرتیانیا بێ نوێنەرە

**رووداو- سلێمانی**

ماوەی چەند مانگێکە نوێنەرایەتی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا کە پشکی یەکێتییە کاندیدی بۆ دەستنیشان نەکراوە. سەعدی ئەحمەد پیرە، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی بە (رووداو) رایگەیاند تائێستا کاندیدمان بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان نەکردووە، بەڵام بەمنزیکانە کاندیدێکی بۆ دیاریی دەکەین. پێشتر بەیان سامی عەبدولڕەحمان لەسەر پشکی پارتی نوێنەری حکومەتی هەرێم بوو لەبەریتانیا، بەڵام دوای گەڕانەوەی قوباد تاڵەبانی بۆ کوردستان، کە نوێنەری حکومەت بوو لە ئەمەریکا، نوێنەرایەتییەکەی ئەمەریکا درایە پارتی ء بەیان سامی لەوێ دەستبەکاربوو.

# چارەی دڵی منداڵانی کورد لە ئیسرائیلە

**هێمن عەبدوڵڵا**
**رووداو- ئۆرشەلیم**

لە شەقامی پەیامبەران لە شاری ئورشەلیم، ماڵێکی لێیە کە دەیەوێ دڵی منداڵانی کورد چاکبکاتەوە. ڕێکخراوێکی قازانجنەویست بەناوی شێڤێت ئاخیم (هەموومان براین) چەندین ساڵە منداڵانی کورد و فەڵەستینی لە سلێمانی و هەولێر و زاخۆ و غەززە و رامەڵڵاوە دەگەیەنێتە ئیسرائیل و نەشتەرگەرییان بۆ دەکەن.

لە جیهاندا لە هەر هەزار منداڵ هەشتیان لەکاتی لەدایکبووندا تووشی نەخۆشیی زکماکی دڵ دەبن. هەموو مانگێک لە ئیسرائیل لەڕێگەی ڕێکخراوی شێڤێت ئاخیمەوە نزیکەی 20 لەو منداڵانە نەشتەرگەرییان بۆ دەکرێت. خەرجیی هێنان و چارەسەر و گەڕانەوەی نەخۆشەکانیش لە ئەستۆی ڕێکخراوەکەیە و حکومەتی کوردستان و فەڵەستین ڕۆڵیان لە پرۆسەکەدا نییە.

هێمن منداڵانێکی شارۆچکەی تەکیەی نزیک سلێمانییە و لەگەڵ باوکی هاتووەتە ئۆرشەلیم. ئەو کاتێک بیستوویەتی (رووداو) لەو شارە سەردانی دەکات، بە دڵخۆشییەوە چاوەڕوانی گەیشتنمان بوو. لەو ماڵەدا کە ڕێکخراوەکە بۆی دابینکردوون، هیچ تەلەفزیۆن و رادیۆیەکی کوردی نییە، بەڵام وەک خۆیان دەڵێن، شێڤێت ئاخیم ئینتەرنێتی بۆ دابینکردوون و ئەوانیش لەڕێگەی ئەپی رووداوەوە ئاگایان لە هەواڵەکانی کوردستانە.

گوتەبێژی ڕێکخراوەکە بە کوردییەکی پاراو قسە دەکات. ئەو دەڵێت قەت سەردانی کوردستانی نەکردووە و لەڕێگەی ئەو منداڵە نەخۆشانەوە کە دەهێنرێنە ئۆرشەلیم، فێری کوردی بووە "کوردی زانین زۆر گرنگە بۆ من، چونکە وادەکات باشتر تێبگەم کە منداڵەکان چییان دەوێت. زۆریش حەزم لە زمانی کوردییە".

لە هۆڵێکی گەورەدا کە وەکو کوردستان دۆشەک و سەرینی تێدا ڕاخراوە، دوو ژن و منداڵەکانیان، لەگەڵ هێمن و باوکی دانیشتوون. ئەوان هەریەکەیان خەڵکی ناوچەیەکی کوردستانن. یەکێک لە ژنەکان کە نایەوێ ناوی بهێنرێت، کریستیانە و خەڵکی شەقڵاوەیە. ئەو کچەکەی هێناوە بۆ ئەوەی لە ئۆرشەلیم نەشتەرگەریی دڵی بۆ بکرێت. بەقسەی خۆی لە کوردستان پێیانگوتووە "ئەگەر نەشتەرگەریش بۆ کچەکەت بکەین، سەرکەوتوو نابێت و هەر دەمرێت"، بەڵام لەوەتەی هاتووەتە ئیسرائیل، ئومێدی پەیدابووەتەوە "لێرە پێیانگوتم چاکدەبێتەوە و چارەسەری دەکەین".

لەتەنیشت ئەو ژنەوە، ژنێکی خەڵکی بادینان دانیشتووە. ئەو پێیخۆش نییە خراپ باسی پزیشکەکانی کوردستان بکرێت و دەڵێت: "لەکوردستانیش پزیشکی بەتوانا هەن، بەڵام ئەو ئامێرە پێشکەوتووانەی لێرە هەن لە کوردستان نین، چونکە کوردستان سەربەخۆ نییە تاوەکو بتوانێ ئەو ئامێرانە بەدەستبهێنێ". ئەو ژنەش لەگەڵ کچەکەی لە مانگی 12ی 2014وە لە ئیسرائیلن. هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە لە کەسوکار و منداڵەکانی دوورە، بەڵام ئومێدی چاکبوونەوەی کچەکەی وای لێکردووە پشووی درێژبێت و بەوەندە دڵی ئاو بخواتەوە کە جارجارە بە ڤایبەر قسە لەگەڵ یەکێک لە منداڵەکانی بکات لە کوردستان.



باوکی هێمن پێی گرنگە ئەو دایک و باوکانەی لە کوردستانن و منداڵەکانیان نەخۆشیی دڵیان هەیە، بزانن کە لە ئۆرشەلیم چارەسەر دەکرێن. ئەو دەڵێت "لێرە زۆرباشن لەگەڵمان. مانەوە، خەوتن، خواردن و هاتن و چوون بۆ نەخۆشخانە لەسەر ڕێکخراوەکەیە. جگە لەمەش دەمانبەن بۆ پارک و بازاڕ".

هێمن بە ئۆرشەلیم دەڵێت "قودس" و دەڵێ شارێکی خۆشە "سەردانی مزگەوتەکەمان کردووە و نوێژمان لەوێ کردووە". باوکی هێمنیش دەڵێت هەموو ڕۆژێک دەچێتە مزگەوتی ئەقسا و لەوێ لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەی کوردی نوێژ دەکەن. هاوڕێکەی باوکی هێمنیش چوار ساڵە لەو شارەیە و کاتی خۆی بۆ چارەسەری نەخۆشی هاتووەتە ئیسرائیل، بەڵام هەر لەوێ ماوەتەوە و نەگەڕاوەتەوە.

ئەو ڕێکخراوەی هێمن و منداڵانی دیکەی لە غەززە و کوردستانەوە هێناوەتە ئۆرشەلیم، ڕێکخراوێکی کریستیانەکانە. لەبارەی ئەوەی کە ئایا کەسیان پرسیاریان لێناکەن بۆچی نوێژ دەکەن، یەکێک لە ژنەکان دەڵێت "نەخێر کەس ناپرسێ، لێرە پێکەوە ژیان هەیە".

ئەو ژنە بەردەوام دەبێ و دەڵێت "ئیسرائیلی زۆر نزیکن لە کورد. ئێستا هەستدەکەم لە کوردستانم. تەنانەت سروشت و کەشوهەوای ئیسرائیلیش لە کوردستان دەچێ. ژن و پیاوەکانیشیان لە خۆمان دەچن".

گوتەبێژی شیڤێت ئاخیم دەربارەی شێوازی وەرگرتنی نەخۆش لەکوردستانەوە دەڵێت "پێویستە پزیشکانی کوردستان بە ڕاپۆرت ئەوە بسەلمێنن کە منداڵەکە چارەسەری بۆ ناکرێت لە کوردستان. دوای ئەوە لەڕێگەی تەلەفۆن و ماڵپەڕی ڕێکخراوەکەمانەوە (www.shevet.org)، خەڵک دەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن. دوای ئەوە بەپێی پلان دەهێنرێنە ئێرە".

هێمن زۆر بیری هاوڕێکانی دەکات لە کوردستان و دەڵێت "بەمزووانە دەگەڕێمەوە لاتان. هیوادارم خوا شیفا بۆ من و منداڵانی دیکەی وەکو من بنێرێت".

# "یاخیبوون" ئازارەکانی کوردی تاراوگە نمایش دەکات



**ئاڤا هۆما**
**رووداو- کەنەدا**

بۆ ژینا کە یادەوەرییەکانی جەنگی عێراق- ئێران بەردەوام وەکو تارماییەک بەدوایەوەن، هیرۆیین تاکە هاوڕێیە. ئەو مادە هۆشبەرە تەنیا هێزە دەتوانێت ئازارە بە تینەکانی سڕ بکات.

چیرۆکی ژینا ڕەنگدانەوەی چیرۆکی ملیۆنان کوردە. لە ڕێگەی چیرۆکەکەوە ئەو کاریگەرییە درێژخایەنانە دەخرێنەڕوو کە جەنگ لەسەر منداڵی بەجێدێڵێ و هەروەها باس لە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو منداڵانە دەکات کاتێک گەورە دەبن.

ئەمە چیرۆکی فیلمی یاخیبوون "Turbulence"ە کە فیلمێکی بەهێزە و لە سەرەتای ئەم مانگەدا لە فیستیڤاڵی فیلمی ریلوۆرلد لە تۆرنتۆی پایتەختی کەنەدا نمایش کرا. ساڵی رابردووش لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی ڤانکوڤەر بۆ خەڵاتی باشترین فیلمی کەنەدی هەڵبژێردرا.

فیلمەکە چەندین چیرۆکی بچووک دەربارەی جەنگ و کاریگەریەکانی، ئاڵوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان و وازهێنان لەو ئاڵوودەبوونە لەخۆدەگرێت. هەروەها باس لە پەیوەندی نێوان باوک و کچ دەکات و باس لە کێشەی پەنابەری و ڕەگەزپەرستی و لاقەکردن و کێشەی دەروونیی پاش ڕووداوی جەرگبڕ دەکات.

لە هۆڵی شانۆی سینەپلێکس سکۆشیا بانک لە سەنتەری شاری تۆرنتۆ، سۆران مەردۆخی دەرهێنەری فیلمەکە پرسیاری لێکرا کە چ شتێک وای لێکردووە ئەو فیلمە بەرهەم بهێنێت "کاتێک کە منداڵ بووم، هیچم نەدەزانی جگە لە جەنگ". سۆران مەردۆخی کوردێکی ڕۆژهەڵاتەو لە شاری سنە لەدایکبووە.

ژینا، کاراکتەری سەرەکیی فیلمەکە، لە هەرێمی کوردستان ئەزموونی شەڕی کردووە، دواتر لەگەڵ باوکیدا کە تەنیا کەسی خێزانەکەیەتی ماوە، کۆچ دەکەن بۆ ڤانکوڤەر، ئێستا دوای چەندین ساڵ لە ڤانکوڤەر ئەو هێشتا لەگەڵ ئازارەکانی ڕابردووی خۆیدا دەژی.

سۆران لە ساڵی 2010 هاتووەتە کەنەدا. ساڵی 2014 فیلمی تێربیولانسی بەرهەم هێناوە لە ڤانکوڤەر. گەورەترین بەربەستی سۆران نەبوونی فەند و ئامێری تازەی تەکنەلۆژی بوو، ئەکتەرەکانی زۆربەیان خۆبەخشن و لە کوردی دیاسپۆران، بەڵام بە شارەزایی خۆی توانی بەسەر هەموو کۆسپەکانی دروستکردنی فیلم و سینەماگرافیدا سەربکەوێت.

بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە لە چاوی ژینا و باوکیەوە، سۆران سیناریۆیەکی دەگمەن دەخاتە ڕوو، ئەویش ئەوەیە کە چۆن نەوەی پێشوو ئاسانتر لەگەڵ کلتوورێکی نوێدا دەگونجێن، وەکو لە نەوەی نوێ.

شێرزاد، باوکی ژینا، بە تەواوی پێچەوانەی وێنەی باوی باوکی کوردە. ئەو بە هەموو دڵگەرمییەکەوە بەردەوام پشتگیری لە کچەکەی دەکات. ئەمەش سەرەڕای ئەو لەکەدارکردنەی کە لە کۆمەڵگەکەیەوە دووچاری دەبێت، بەهۆی ئاڵوودەیی کچەکەیەوە. باوک تەنیا ڕێگەیە بۆ ژینا تا بگەڕێتەوە سەر ژیانێکی نۆرمال، هەرچەندە سەرکەوتووش نابێت.

شێرزاد، بێ گوێدانە بەربەستەکان و لە دەستدانی زاکیرەی، بەردەوام دەبێت لە خەونەکانی. ئەو کە ئێستا تەمەنی 70 ساڵە، ئامێرێکی نوێی داهێناوە و دەیەوێت تۆماری بکات و بە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بفرۆشێتەوە. ئەو پێشتر لە کوردستان ئەندازیاری کارەبا بووە و ئێستا لە کەنەدا کاری وەرگێڕان دەکات، بەڵام هێندە هەژارە پارەی ئەوەی نییە باجی تۆمارکردنی داهێنانەکەی بدات.

فیلمەکە چەند دیمەنێکی ناڕوونی تێدایە. ڕوون نییە خاوەنی ئەو ساڵۆنەی ژینا دەچێت پارەی لێ قەرزدەکات کێیە؟ هەروەها بینەر ئەوەی بۆ ڕوون نابێتەوە ژینا کە دوای تەمەنی 20 ساڵی هاتووەتە کەنەدا، چۆن بەو زمانە پاراوە ئینگلیزیە قسە دەکات و بۆ هیچ دەربارەی کلتوری کوردی کە کلتوری ڕەسەنی خۆیەتی نازانێت؟ هەڵسوکەوتی زیاتر کەنەدییە وەکو لە کوردی.

دیمەنی کوشتنەکە لە کۆتایی فیلمەکەدا کە وا دەردەکەوێت ژیانی ژینای بە تەواوەتی گۆڕیبێت، بەتەواوی پشتگوێ خراوە. دوا بەشی فیلمەکە زۆر ڕووداو لەخۆدەگرێت، ئەمەش وا دەکات فیلمەکە لە میلۆدراما نزیک بێتەوە.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تێربیولانس، فیلمێکی بەهێزە و میوزیکێکی بەهێزی بۆ هەڵبژێردراوە کە وا لە بینەری کەنەدی و کورد دەکات هەست و سۆزیان بجوڵێت و هانیان دەدات هاوخەمی شێرزاد بن.

هەروەها بیر دەربارەی ژیان دوای جەنگ و کۆچکردن دەوروژێنێ. وا لە بینەر دەکات بزانێ چۆن کۆچبەر بەهۆی ڕووداوەکانی ڕابردوو بەردەوام ئازار دەچێژێ، هەرچەندە ئەگەر لە ڕووی جەستەییەوە لە شوێنێکی سەلامەتیشدا بێت.

# 7 کورد بەربژێرن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی فینلەندا

**شاد محەممەد**
**رووداو- هەولێر**




ڕۆژی 19ی مانگی داهاتوو، هەڵبژاردنی پەرلەمانی فینلەندا بەڕێوەدەچێت و 7 کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتەش بەربژێرن. یەکێک لە بەربژێرە کوردەکان دەڵێت "فینلەندییەکان تێڕوانینێکی ستراتیژییان بۆ دەنگەکانیان هەیە و نایانەوێت بە فیڕۆ بڕوات، بۆیە کاریگەرنین بە پرسە دەرەکییەکان".

ژمارەی دانیشتووانی فینلەندا 5.3 ملیۆن کەسە و نزیکەی 100 هەزار بیانی تێدایە کە 10 هەزاریان کوردن.

بنار مستەفا کە یەکێکە لە 22 کاندیدەکەی هێلسنکی پایتەختی ئەو وڵاتە، پێشتر وەک تاکە کورد بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ساڵی 2012 خۆی بەربژێر کرد، بەڵام دەرنەچوو.

بەبڕوای بنار ئەگەرچی کورد چالاکانە بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن، بەڵام هێزی یەکلاکەرەوە نین و دەنگی زیاتریان پێویستە. لەبارەی سەرنەکەوتنیشی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، دەڵێت "دەرنەچوون بۆ ئەنجوومەنی شارەوانییەکان، مانای شکست نییە". گوتیشی "بەهۆی زۆریی دەنگەکانم پۆستێکی دیکەم لە شارەوانییەکان وەرگرت". بەڵام بەبڕوای بنار بوونی لە لیستێکی 22 کەسی لەسەر ئاستی پایتەخت بۆخۆی سەرکەوتنە، چونکە وەک ئەو گوتی "ئەگەر تاوانێکت نەبێت، زۆر بە ئاسانی دەبیتە کاندیدای شارەوانییەکان، بەڵام بۆ پەرلەمان بەو شێوەیە نییە".

### پارتە ڕەگەزپەرستەکان و ململانێیەکی توند

بنار مستەفا لە تەمەنی 12 ساڵییەوە لەو وڵاتە دەژی، بەڵام نەیشاردەوە کە ئەو و بیانییەکانی ئەو وڵاتە "لەلایەن فینلەندییەکانەوە هەمیشە وەک بێگانە سەیر دەکرێن".

پارتی فینلەندییە ڕەسەنەکان کە بە پارتێکی ڕەگەزپەرست ناودەهێنرێت، یەکێک لە بەرنامە سەرەکییەکانیان چاککردنی قەیرانی دارایی وڵاتە، ئەویش لە ڕێگەی بڕینی بودجەی کاروباری بیانی و کۆچبەران.

ئەو پارتە لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا بوونە پارتی سێیەمی وڵات. بەڕای بنار "ململانێ لەگەڵ پارتی لەم شێوەیە ئەستەمە". گوتیشی "لە ڕێگەی بەرنامە و پلانی کارەوە ململانێیان دەکەین وەک پارتی ڕکابەر".

زۆرینەی هەژاران لە بیانییەکانی ئەو وڵاتەن و هاوکات پێکهاتەیەکی زۆری کۆمەڵگەی فینلەندیش کێشەی ژیانیان بەهۆی ململانێی چینایەتی هەیە و ئەمەش بنەمای کاری بنارە، بۆیە دروشمەکەی "پێکەوە بەرەو یەکسانی"یە.

### شەڕی داعش کاریگەری نییە

لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا بە فینلەنداشەوە، کورد بەوە ناوی دەرکردووە کە توانیویەتی ڕووبەڕووی چەکدارانی داعش ببێتەوە. پێشتر وەزیری بەرگری ئەو وڵاتە ئامادەیی وڵاتەکەی نیشاندا بۆئەوەی هاوکاری پێشمەرگە بکات، بەڵام بنار گوتی "ئەم پرسانە کاریگەرییان لەسەر دەنگدەر نییە". ئەو گوتی "لێرە دەنگدەر قووڵتر لە پرۆسەکە دەڕوانێت، ئەوان تێڕوانینێکی ستراتیژییان بۆ دەنگەکانیان هەیە و نایانەوێت بە فیڕۆ بڕوات، بۆیە کاریگەر نین بە پرسە دەرەکییەکان".

### ئەسکەندەنافیا ئەزموونێک بۆ کوردی تاراوگە

کوردی تاراوگە ئەزموونێکی دیاریان لە وڵاتانی باکووری ئەوروپا و ئەسکەندەنافیا پێشکەش کردووە و بەشدارییەکی کارایان هەیە لە پرۆسەی سیاسی ئەو وڵاتانە. سوید وەک پێشەنگی وڵاتانی ئەسکەندەنافی نموونەیەکی زیندووە، لە 4 پرۆسەی جیاوازی هەڵبژاردندا، کورد سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. لەدوایین هەڵبژاردنی ئەو وڵاتەدا کە هەڵبژاردنی پەرلەمان بوو شەش کورد دەرچوون، ئەمەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ کارابوونی کوردی وڵاتانی دیکە، ڕەنگە فینلەندا نموونەیەکی زیندووبێت کە بۆ یەکەمجارە لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا 7 کاندیدای کورد هەبن.

**بەربژێرانی کورد بۆ پەرلەمانی فنلەندا:**

1 - ئیمیل بولوت، کاندیدای ژمارە 91 لەسەر لیستی پارتی ژینگە/سەوز.
2 - بنار مستەفا، کاندیدای ژمارە 39 لەسەر لیستی هاوپەیمانێتی چەپ، چالاکڤانی مەدەنی
3 - ولات نەهری، کاندیدای ژمارە 144 لەسەر لیستی پارتی سۆسیال دیموکراتی فیلنەندا.
4 - میدیا حاتەم، کاندیدای ژمارە 223 لەسەر لیستی پارتی گەلی سویدیی لە فینلەندا، دبلۆم لە کارگێڕیی کار.
5 - عەلی گیرای، کاندیدای ژمارە 19 لەسەر لیستی پارتی سەوز.
6 - ئەرسەلان ئولوداگ. کاندیدای ژمارە 187 لەسەر لیستی پارتی کۆمۆنیستی فینلەندا.
7 - محەمەد ئەمین ئەلا مورادی، کاندیدای ژمارە 133 لەسەر لیستی هاوپەیمانێتی چەپ، نووسەر و مامۆستا.

## سەڵاواتی بەرهەمەکانی باپیری تۆمار دەکاتەوە



**ڕێکەوت سەلام / ڕووداو- هەولێر**

ڕەزا سەڵاواتی، نەوەی هونەرمەند سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی ڕایگەیاند کە بە نیازی تۆمارکردنی ئەلبوومێکی گۆرانییە و دەشڵێت هونەرمەند مەزهەری خالقی بەڵێنێکی پێداوە. سەڵاواتی بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبوومێکم کە لە 8 تراک پێکدێت، بەڵام هەموو گۆرانییەکان تازەن و گۆرانییەکانی باپیرم لەو ئەلبوومەدا ناڵێمەوە". هەروەها گوتی "هونەرمەند مەزهەری خالقی بەڵێنی پێداوم لە ستۆدیۆکەی خۆی، بەرهەمەکانی باپیرم بە دەنگی من تۆمار بکاتەوە".

### دینا حایک، هونەرمەندی بەناوبانگی لوبنانی بۆ (ڕووداو):

# یادگاریی جوانی هەولێر و خەڵکی کوردستانم لەبیرناچێ



سـاڵی 2012 کاتێک سـەردانی هەولێری کرد، لە هۆتێل ڕۆتانا یەکدیمان بینی و گفتوگۆیەکمان کرد. ئـەوکات هەولێر وەک پایتەختی گەشـتیاری وڵاتانی عەرەبی هەڵبژێردرابـوو، دینا حایک ئەو بڕیـارەی زۆر پێ گونجاو بوو گوتی "هەولێر شـایەنی ئەوەیە ببێتە پایتەختی گەشتیاری".

گۆرانیبێـژی لوبنانی دینـا حایک کە ناوە ڕاسـتەقینەکەی کولیت بوجرجسـە، لە 10/6/1982 لە باوکێکی لوبنانی و دایکێکی سـووری لەدایکبووە. لە ساڵی 1999وە گۆرانی دەڵێت، بەڵام بەهۆی ئەلبوومی (کتبتک) لە ساڵی 2005 ناوبانگی دەرکرد.

دینا حایک لەم هەڤپەیڤینەدا کە لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە لەگەڵی سازکراوە، وەڵامی چەند پرسیارێکی (ڕووداو)ی داوەتەوە.

دەرباز یونس

ڕووداو – هەولێر

**ڕووداو: ساڵی 2012 کە سەردانی هەولێرت کرد، بارودۆخ جۆرێکی دیکە بوو، بەنیاز نیت جارێکی دیکە سەردانی هەولێر بکەیتەوە؟**

**دینـا حایک:** سـەردانی من بـۆ هەولێر بۆ پرۆژەی فێستیڤاڵی هەلا ئەربیل و هەڵبژاردنی شـاجوانی کوردسـتان بوو کە بـۆ یەکەمجار ئەو شـاجوانە لـەوێ هەڵبژێردرا. ئێسـتاش ئەگـەر دەرفەتێکـی گونجـاوی کار هەبێـت بەخۆشحاڵییەوە سەردانی هەولێر دەکەمەوە.

**ڕووداو: تۆ لە لیژنەی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردسـتان بوویـت، هەرێمـی کوردسـتان و پرۆژەی هەڵبژاردنی شاجوانت پێ چۆن بوو؟**

**دینا حایک:** من لە کوردستان تەنیا هەولێرم بینی، بەڕاستی شارێکی خۆشە و خەڵکەکەشی زۆر بەڕێـزن، مامەڵەیان لەگەڵ من زۆر جوان بوو. هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستانیش زۆر بە ڕێکوپێکی بەڕێوەچـوو، ئەگەرچی ئەوەی باسـی دەکەین بەر لە نزیکەی 3 ساڵە، بەڵام یادگاری جوانی هەولێر و خەڵکی کوردسـتانم لەبیرناچێ.

**ڕووداو: ئێسـتا سـەرلەبەری ناوچەکـە ڕووبـەڕووی شـەڕی تیـرۆر بووەتـەوە، هونەرمەندانـی کورد و هەنـدێ هونەرمەندی جیهانیـش لـە ڕێگـەی کاری خێرخوازییەوە هاوکاری ئـاوارەکان دەکەن، تۆ بەنیازی هیچ نیت؟**

**دینـا حایک:** مـن نیوە سـووریم، چونکە دایکم سوورییە. لەگەڵ ئازار و خەمەکانی ئەو وڵاتـە دەژیم و زۆرجار بـۆ قوربانیان گریاوم. بێگومـان قوربانیانی کوردسـتان و عێراقیش ئازارم دەدەن، هیوادارم بتوانم کارێکی باشیان بۆ بکەم. هەر پرۆژەیەکی خێرخوازیش هەبێت من ئامادەم.

**ڕووداو: زۆربەی هونەرمەندان جگە لە هونەر کارێکی دیکەش دەکەن، ئەی تۆ؟**

**دینـا حایـک:** مـن خـۆم کۆلێژی یاسـام تـەواو کـردووە، واتـە پارێـزەرم و دەتوانـم کاری پارێزەریـش بکەم، بەڵام لە هونەرەکەم سەرکەوتووترم.

**ڕووداو: سەیر نییە کە زۆر لە هونەرمەندانی عەرەب یاسایان خوێندووە و پارێزەرن؟**

**دینـا حایک:** خۆ ئەمـە خراپ نییە، کەس ناتوانێ فێڵمان لێبکات.

**ڕووداو: کێشـەیەک هەبوو لـە نێوان تۆ و کۆمپانیای ڕۆتانا، هۆکارەکە چی بوو؟**

**دینا حایک:** ئەوەی تۆ باسی دەکەی شتێکی کۆنە، کێشـەکە تەنیـا ئەوە بوو لـە یەکدی نەدەگەیشتین، ئێسـتا من لەگەڵ کۆمپانیای دیکە کار دەکەم و ئەوانیش بەردەوامن، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

**ڕووداو: ناو گۆڕین ئێستا لە نێو هونەرمەندە عەرەبەکان زۆر باوە، زانیاریم هەیە تۆش ناوی خۆت گۆڕیوە، بۆچی؟**

**دینا حایک:** زانیاری زۆرت لەسەر من هەیە. بەڵێ منیش ناوی خۆم گۆڕیوە، ئەمە شتێکی ئاساییە، هونەرمەندەکان ناوی خۆیان دەگۆڕن و ناوی هونەری هەڵدەبژێرن، منیش هەر وەکو ئەوان.

**ڕووداو: واتـا لاسـایی هونەرمەندەکانـی دیکەت کردووەتەوە؟**

**دینا حایک:** نەخێر، ئەمە لاسـاییکردنەوە نییە، ئەمە مۆدێلێکی هونەرییە.

**ڕووداو: ئـەی نەشـتەرگەریی جوانـکاری، ئەمەش مۆدێلی هونەرییە؟**

**دینـا حایک:** نا، نەشـتەرگەری جوانکاری زۆربەی ئافرەتانی دونیا ئەگەر پێویستیان بێت دەیکـەن، بەڵام هونەرمەندان و کەسـایەتییە ناسـراوەکان زیاتـر دەردەکـەون و دیـارن، لەبەرئەوەیە.

**ڕووداو: تـۆش نەشـتەرگەری جوانکاریت کردووە؟**

**دینا حایک:** زۆر نا.

**ڕووداو: هیـچ کام لـە هونەرمەندانی کورد دەناسی؟**

**دینا حایک:** لە نزیکەوە نەخێر، بەڵام گوێ لە گۆرانی کوردی دەگرم، گۆرانی زۆر خۆشیان هەیە.

**ڕووداو: زۆر هونەرمەنـدی عـەرەب باسـی ئەوەیـان کردووە کە دەسـتدرێژییان کراوەتە سـەر، یاخـود لـە لایـەن هونەرمەنـدان و بەرهەمهێنەرەکانـەوە هەوڵـدراوە ئیسـتغلال بکرێـن و بەناوی کاری هونەرییەوە پەیوەندی خۆشەویسـتییان لەگەڵ ببەسـترێ، تۆ هیچ چیرۆکێکی لەو شێوەیەت هەیە؟**

**دینا حایـک:** هەموو ئافرەتێـک چیرۆکی لەم شـێوەیەی هەیە، مەبەسـتم دەستدرێژی نییە، مەبەسـتم ئەوەیە کە لەلایەن کەسـانی دیکـەوە ئیسـتغلال دەکرێن و هـەوڵ دەدرێ لـە پەنـای کارەوە پەیوەندی خۆشەویسـتی یاخود سێکسـی لەگەڵ دروسـتبکەن، بەڵام ئەوە دەگەڕێتەوە سەر کەسایەتی ئافرەتەکە. منیش وەکو ئافرەتێک زۆرجار تووشی حاڵەتی لەو شـێوەیە هاتووم، بەڵام بەجۆرێک وەڵامم داوەتەوە کە بەرامبەرەکەم شەرم بکات.

**ڕووداو: هۆکارەکە ئەوە نییە کە هەندێ لە خانمانی هونەرمەند لە کلیپەکانیاندا ورووژێنەر دەردەکەون؟**

**دینـا حایـک:** هونەرمەنـد دەبێـت لـە گۆرانییەکانیدا وەکو ئەکتەرێکی باش مامەڵە بـکات، ئەو ڕۆڵـە ببینێ کـە دەرهێنەر پێی دەدات، زۆرجـار گۆرانییەکـە پێویسـت بەوە دەکات ئافرەتەکـە وروژێنـەر دەربکەوێـت، یاخود جلوبەرگی ڕووتـی لەبەردا بێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە لەشفرۆش بین.



- به پۆشینی جلی ڕووت لە کلیپەکاندا نابینە لەشفرۆش
- بۆ قوربانیانی شەڕی داعش گریاوم

---

### بەڕێوەبەری کارەکانی ئەمیتاب باچچان بۆ (ڕووداو):

# ئەمیتاب بڕیاری داوە توخنی سیاسەت نەکەوێـت



(فۆتۆ: AFP)

**تەیار عادل گۆران**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبـەری کارەکانـی ئەمیتـاب باچچـان نوێتریـن کاری ئـەو هونەرمەنـدەی ئاشـکرا کرد کـە بەرهەمهێنانی فیلمێکە لەسـەر ژیانی خۆی و چۆنێتی تێکەڵبوونی بە دنیای سینەما.

ئەکتەری دیاری هیندی ئەمیتاب باچچان کە بە پاشای بۆڵیوود دەناسرێ، لە ساڵانی حەفتاکانەوە ئەسـتێرەی لـە درەوشـانەوەدایە و ڕۆژ بـەڕۆژ هـەواداری زۆرتـر دەبن. بـەردەم ماڵەکەی جمەی دێـت لە خەڵـک. هەوادارانی بـە تامەزرۆییەوە لە کردنـەوەی دەرگای ماڵەکـەی دەڕوانن و چاوەڕێی دەرکەوتنی دەکەن. ئەویش بەپێی کاتی خۆی دێتە دەرەوە و سڵاو لە هەوادارانی دەکات.

هەڤپەیڤینـی ڕۆژنامەوانـی لەگـەڵ ئەمیتـاب کارێکـی ئێجگار قـورس و دژوارە، بە تایبەتی بۆ ڕۆژنامەنووسێکی ناهیندی، چونکە ئەمیتاب کاتی زۆر کەمـە و دەبێت ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی وەڵام بکەی کە ڕەنگە وەڵامەکەش "نا" بێت. بۆیە ناچار بووین بە تەلەفۆن قسـە لەگەڵ ڕۆسـی سـینگ، بەڕێوەبەری کارەکانی بکەین.

### چۆن بوو بە ئەکتەر؟

سـینگ باسـی دوایـین پـرۆژەی ئەمیتابی بۆ (ڕووداو) کـرد و گوتـی "نوێترین فیلمی ئەمیتاب بەنـاوی شـامیتابە کە کاتی پەخشـکردنی نزیک بووە".

وەک ڕۆسی باسی کرد، ئەو فیلمە باس لە ژیانی دوو گەنج دەکات بە ناوەکانی ئەکشـارا حەسـەن و دانش کە دەیانەوێت ببنە ئەکتەری سـینەما لە بۆڵیوود، بەڵام تووشی کێشەی زۆر دێن.

فیلمەکـە زۆرتـر باسـی ژیانی دانـش دەکات کاتێـک ڕوودەکاتە شـاری مۆمبای بـۆ ئەوەی لە فیلمێکـی بۆلیوود خۆی ببینێتـەوە، دواتر چانس یـاوەری دەبێت و بەشـداریی فیلمێـک دەکات بە ناوی "شـامیتاب". بەڵام ڕووبەڕووی زەحمەتی زۆر دەبێتەوە.

ڕۆسـی سـینگ ئاشـکرای کرد کە فیلمەکە لە بنەڕەتـدا بـاس لـە ژیانـی سـەردەمی گەنجێتی ئەمیتاب خـۆی دەکات، کاتێک وەکـو کاراکتەری فیلمی شـامیتاب کەس نەیناسیوە و ویستوویەتی ببێتە ئەکتەری سینەما. ڕۆسی گوتی "ئەمیتابیش وەکو کاراکتەری سەرەکی فیلمی شامیتاب بەمجۆرە هاتووەتە نێو دونیای سینەما".

هەرچەنـد ئەمیتاب کوڕی شـاعیری ناسـراوی هیندستان هارڤانشرای ڕای باچچانە، بەڵام کاتێک لـە شـاری ئەڵلا ئابـاد هاتووەتە مۆمبای بۆ کارکردن لە بواری سـینەما و بەدیهێنانـی خەونەکانی، کەس ئەوی نەدەناسـی و تووشی ئاستەنگی زۆر هاتووە تاوەکو گەیشـتووەتە ئەمـڕۆ کـە هەمـوو هیندییەکان شـانازیی پێوە دەکەن.

> لەبەر کاری خێرخوازی نەبووایە ئێستا ئەمیتاب دەوڵەمەندترین کەس دەبوو

### دەنگـی تەنیـا لـە حەمام خۆشە

بەڕێوەبـەری کارەکانـی ئەمیتاب باسـی ژیانی ڕۆژانەی ئەو ئەستێرەیە دەکات و دەڵێت "ئەمیتاب ڕۆژانە سەرقاڵە بە کار و پرۆژەی نوێ، بەرنامەکەشی بەناوی (کان بەنێگا کرۆر پەتی) واتە (کێ دەبێتە ملیۆنێـر) لە تەلەڤزیـۆن بەردەوامە. جگە لەوەش سـەرقاڵی بەرهەمهێنانی فیلمی نوێیە و ڕۆژانەش خەریکـی ڕیکلامـی بازرگانییە بـۆ کۆمپانیاکان و گۆرانی بۆ فیلمەکانی تۆمار دەکات".

سـەبارەت بـە گۆرانییەکانی ئەمیتاب، ڕۆسـی گوتی "خەڵک زۆر حەز لە دەنگی ئەمیتاب دەکەن، بـەڵام ئەو دەنگی خۆی بـەدڵ نییە و تەنیا لەبەر خاتری جەماوەرەکەی گۆرانی دەڵێت".

ئەمیتاب پێشـتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی گوتنی گۆرانییەوە بە پێکەنینەوە گوتبووی "دەنگـی من تەنیا بە کەڵکی ئـەوە دێت لە کاتی خۆشۆریندا لە حەمام گۆرانی بڵێم".

ڕۆسـی دەڵێت "ئەمیتاب بەردەوام قسە لەسەر هەوادارانـی دەکات و دەڵێـت من بەهۆی ئەوانەوە گەیشتوومەتە ئەم ڕۆژە، ئەگەر ئەوان نەبن منیش مرۆڤێکی زۆر ئاسـایی دەبم، ئەمیتـاب ئەوکاتانە دڵخۆشـە کە بزانێـت توانیویەتـی جەماوەرەکەی خۆی دڵخۆش بکات و خەندە بخاتە سەر لێوانیان".

### لە سیاسەت دوورە

لەبـارەی ئـەوەی ئاخـۆ لـە بەرنامەیدا نییە فیلمێک لەسـەر داعش دروست بکات کە ئەمڕۆ جیهانـی بەخۆیـەوە سـەرقاڵ کـردووە، بـە تایبەتـی کـە ئەمیتاب پێشتر فیلمێکی لەسەر ڕێکخراوی قاعیدە بەرهەمهێناوە؟ ڕۆسـی گوتـی "ئەمیتـاب لە سـاڵی 1992وە وازی لە سیاسەت هێنـاوە، زۆر بە کەمی خـۆی لە قەرەی سیاسـەت دەدات، تەنانەت فیلمەکانیشی ئێستا زۆر کـەم بەلای سیاسـەتدا دەچن، بـەڵام بڕیاری کۆتایی لەلای خۆیەتی، ئەگەر سیناریۆیەکی جوان هەبێت، ڕەنگە بیکاتە فیلم".

### چی لە داهاتی کارەکانی دەکات؟

ڕۆسـی لەبارەی سـەروەت و سـامانی ئێستای ئەمیتاب گوتی "جگە لە داهاتی فیلمەکان، ڕۆژانە لە ڕێگای ڕیکلامی بازرگانی، نووسینگەی تایبەتی ئەمیتـاب پارەیەکی زۆری دەسـتدەکەوێت، بەڵام لەسـەر داوای بەڕێـز ئەمیتاب ئێمـە وەکو تیمی نووسینگەکەی، زۆربەی داهاتەکان بەسەر خەڵکی هەژار و کەمدەرامەتی هیندستان دابەش دەکەین".

ڕۆسـی گوتیشـی ئەمیتاب قەت دڵی بە پارە خۆش نەکردووەو هەمیشـە دەڵێت جەماوەری من گەورەترین سەرمایەی منن.

سـەبارەت بـە قەبـارەی داهاتەکەشـی گوتی "داهاتی زۆرە، بەڵام ئەوە 30 سـاڵە دەیبەخشێتە هـەژاران، ئەگـەر وەکـو هونەرمەندانـی دیکـە داهاتەکـەی کۆکردبایەوە و لـە کاری خێرخوازیدا خەرجـی نەکردبـا، ئێسـتا دەوڵەمەندترین کەس دەبوو لە جیهاندا".

### ئەمیتاب باچچان کێیە؟

ئەمیتـاب هارڤانـش ڕای باچچان ئەسـتێرە و پادشـای سـینەمای بۆلیوود لە 11ی ئۆکتۆبەری 1942 لە شاری ئەڵلائابادی هیندستان لە ولایەتی پرادیش لەدایکبووە.

ساڵی 1970 ڕوو دەکاتە شاری مۆمبای و خۆی لە بۆڵیوود نزیک دەکاتەوە و دواتر دەبێتە یەکێک لە ئەستێرەکانی سینەمای هیندی.

ئەمیتاب ساڵی 1984 تێکەڵی سیاسەت دەبێت و دەچێتـە ڕیـزی پارتـی کۆنگرەی نیشـتیمانی هیندسـتان (حیزبەکـەی مهاتما غانـدی). بەڵام تەمەنـی لە سیاسـەت کـورت دەبێـت و تەنیا 3 سـاڵ کاری سیاسـی دەکات، دوای ئەوەی لەگەڵ براکەی لە سکانداڵێک بەناوی بۆفۆرز تێوەدەگلێن، هەرچەندە بێ تاوان دەردەچێت، بەڵام بڕیار دەدات واز لە سیاسەت بهێنێ.

ئەمیتـاب ژیانـی هاوسـەری لەگـەڵ ئەکتەری هیندی جایا بەهارودی پێکهێناوە. خاوەنی کوڕێک و کچێکە بەناوەکانی ئەبهیشـیک باچچان و شویتا ناندا کە کوڕەکەی ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئەکتەری هیندی ئیشواریا ڕای پێکهێناوە.

ئەمیتاب لە ژیانی هونەری خۆیدا بەشـداری لە 180 فیلمدا کردووە و ئێستاش دوو فیلمی ئامادەن، ئەوانیش فیلمی Piku کە لە 30ی نیسـانی 2015 و فیلمـی Wazir لـە 15ی ئابی ئەمسـاڵ نمایش دەکرێن.


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
بەشێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
Cihan Construction
هەولێر - رێگای کەرکوك - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


شاری دایك
بەشداربە لە بەرزترین و ناوازەترین شوێنی
گەشتیاری و نیشتەجێبون
شاری دایك
SHARI DAIK
bareaz
GROUP COMPANY
ڤێلاکانی شاری دایك
شوقەکانی شاری دایك
www.Bareazgroup.com
/bareaz Group
0750 112 0090
0770 365 0090
ناونیشان
سلێمانی | بناری گۆیژە

ڕووداو
ژنان
ژمارە (352) دووشەممە 2015/3/30

## ژنێکی دووگیان دەکوژرێت



**ڕووداو- سلێمانی**

نەقیب شەماڵ تاهیر، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی شارەزوور بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند ئێوارەی ڕۆژی 2015/3/27 ژنێکی دووگیان لە نێو ماڵەکەی خۆیدا لە شارۆچکەی هەڵەبجەی تازە کوژراوە. بەپێی قسەی ناوبراو ئەو ژنە دوو گیان بووە و تەمەنی 25 ساڵ بووە، لەلایەن هاوسەرەکەیەوە 3 فیشەک بەر جەستەی کەوتووە ء کوژراوە. دواتریش هاوسەرەکەی بەپێی ماددەی 405 لەیاسای سزادانی عێراق دەستگیرکراوە، ناوبراو گوتی "پیاوەکە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا گوتوویەتی کە لەکاتی دەستکاریکردنی کلاشینکۆفەکەیدا بەهەڵە فیشەکی لەدەست دەرچووە ء هاوسەرەکەی کوشتووە، بەڵام ئێمە بەردەوامین لەلێکۆڵینەوەکانمان".

چایخانەی داناوە و بەنیازە شەوان تاکسی بگێڕێ

# ژنێک بەتەنیا بەرەوڕووی نەریت دەبێتەوە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

زۆر لەوانەی یەکەمین جاریانە دەچنە نێو چایخانەکەی شەقامی چوارباخ، سەریان سوڕدەمێنێ. لەوێ ژنێک لەنێو جەنجاڵیی بازاڕێکدا، دەیەوێ لە یەک کاتدا بە پیشەکەی پارە پەیدا بکات و بە پیاوانیش بڵێ "من دەتوانم لە نەریت بەهێزتر بم".

سۆلین سابیر، 32 ساڵ، تاوەکو سێی ناوەندی خوێندووە. پێشتریش زۆر کاری دیکەی کردووە کە دواییینیان سەربازی بووە، بەڵام ماوەی دوو مانگە بووەتە هاوبەش لەگەڵ کەسێکی دیکەی ناسراویان کە چایخانەی هەیە لە شەقامی چوارباخی سلێمانی و ئێستا پێکەوە بەڕێوەی دەبەن.

هەندێک لەوانەی چوونەتە لای ئەو ژنە و چایەکیان لەوێ خواردووەتەوە، بڕوایان وابووە پاش ماوەیەکی کەم واز لەوکارەی دێنێ، چونکە وەک ئەوان دەیانگوت، جگە لەوەی بازاڕەکە تەواو پیاوانەیە، شوێنەکەشی گەڕەکێکی تارادەیەک میللییە، بەڵام هێشتا هەر دەبینن ئەو ژنە بەیانیان دەرگای چایخانەکەی دەکاتەوە.

ئەو بازاڕەی سۆلین کاری لێدەکات بەقاڵ و مریشکفرۆش و شووشەواتی تێدایە، چەند مەترێک لەولای چایخانەکەش فولکەی خانەقا و بازاڕی دۆلارەکەیە، بەڵام سۆلین ئاسوودەیە لەئیشەکەی و دەڵێت "ڕاستە شوێنێکی میللییە، بەڵام دەبێت بۆ خۆت بژیت و باوەڕت بەخۆت هەبێت".

سۆلین پانتۆڵ و بلوزێکی ڕەشی لەبەردایە و کالەی وەرزشی لەپێ دەکات، زیاتر لە کەسێکی وەرزشکار دەچێ نەک چایچی، بەڵام لەپێناو پەیداکردنی "بژێوییەکی شەرەفمەندانە" کە خۆی زۆر ئەو دەستەواژانە دووبارە دەکاتەوە، ئامادەیە هەموو کارێک بکات "شانازی بە ئیشەکەمەوە دەکەم، چونکە ئیشێکی ئاشکرایە".

زۆر کەس ڕوو لە چایخانەکەی سۆلین دەکەن. ئەویش دەتوانێ هێزی مێینەی خۆی بەکاربێنێت و بەڕوویەکی خۆش و هەندێجاریش پێکەنینەوە بۆ ئەو کەسانەی دەیانناسێت وەڵامیان دەداتەوە و چایەیەکیان بۆ دادەنێت و پاشانیش کەمێک باس و خواسی دنیا دەکەن، هەرچەندە چایخانەکەش زۆر گەورە نییە و ڕووکاری ناوەوەشی تەنیا بەتەختە داپۆشراوە، بەڵام ئەو ڕازییە لە شوێنەکەی.

"من کە ڕێگای ڕاستم گرتبێ، ئیدی گرنگ نییە سێبەرەکەم لای خەڵک چەماوە بێت". سۆلین ئەم وتەیەی لە چایخانەکەی هەڵواسیوە بۆ ئەو کەسانەی بە چاوی داو و نەریتەوە هەڵیدەسەنگێنن.

سۆلین دەڵێت "خەڵک هەبوو دەیگوت چۆن ئەو کارە دەکەی، بەڵام لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو کەسانەی دێنە ئێرە، 100 پیاویش دابنیشێت هیچ خۆم تێک نادەم".

لەو کاتەوەی سۆلین لەو چایخانەیەدا کار دەکات، چەند ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش ڕوویانداوە، لەوانە ڕۆژێک پیاوێک لەنێو ئۆتۆمبیلەکەیەوە کە سەیری کردووە لەو چایخانەیە ژنێک کار دەکات، ئاگای لە بەردەمی خۆی نەماوە و خۆی کێشاوە بە ئۆتۆمبێلێکی دیکەدا. هەروەها دوو ئافرەتیش کە لەنێو ئۆتۆمبیل بوون و بینیویانە، دابەزیون و چایان خواردووەتەوە، جگە لەوەش ئافرەتێک کە لەئەڵمانیاوە گەڕاوەتەوەو بەڕێکەوت چای لای ئەو خواردووەتەوە، بە سۆلینی گوتووە "ئەگەر چایخانەکەت گەورە دەکەیت هاوکاریت دەکەم".




### دەیەوێ ببێتە شوفێری تاکسی

ئەو نایەوێ تەنیا بەو 7 کاژێرەی نێو چایخانەیە بوەستێ و بیر لە کاری دیکەش دەکاتەوە. پلانی هەیە لەم ماوەیەدا شەوانە کاری تاکسی بکات، داواش لە ئافرەتان دەکات هەوڵ بدەن توانای خۆیان دەربخەن.

وەکو کوردەواری دەڵێ کەس نازانێت ڕزق لەچیدایە. هاوبەشەکەی (سۆلین)یش، سەرکەوت عەلی، هەرگیز بەخەیاڵیدا نەهاتووە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئافرەتێک لەگەڵیدا کار بکات و بازاڕی ببووژێتەوە، بۆیە یەکەمین ڕۆژ کە سۆلین گوتوویەتی دێم کار دەکەم، هەر وایزانیوە بۆ خۆشی وا دەڵێت، بەڵام کە زانیویەتی سۆلین ئەو بڕیارەی داوە، پشتگیری کردووە "ئێستا ئیشەکەمان زۆر جیاوازەو ئافرەتان دێن دادەنیشن و چا دەخۆنەوە".

کاژێر 4ی ئێوارەیە و سۆلین قسە بۆ (ڕووداو) دەکات، چەند ئافرەتێک وەژوور کەوتن و داوای چایان کرد، بەڵام سۆلین بەزەردەخەنەوە گوتی "ببوورن چامان نەماوە".

لەپشت چالاکی و زەردەخەنە و جموجوڵی سۆلینەوە چیرۆکێکی تراژیدی خۆی حەشارداوە.

16 ساڵ لەمەوبەر هاوسەرەکەی بەتۆمەتی کوشتن دەستگیرکراوە و ئەویش نەیتوانیوە لەوە زیاتر چاوەڕوانی بکات و لێی جیابووەتەوە، پاشان خۆی و چوار منداڵەکەی چوونەتەوە ماڵی باوکی، بەڵام ماڵی باوکی بەوە ڕازی نەبوون و ئەویش بەناچاری منداڵەکانی داوەتەوە ماڵی خەزووری.

سۆلین ماوەی شەش ساڵە لە خانوویەکدا لەگەڵ ماڵی پووری دەژی و بەدەم هەناسە هەڵکێشانەوە گوتی "منیش حەزم دەکرد وەک هەر ژنێکی دیکە لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانم بم، بەڵام وا 6 ساڵە منداڵەکانیشم نەبینیون، بڕیاریشم داوە هەروا بژیم".

سەرەڕای سووتانی 42 ژن لەساڵی ڕابردوودا

# نەخۆشخانەی ڕانیە بەشی سووتانی نییە

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

بەگوێرەی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە سنووری ڕاپەڕین، ساڵی ڕابردوو 29 ژن سووتاون و 13 ژنیش خۆیان سووتاندووە. سەرەڕای ئەوەش تائێستا بەشی سووتاوی لە نەخۆشخانەکانی ئەو سنوورەدا نییە و ئەوانەی دەسووتێن، دەبێ ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی هەولێر و سلێمانی بکرێن.

مانگی ڕابردوو ژنێکی تەمەن 24 ساڵ بە ناوی (م.خ) کە دانیشتووی گوندێکی ناحیەی چوارقوڕنەی سەر بە قەزای ڕانیە بوو، لە نێو ماڵەکەی خۆیدا سووتا. ئەو ژنە سەرەتا گەیەنرایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی ڕانیە، بەڵام لەوێ چارەسەر نەکرا و بەڕێ کرا بۆ نەخۆشخانەی ئێمرجنسی سلێمانی، دوای چوار ڕۆژ مانەوەشی لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

محەممەد کە خزمی ئەو ژنەیە، دەڵێت برینەکەی زۆر سەخت نەبوو، بەڵام بەهۆی دووری و خراپیی ڕێگا و هەروەها سەرما و سۆڵە ئازاری زۆر بووە و برینەکەی لێ پیس کردووە، بۆیەش گیانی لەدەستداوە.

بەهۆی زۆریی ڕووداوەکانی سووتان، بە تایبەتی سووتانی ژنان، دانیشتووانی قەزای ڕانیە داوادەکەن بەشی سووتان لە نەخۆشخانەی ڕانیە بکرێتەوە.

ڕۆژی 2015/3/9 منداڵێکی تەمەن چوار ساڵ بە ناوی سامان محەممەد، دانیشتووی ناحیەی سەرکەپکان بەهۆی ئاوی گەرمەوە قاچی سووتا، باوکی بەنیاز بووە بیبات بۆ سلێمانی، بەڵام هەر لە ڕانیە چارەسەری کرد، چونکە برینەکەی سووک بوو.

باوکی سامان دەڵێت ڕاستە منداڵەکەی چارەسەری بۆ کرا، بەڵام بەپێویستی دەزانێت بەشی سووتاوی لە نەخۆشخانەی ڕانیە بکرێتەوە، چونکە زانیویەتی خەڵکی وا هەبووە سووتانەکەی جێی مەترسی نەبووە، بەڵام لەڕێگای چوونی بۆ نەخۆشخانەکانی هەولێر و سلێمانی تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە و بەوهۆیەوە مردووە.

لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕانیە، تەنیا ئەوانە چانسی ساڕێژبوونی برینەکەیان هەیە کە بە ڕێژەیەکی کەم سووتاون، ئەوانەی کەمێک ڕێژەی سووتانیان بەرز بێت، دەبێ بە خێرایی بگەیەنرێنە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن لە هەولێر و سلێمانی.

حەسەن حاجی ڕەشید، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە ڕاپەڕین بە پێویستی دەزانێت بەشی سووتان لە نەخۆشخانەی ڕانیە بکرێتەوە، چونکە سنووری قەزاکە فراوان بووە و ژمارەی دانیشتووانیشی گەیشتووەتە سەرووی 50 هەزار کەس.

حەسەن دەڵێت "هەر ژنێک دەسووتێت، بەم هەموو ئازارەوە لە ڕانیە و قەڵادزێوە تاوەکو دەگەیەندرێتە سلێمانی یان هەولێر باری تەندروستی خراپتر دەبێت، خەرجی و مەترسی ڕێگاش لەولا بوەستێ، جگە لەوەش پۆلیس تووشی گرفتی وەرگرتنی وتەکانی نەخۆش دەبن، چونکە دەبێت لیژنەیەک بڕوات بۆ وەرگرتنی وتەی نەخۆشەکە یان دەبێت بە نووسراوێک دادگای شارەکانی هەولێر و سلێمانی ئاگاداربکەینەوە بۆ ئەوەی وتە لە کەسی سووتاو وەربگیرێت".

ئەو بەرپرسە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە تاوەکو ئێستا چەند جارێک سەرووی خۆیان ئاگادار کردووەتەوە بۆ کردنەوەی بەشی سووتاوی لە نەخۆشخانەی ڕانیە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبووە.

حەسەن حاجی ڕەشید باسی توانای بەشی فریاکەوتنی ڕانیەی کرد لە چارەسەرکردنی برینەکانی سووتان و گوتی "هەر کەسێک ڕێژەی سووتانی 10% زۆرتر بێت، لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕانیە چارەسەر ناکرێت و دەبێ ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی هەولێر و سلێمانی بکرێ".

بەپێی ئاماری پۆلیسی ڕانیە، ساڵی ڕابردوو 67 کەس لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بە ئاگر و ئاوی گەرم سووتاون. لەو ژمارەیەش 7 کەسیان مردوون (6 مێ و یەک نێر).

تەها محەممەد، بەڕێوەبەری بەشی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین لەبارەی نەبوونی بەشی سووتان لە نەخۆشخانەی ڕانیە، بە (ڕووداو)ی گوت "پێشتر بەشێکی سادەی سووتانمان هەبوو، بەڵام لەبەر کەمیی کارمەند و نەبوونی دکتۆری پسپۆڕ لە بەشی پێست و جوانکاریدا بەشەکە داخرا".

ئێستا نەخۆشخانەیەکی 290 قەرەوێڵەیی لە ڕانیە دروست دەکرێت، تەها محەممەد گوتی "ئەو نەخۆشخانەیە بەشی سووتانی تێدا دەبێت، تەنانەت نەشتەرگەری و جوانکاریشی تێدا دەکرێت". گوتیشی "ئەگەر ئەو بەشە بکرێتەوە وەکو ڕابردوو کێشەی کارمەندمان نابێت، چونکە ئێستا پێنج دکتۆری پێست و دکتۆرێکی جوانکاریمان هەیە".




# کچەکەی ڕزگاری سووتا یان خۆی سووتاند؟

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- ڕزگاری**

کچێکی دانیشتووی ناحیەی ڕزگاری لە چێشتخانەی ماڵەکەیاندا دەسووتێ، کەسوکاری دەڵێن بەهۆی "کڵپەکردنی غاز"ەوە سووتاوە، بەڵام بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندتیژیی دژی ژنان لە گەرمیان دەڵێت گومانیان هەیە، چونکە دەبەی نەوت لە شوێنی سووتانەکەی بووە.

لە کاتێکدا خەڵک سەرقاڵی کردنەوەی ئاگری نەورۆز بوون، کچێکی تەمەن 29 ساڵ بەناوی نیسان حەیدەر، دانیشتووی ناحیەی ڕزگاری سەر بە قەزای کەلار لە نێو چێشتخانەی ماڵەکەیاندا ئاگری تێبەردەبێت و ڕۆژی دواتر گیان دەسپێرێ.

نیسان ماوەی سێ ساڵە بەشی ژمێریاری تەواوکردووە، وەک کەسوکارەکەی دەڵێن خەونی کچەکەیان ئەوە بوو کە دابمەزرێ، بەڵام خەونەکەی لەگەڵ خۆی بردە نێو گۆڕ.

ئێوارەی 21ی ئادار، نیسان لەماڵی برایەکی بووە و دواتر گەڕاوەتەوە ماڵەوە، بەڵام لە کاژێر (8.30) خولەکی شەو بەگوتەی کەسوکاری "لەکاتێکدا نەیزانیوە غازی تەباخەکەیان کراوەتەوە، لەگەڵ داگیرساندنی تەباخەکەدا ئاگری گرتووە و لە نێو قەدیەوە تاوەکو نزیک دەموچاوی سووتاوە".

قادر حەیدەر لە دووەم ڕۆژی پرسەی خوشکەکەیدا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی ئەو ڕۆژە نیسان لە ماڵی ئەوان بووە، بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، هەواڵی سووتانی نیسانیان پێداوە. قادر دەڵێت "دوای ئەوەی نیسان ڕۆیشت، لەگەڵ خاڵم چووین بۆ ماڵی برادەرێک، دوای 15 خولەک گوتیان وەرن نیسان سووتاوە".

وەک قادر باسی کرد، دوو خوشک و برایەکی هەوڵی ڕزگارکردنی نیسانیان داوە، بەو هۆیەشەوە دەستیان سووتاوە. نیسان سەرەتا دەبرێتە نەخۆشخانەی کەلار، بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی بەڕێدەکرێت بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام لەوێ دەمرێ.

نیسان خاوەنی 4 خوشک و 3 برا بوو، لەڕێگەدا هەریەکە لە قادری برای و نازەنینی خوشکی لەگەڵیدا بوون. قادر دەڵێت "لە ڕێگا توانای هەبوو قسە بکات، بەڵام ئەوەندە قسەم لەگەڵ نەکرد بۆ ئەوەی فشاری زۆرتری لەسەر دروست نەبێت".

نازەنینی خوشکیشی کە تا ئەو کاتەی نیسان گیانی لەدەستداوە هەر لەلای بووە، گوتی "پێش مردنی، شەهادەی هێناو گوتی خوایە گیان خۆت دەزانیت کە بەئەنقەست وام نەکردووەو خۆت ئاگاداریت بە چ شێوەیەک سووتام و ئەو دنیام پێبدە". نازەنین دەڵێت خوشکەکەی پێیگوتووە کە هیچ کێشەیەکی نەبووە.

ئەو خوشک و برایەی دەڵێن نیسان پێش ئەو ڕووداوە، تەنیا خەفەتی بۆ دانەمەزراندنی خواردووە. وەک قادر گوتی "3 ساڵە خوێندنی تەواو کردبوو، هاوڕێکانی دامەزرابوون، بەڵام ئەو دانەمەزرا، ئیدی زۆر خەفەتی پێدەخوارد، بەڵام ناتوانم بڵێم کە بەهۆی دانەمەزراندنییەوە خۆی سووتاندووە".

قادر و نازەنین لەڕێگەی (ڕووداو)ەوە وەڵامی ئەو گومانانە دەدەنەوە کە سەبارەت بەسووتانی خوشکەکەیان هەن. قادر گوتی "ڕووداوەکە بەو شێوەیە بووە کە باسمان کرد، ئەگەر لە خەڵکیشی بشارینەوە ناتوانین لە خوای بشارینەوە".




نازەنینی خوشکیشی بە گەرووی پڕ گریانەوە دەیگوت "هەر کەسێک قسەی بۆ هەڵدەبەستێ لەو دنیا گوناهبار دەبێت، چونکە خوشکەکەمان هیچ کێشەیەکی نەبوو، کچێکی زۆر لەسەرخۆ و ئارام بوو، هەمیشە نوێژی دەکرد و کێشەی هەموومانی چارەسەر دەکرد".

### دەبەی نەوت لە شوێنی ڕووداوەکە

نیسان بەرنامەی وا بووە تاوەکو دانەمەزرێت شوو نەکات، بەگوتەی خوشکەکەی 6 کەس هاتبوونە خوازبێنی، بەڵام ئەو گوتبووی هەتا دانەمەزرێم شوو ناکەم.

هەرچەندە کەسوکاری نیسان دەڵێن ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە، بەڵام بەرپرسانی توندوتیژی دژی ژنان گومانیان لە ڕووداوەکە هەیە.

عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەگەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند "بەپێی گوتەی کەسوکاری، سووتانی ئەو ژنە بەهۆی تەقینی غازەوە بووە، بەڵام ئێمە کە شوێنەکەمان بینی دەبەی نەوتی لێبوو، ئەوەش گومانمان لا دروست دەکات، واتە شوێنی ڕووداوەکە لەگەڵ گوتەی کەسوکاری یەکناگرێتەوە، بۆیە دەستمانکردووە بە کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئەوەی ڕاستییەکانمان بۆ دەربکەوێت".

ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (352) دووشەممە 2015/3/30

## لەسەر شەڕەسەگ کەسێک دەکوژرێت



**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2015/3/29 لە گوندی بلیکانی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، شوانێک دەکوژرێت و براکەشی برینداردەبێت. کاروان خۆشناو، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لە لاپەڕەی تایبەتی خۆی لە فەیسبووک بڵاویکردووەتەوە "ئاگادارکراینەوە بە بوونی ڕووداوێک لە گوندی بلیکانی سەر بە ناحیەی دێگەڵە، دوای گەیشتنمان بۆ شوێنی ڕووداوەکە دەرکەوت کە دوو دراوسێ لەسەر شەڕەسەگ بووەتە شەڕیان و لە ئەنجامدا کەسێک کە پیشەی شوانە کوژراوە، برایەکەشی بریندارکراوە، دوو تۆمەتباریش دەستگیرکراون".

# توێژەرێکی کۆمەڵایەتی دەبێتە فریادڕەسی گەنجانی بەردەڕەش

**تەیار عادل گۆران**
**ڕووداو- بەردەڕەش**

ئەگەر کچێکی قەزای بەردەڕەش مەبەستی شووکردنی هەبێت، یان کوڕێک بە نیازی ژنهێنان بێت، پیاوێک لە قەزاکەیان شک دەبەن ئاواتەکەیان بۆ بهێنێتەدی، ئەویش توێژەرێکی کۆمەڵایەتییە و تاوەکو ئێستا گرێی بەختی چەندین کچ و کوڕی کردووەتەوە.

سەعید جەرجیس بارانی، ئێستا کتێبخانەیەکی هەیە. زۆربەی ئەوانەی سەردانی دەکەن گەنجن، جا کوڕ بن یان کچ. بارانی لەنێو گەنجانی قەزاکەدا زۆر خۆشەویستە. پێشتر مامۆستای ئامادەیی بووە و زۆربەی گەنجانی قەزاکە پێشتر قوتابی ئەو بوون و لەنزیکەوە دەیناسن.

بارانی ئێستا بووەتە فریادڕەسی ئەو کوڕ و کچانەی بەهەر هۆیەک بێت ئاستەنگیان لەپێشە بۆ گەیشتن بە دڵخوازی خۆیان، یان بێ ئومێد بوونە لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و تەمەنیان هەڵکشاوە.

بارانی دەڵێت لە پێکگەیاندنی کوڕان و کچان ڕووبەڕووی زەحمەتی زۆر دەبێتەوە، چونکە ئەو لە شوێنێکە کە زۆربەی دانیشتووانەکەی عەشایرن و تاوەکو ئێستاش پابەندن بە هەندێک داوونەریتی عەشیرەتی وەکو ژن بەژنە و شووکردنی کچان بە خزمەکانیان.

زۆر لەو کوڕانەی دەکەونە داوی خۆشەویستی کچێک و دەیانەوێت بیخوازن، یەکەم کەس لەلای باس بکەن بارانییە، بۆ ئەوەی ڕێوشوێنیان بۆ دابنێت یان هاوکارییان بکات.

زۆرجار کەسوکاری کچەکە دەست بە رووی سەعیدەوە دەنێن و داواکارییەکەی ڕەتدەکەنەوە، بەڵام ئەو کۆڵ نادات و چەند جارێک سەردانی ئەو خێزانە دەکاتەوە. ئەو دەڵێت "هەر کاتێک بزانم کچ و کوڕێک یەکدییان خۆشدەوێت و گونجاون، وازم لە خێزانەکانیان نەهێناوە، تاوەکو ڕازیم کردوون".

بەڵام ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە گلەیی لە کوڕانی گەنج هەیە و دەڵێت "زۆربەیان خاوەن بڕیاری خۆیان نین و تاوەکو ئێستاش چاویان لە دەمی باوک و دایکیانە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر چارەنووسیان بدەن".

بۆ ئەوەی ئەو هاوسەرگیرییەی بارانی قسەی تێدا دەکات شکست نەهێنێ، مەرجی بۆ کوڕان و کچان هەیە کە ڕاستگۆ بن لەگەڵی و وردەکارییەکانی ژیانی خۆیانی بۆ باس بکەن.

لەوەتەی ئەو کارە دەکات، بارانی تێبینی کردووە کە زۆربەی کچان مەرجی سەرەکی شووکردنیان ماڵی جیایە، بەڵام هەندێک لە کوڕەکان زۆر متمانەیان بە خۆیان نییە بتوانن ماڵی جیا دابنێن.

ئەوانەی لە ڕێگەی بارانییەوە هاوسەرگیرییان کردووە، زۆر بە دەگمەن پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبووە، چونکە وەک ئەو دەڵێت خۆشەویستی لە دەڤەرەکەی ئەواندا "حەرامە" و کەسوکاری کچان ڕێگەنادەن کچیان بەو شێوەیە شوو بکات.



بارانی گوتی "زۆربەی ئەو هاوسەرگیریانەی لەڕێگای منەوە کراون، لە ڕێگای یەکتر ناسین و بە ئاگاداری و ڕەزامەندی خێزانی هەردوولا بووە".

هەروەها دەڵێت "ئەو کچ و کوڕانەی خوێندەوارن، بە ئاسانی یەکتریان خوێندووەتەوە بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری و ناترسێن و بە ئاسانی بڕیار دەدەن، بەڵام خێزانەکانیان بە ترسەوە رازی دەبن و بڕیارەکەیان قبوڵ دەکەن".

### نەخوێندەوار دەخوازن

لەوەتەی نێوەندگیری کوڕان و کچان دەکات بۆ هاوسەرگیری، بارانی بۆی دەرکەوتووە کە کوڕانی بەردەڕەش کەمتر خۆیان لە قەرەی خواستنی کچێکی خاوەن بڕوانامە دەدەن، چونکە کچانی بڕوانامەدار ئازادترن و داواکاری زۆرتریشیان هەیە. کوڕەکانیش لە ژینگەیەکی عەشایری گەورە بوون و نایانەوێت ژنەکانیان دەسەڵاتیان بەسەر ئەواندا هەبێت، بۆیە دەچن کچێکی نەخوێندەوار دەخوازن.

ئەو توێژەرە گوتی "تا چەند ساڵێک لەمەوپێش زۆر بە کەمی کچەکانمان دەچوونە زانکۆ، کاتێک پۆلی 12 یان تەواودەکرد لەخوێندن دەردەهێنران، زۆرجاریش بە زۆری بە شوویان دەدان، بەڵام ئێستا کچان زۆر دادەمەزرێن و باری ئابوورییان باش بووە".

بەبڕوای بارانی، بەهۆی ئەوەشەوە قەیرە کچ زۆر بووە لە بەردەڕەش، بە تایبەتی لەنێو توێژی خوێندەوار.

هیچ شتێک هێندەی ئەوە دڵخۆشی ناکات، کاتێک کچێک و کوڕێک لەسەر دەستی ئەو ژیانی خێزانی پێکدێنن، بەڵام بارانی هەر بەوەش ناوەستێ و دوای هاوسەرگیرییەکە، کتێبێکیان بە دیاری بۆ دەبات لەو کتێبانەی باسی هاوسەرگیری دەکەن.

بەپێی توێژینەوەیەک لە سلێمانی

# 98%ی پیاوان توندوتیژی ئابووری بەرامبەر ژنان دەکەن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

توندوتیژی دژی ژنان هەر بەتەنیا ڕەهەندی جەستەیی یان دەروونیی نییە کە زۆربەی جار تەرکیزەکە لە سنووری ئەم دوو ڕەهەندەدا ڕادەوەستێ. توێژینەوەیەک ئەوەی دەرخستووە کە پیاوان لە ڕێگەی ئابوورییشەوە توندوتیژی دژی ژنان دەکەن. هەر بەپێی توێژینەوەکە "دڵپیسی و جنێودان" لە دوای توندوتیژیی ئابووری دێن.

توێژینەوەکە کە توێژەرەکەی بە "زانستی" ناوی دەبات، لەسەر 150 ژنی دانیشتووی سلێمانی کراوە کە توندوتیژییان بەرامبەر کراوە و لەلای پۆلیس و ڕێکخراوەکانی ژنان و بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە. تەمەنی بەشداربووانی توێژینەوەکەش لە نێوان 18 تاوەکو 50 ساڵانە.

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە کە 98%ی ئەو ژنانەی لەو توێژینەوەیە قسەیان لەگەڵ کراوە، گوتوویانە توندوتیژی ئابوورییان بەرامبەر کراوە، واتە پیاوەکانیان پیسکەن و خواستەکانیان جێبەجێ نەکردوون.

توێژینەوەکە بەشێکە لە نامەی دکتۆرای قوتابی لاڤە دارا عەلی کە پزیشکێکی دەروونییە و هەفتەی ڕابردووش سمینارێکی لەبارەی ئەنجامەکانی تێزی دکتۆراکەی لە هۆڵی تەواری شاری سلێمانی پێشکەش کرد.

هەر بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە، 97%ی بەشداربووان گوتوویانە مێردەکانیان دڵیان لێیان پیسە و هەوڵی کۆنترۆڵکردنیان دەدەن. 94%ی ئەو ژنانە دەڵێن مێردەکانیان جنێویان پێداون، 88%یان توندوتیژی جەستەییان بەرامبەر کراوە، 64%ی بەشداربووانی توێژینەوەکەش دەڵێن هاوسەرەکانیان بە زۆر سێکسیان لەگەڵ کردوون.

### "ئامارەکان کارەساتن"

لاڤە دارا بۆ توێژینەوەکەی سوودی لە داتاکانی یەکێتی ژنانی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ڕێکخراوی ئاسوودە وەرگرتووە.

لاڤە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی بە "کارەسات" وەسفکرد و گوتی زۆر لە پیاوەکان لە یەک کاتدا چەند جۆرێکی توندوتیژی دژی ژنەکانیان بەکارهێناوە، لەوانەش توندوتیژی ئابووری، دڵپیسی، جێنودان، ئازاری جەستەیی و سێکسی بە زۆر.

سەرکەوت عومەر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەسلێمانی، هەرچەندە توێژینەوەکەی بەهەنگاوێکی باش لەبواری پراکتیزەکردنی زانستی لە ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دانا، بەڵام پێیوایە کە ناکرێت توندوتیژی بەرامبەر 150 ژن، گشتگیر بکرێت بەسەر هەموو ژنانی سلێمانی و گوتی "ڕاستە توندوتیژی بەرامبەر ژنان دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی باش هەیە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی".

وەک ئەو گوتی، بەشێکی زۆری ئەو ئافرەتانەی خاوەنی ئابووریی خۆیانن، زیاتر ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە "چونکە پیاوان لەوە ناترسن ئەگەر جیابوونەوەش لەنێوانیاندا ڕووبدات ئەو ژنە نەتوانێت خۆی بەخێو بکات".

### "تووشی خەمۆکی دەبن"

ئاڵا عەبدولکەریم، توێژەری دەروونی دەڵێت ئەگەری هەیە ئەو ژنانەی ئەو توندوتیژیانەیان بەرامبەر کراوە، لەداهاتوودا لەسەر منداڵەکانیان دووبارەی بکەنەوە، یاخود دواجار تووشی خەمۆکی ببن.

د.لاڤە دارا ڕێگەچارەسەرەکانی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی باسکرد کە پیاوان زیاتر هۆشیار بکرێنەوە، چونکە ڕەنگە نەزانن ئەو ڕەفتارەی بەرامبەر خێزانەکانیان دەینوێنن توندوتیژییە، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری، چونکە ئەو ژنەی خوێندن تەواو دەکات دەبێتە خاوەن ئابووریی خۆی، ئەگەریش توندوتیژی بەرامبەر بکرێت دەتوانێت داوای یارمەتی بکات.

بەڵام سەرکەوت عومەر دانانی ستراتیژێکی درێژخایەن لەلایەن حکومەت و پاشانیش لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە بۆ چارەسەری توندوتیژی دژی ژنان بە یەکێک لەڕێگەچارەکان دادەنێت، چونکە وەک ئەو دەڵێ "کۆمەڵگەی ئێمە هەر لەکۆنەوە شەڕی تێدا بووە و ئەوەش کاریگەری لەسەر تاکەکان هەبووە، بۆیە پێویستە لەمەودوا گرنگی زیاتر بەهۆشیارکردنەوەی تاک و چەمکی لێبووردەیی و گرنگیی زیاتر بە مافەکانی مرۆڤ بدرێت".




( فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان )



**موقەدەمی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر***

# تاپۆ دەیخوات

ئافرەتێک لەگەڵ مێردەکەی بەشەڕ هاتبوون. بە قسەی خۆی مێردەکەی جگە لەوەی لێیدابوو، لە ماڵیش دەریکردووە. ئەو ژنە ڕاپۆرتی پزیشکیی هەیە کە لێیدراوە، بەڵام سکاڵای لەسەر مێردەکەی تۆمار نەکردووە، چونکە نەیویستووە کێشەی نێوانیان گەورە بێت.

ئەو ژنە بەرلەوەی شوو بەو پیاوە بکات، کچێکی خواپێداو بووە، کاتێک شوو دەکات بە پارە و زێڕەکانی خانوویەک دەکڕێت و بەکرێی دەدات، بەڵام دوای شەڕەکە دەچێت کرێی خانووەکە وەربگرێت، کرێچییەکە پێیدەڵێت هاوسەرەکەی کرێیەکەی وەرگرتووە. سەرەڕای ئەوەش داوای لەسەر تۆمار ناکات و باسی نەفەقەی لەگەڵ ناکات، بەڵکو نێوانیان چاکدەبێتەوە.

ژنەکە دواتر دەچێت بۆ دوو نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە لە نزیک گەڕەکی خۆیان و پێیاندەڵێت کە خانووەکەی بۆ بفرۆشن، بەڵام پێیدەڵێن مێردەکەت گوتوویەتی ئەو خانووە نەفرۆشن، هەرچەندە پێیاندەڵێت ئەو خانووە بە ناوی خۆیەتی، بەڵام ئەوان پێیدەڵێن کە تاقەتی کێشەیان نییە.

ئەو ژنە داوای کرد بانگی مێردەکەی بکەن و داوای لێبکەین وازی لێ بهێنێ، نە نەفەقەی دەوێت و نە مارەیی "با دەست لێکبەردەین و خەڵکم لێ هان نەدات کە خانووەکەم نەکڕن".

کاتێک بانگی پیاوەکەمان کرد، پرسیارمان لێکرد کە ڕاستە ئەو کارەت کردووە، ئەو گوتی خانووەکە پارەی منیشی تێدایە، بەڵام زۆربەی پارەکە هی خێزانم بووە، ئێستا خانووەکە پارەیەکی باش دەکات و دەیەوێت ئەو پارەیە و قازانجەکەی نەداتەوە، بۆیەش نایەوێت بگەڕێتەوە لام. بەڵام ژنەکە گوتی هیچ پارەیەکی ئەوی تێدانییە و تاپۆی خانووەکەش بە ناوی منە. کەڵکی پێکەوە ژیانمان نەماوە، لە ماوەی چوار ساڵی ژیانی هاوسەریمان پێنج جار منی تۆراندووە، هەر بۆیەش من خانووەکەم کردووە بە ناوی خۆمەوە و کرێیەکەشی خۆم وەرمگرتووە و هەموو خەرجیی خۆم و منداڵەکەم بەم کرێیە دابین کردووە.

بە پیاوەکەمان ڕاگەیاند کە تاپۆی خانووەکە بە ناوی خێزانتەوەیە و ناتوانی ڕێگری لێبکەی لە فرۆشتنی، ئەگەر پارەشت لە خانووەکەدایە دەبێت بچیتە دادگای بەرایی سکاڵا تۆمار بکەی، یان دەبێت نووسراوێک هەبێت لە نێوانتان کە پارەت داوەتێ بۆئەوەی پارەکەت وەربگریتەوە، یان ئافرەتەکە سوێند بخوات لەبەردەم دادگا کە هیچ پارەیەکی پیاوەکەی تێدا نییە. بە ئافرەتەکەمان ڕاگەیاند دەتوانیت داوا لەسەر پیاوەکەت تۆمار بکەی لەسەر لێدان و ڕێگری لە فرۆشتنی خانووەکەت، پاش هەوڵێکی زۆر لەگەڵ هەردووکیان بۆ ئاشتبوونەوە، بەڵام لە کۆتاییدا نەگەیشتنە ئەنجام و بڕیاریان دا لێک جیاببنەوە و ئافرەتەکە لە هەموو مارەیی و مافەکانی خۆی خۆشبێت، پیاوەکەش ڕێگری نەکات لە فرۆشتنی خانووەکەی.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کێشەی نێوان ئەو خێزانە، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە کێشەی نێوانیان لەسەر خەرجنەکردنی پارە بووە لەلایەن پیاوەکەوە. هەروەها ژنەکە متمانەی بە مێردەکەی نەبووە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسا و شەرع، نەفەقەی ژن لەسەر پیاوەکەیە، تەنانەت ئەگەر ژنەکە پارەشی هەبێت. هەروەک لە ماددەی (58)ی یاسای باری کەسیدا هاتووە "نەفەقەی هەر مرۆڤێک لە ماڵی خۆیەتی تەنیا ژن نەفەقەکەی لەسەر مێردیەتی لەکاتی گرێبەستی هاوسەرگیری تەواودا".

***بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**



نەریمانی فڕۆکەوان:

# ئەوانەی دەڵێن فڕۆکەکەی بە حازری هێناوە با دەمانچەیەک بێنن

**کارزان حەیدەر**
**رووداو- هەولێر**

پاش هەشت مانگ کارکردن، رۆژی 2015/3/18 نەریمان ئەنوەر ساڵح کە بە نەریمانی فڕۆکەوان ناسراوە، فڕۆکە نوێیەکەی لە فڕۆکەخانەی هەریر بردە ئاسمان، بەڵام دواتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە وا بڵاوکرایەوە کە پارچەی فڕۆکەکەی لە دەرەوە هێناوە و لێرە لێکیداون، نەریمان دەڵێت "ئەوانەی وا دەڵێن با بتوانن دەمانچەیەک لە دەرەوە بهێنن".

هەر لەگەڵ هەڵفڕاندنی فڕۆکەکە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پڕ بوون لە باسی فڕۆکەکە. هەندێکیان ستایشیان کرد و هەندێکیشیان گومانی ئەوەیان ورووژاند کە پارچەی فڕۆکەکەی لە دەرەوە هێناوە و لێرە تەنیا ئەو پارچانەی لێکداوە.

نەریمان ئەنوەر لەبارەی ئەو گومانەوە گوتی "بڕواکردن بە قسەیەکی ئەوها جێی سەرسوڕمانە، ئەگەر من فڕۆکەیەکم بە سنووری وڵاتاندا دەرباز کردبێ و هێنابێتمە کوردستان بۆ خزمەتی پێشمەرگە، ئەوە دەبێ خەڵاتێکی گەورە بکرێم، چونکە هەمووان دەزانن، نەک فڕۆکەیەک، بەڵکو دەمانچەیەکیش لە سنوورەکان دەرباز نابێ، بۆیە ئەوانەی وا دەڵێن با بچن دەمانچەیەک لە دەرەوە بهێنن". گوتیشی "مەبەستەکەیان ئەوەبوو لە بایەخ و گرنگیی ئەو داهێنانەی من کەم بکرێتەوە".

نەریمانی فڕۆکەوان رەتیکردەوە ئەو قسانە ساردی بکەنەوە و گوتی "ئەم قسانە کاریگەرییان نییە، بگرە زیاتر هانم دەدەن بۆئەوەی پڕۆژەی گەورەتر بکەم بۆ خزمەتی وڵاتەکەم".

نەریمان پێشتریش فڕۆکەیەکی دیکەی دروستکردبوو، دواتر دووجار مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بینی. نەریمان دەڵێت "بارزانی دەستخۆشی لێکردم، هەر ئەوەش وایکرد لە داهێنانەکانم نەوەستم".

نەریمان نەیشاردەوە کە هەندێک لە پێداوستییەکانی فڕۆکەکەی لە دەرەوە هاوردە کردووە و گوتی "ئەگەر لە کوردستان بمانەوێ کارگەیەک بۆ بەرهەمهێنانی هەر کاڵایەک دروست بکەین، ئەگەر حکومەتیش بیەوێ ئەوە بکات، دەبێ ئامێرەکانی ئەو کارگەیە لە دەرەوە بهێنێ، چونکە تا ئێستا کوردستان کارگەیەکی وای نییە بتوانێ ئامێرەکانی نێو ئەو کارگەیە دروست بکات ، چ جای ئەوەی پێویستی و کەلوپەلی فڕۆکە بەرهەم بهێنێ، بەتایبەتی لە پلێت و مەکینە".

نەریمان هەر دروستکەری فڕۆکە نییە، بەڵکو فڕۆکەوانیشە، ئەو دەڵێت "فڕۆکەوانی خەونی من بوو، بۆیە چوومە چەند وڵاتێک بۆ راهێنانی فڕۆکەوانی لەوانە تورکیا، رووسیا، سوید، فەرەنسا، دوبەی، چین، لە هەموو ئەو خولانەی بینیم ، چەندین کاژێر وەک راهێنان بەسەر ئاسمانی ئەو وڵاتانەدا سوڕاومەتەوە لەگەڵ راهێنەرانی فڕۆکەوانی".

دوا پڕۆژەی نەریمان بووە جێی سەرنجی میدیا ناوخۆیی و جیهانییەکان لەوانەش کەناڵی bbc و mbc و چەند کەناڵێکی تورکیا و ئێران باسی فڕۆکەکەی نەریمانیان کرد.

کەناڵی هەبەر تورک لەبارەی فڕۆکەکەی نەریمانەوە گوتی "داهێنەرێکی کورد فڕۆکەیەک بۆ پێشمەرگە دروست دەکات و فڕۆکەکە دەتوانێ پێنج کاژێر لە ئاسمان بمێنێتەوە".

"یەکەم فڕۆکەی کوردی تاقیکرایەوە" ئەمە ناونیشانی راپۆرتێکی رۆژنامەی رادیکاڵی تورکی بوو کە لە ناوەڕۆکەکەیدا نووسرابوو "ئەو فڕۆکە کوردییەی لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی دروستکرا، بەسەرکەوتوویی هەڵفڕێندرا کە لە مەراسیمەکەیدا هەزاران کەس ئامادە بوون".

یەنی شەفەقیش بە مانشێتێکی گەورە نووسیبووی "داهێنەرێک کە دەرچووی سەرەتاییە، فڕۆکەیەک بۆ پێشمەرگە دروست دەکات".

نەریمان بە پێکەنینەوە گوتی "هەندێک لە کەناڵەکان بە عەباسی کوڕی فیرناسی کوردی ناویان هێنام، ئەوەش بۆ من و خەڵکی وڵاتەکەشم جێی شانازییە".

کارەکەی نەریمان سەرنجی دەرهێنەرانی سینەماشی راکێشاوە. نەریمان دەڵێت "سینەماکاری کورد بەهمەنی قوبادی پەیوەندی پێوەکردم کە پڕۆژەی فیلمێکی سینەماییان هەیە لەسەر ژیانی من و داهێنانەکانم لە بواری فڕۆکەوانی، منیش رازی بووم، دوای چەند مانگێک لە کارکردنمان، فیلمەکە تەواو بوو، چاوەڕوانی ئەوە دەکەم قۆناغەکانی دوای وێنەگرتنی فیلمەکەش کۆتایی بێت و فیلمەکە لە سینەماکان نیشان بدرێت".

نەریمان گوتی "لەو پڕۆژانەم بەردەوام دەبم و پڕۆژەکانی داهاتووم زۆر پێشدەخەم، هەوڵ دەدەم لە ئایندەدا پڕۆژەی دروستکردنی فڕۆکە لە کوردستان درێژە پێبدەم، ئەویش بە دامەزراندنی کۆمپانیایەکی تایبەت بە بواری فڕۆکەوانی و فڕۆکە دروستکردن".

# بە زۆر پارە لە بارهەڵگرەکانی مەرزی باشماخ وەردەگیرێت



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

ژمارەیەک شوفێری بارهەڵگر لە مەرزی باشماخ، پەنا دەبەنە بەر ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی و دەڵێن لە ژێر هەڕەشەدا بەبێ پسوولە پارەیان لێوەرگیراوە. ئەنجوومەنی ناوبراویش لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو مەبەستە پێکدێنێ.

ئەو لێژنەیە رۆژی 2015/3/17 سەردانی مەرزی باشماخیان کردووە. غالیب محەممەد، سەرۆکی لیژنەی بازرگانی و پیشەسازی و وزە، لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کە سەرۆکایەتی لیژنەکەی کردووە گوتی "هەر شوفێرێک بە هەڕەشە بڕی 50 هەزار دیناری لێوەرگیراوە، بەبێ ئەوەی پسووڵەی داراییان بدرێتێ، بۆیە ئەو پارە وەرگرتنە یاسایی نەبووە".

لە کاتی لێکۆڵینەوەدا، ئەنجوومەنی بارهەڵگرەکان لەو مەرزە بە لیژنەکەی ئەنجوومەنی پارێزگایان گوتووە، ئەو پارەیەی وەریانگرتووە بۆ کاری خێرخوازی و هاوکاری پێشمەرگە و کۆبانێ وەرگیراوە. بەڵام غالب محەممەد دەڵێ "وەرگرتنی پارە بۆ کاری خێرخوازی بەو شێوەیە نابێت، چونکە هەڕەشە لە شوفێرەکان کراوە ئەگەر ئەو پارەیە نەدەن، ئۆتۆمبێلەکەتان رادەگرین".

بەڵام سیروان حەسەن، ئەندامی ئەنجوومەنی بارهەڵگرەکان ئەو قسەیەی رەتکردەوە "نەخێر هەڕەشە نەکراوە، چونکە زۆربەی ئەو کەسانەی لە لیژنەکەدان دۆستایەتی نزیکیان لەگەڵ شۆفێرەکان هەیە".

رۆژانە نزیکەی 2 هەزار بارهەڵگر لە مەرزی باشماخ هاتوچۆ دەکەن و نزیکەی 95%یان بار لە ئێرانەوە دێنن.

سیروان حەسەن رەتینەکردەوە پارە لە شۆفێرەکان وەرگیراوە "بەڵام وەرگرتنی پارەکە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە بووە بۆ هاوکاریی پێشمەرگە و ئاوارەکان".

فەرهاد تۆفیق، ئەندامی لیژنەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی گوتی "50 هەزار دینارەکە بەبێ پسووڵە وەرگیراوە و نایاساییە، هەر بەبێ وەسڵیش خەرجکراوە کە ئەوەش بەدڵنیاییەوە گەندەڵی لێدەکەوێتەوە و بارگرانییەکی زۆرە بۆ ئەو شۆفێرانەی لەوێ کار دەکەن".

لەکۆی 220 ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر، نزیکەی 200 ئوتومبیل بڕی 50 هەزار دیناریان بەناوی هاوکارییەوە لێوەرگیراوە و شۆفێرەکانیش لەمانگێکدا رەنگە 2 تا 3 جار کەلوپەل بگوازنەوە، لەکاتی سەردانی پەیامنێری رووداو بۆ مەرزی باشماخ و بینینی چەند شۆفێری بارهەڵگرێک، سەرەتا هەندێکیان بێ ئاگایی خۆیان لەو پارە وەرگرتنە دەربڕی و دواتریش شۆفێرێک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی" لەمانگی 10ی 2014 بڕی 50 هەزار دینار بەناوی (هاوکاری) لە هەندێکمان وەرگیراوە".

غالیب محەممەد، گلەییەکی دیکەی ئەو شوفێرانەی باسکرد و گوتی هەندێجار ئەگەر کرێی بارێک 450 هەزار بووبێت، ئەوا ئەنجوومەنی بارهەڵگرەکان نۆرەبڕیی بۆ شۆفێرێک کردووە کە سەرەی نەبووە و لەو 450 هەزارە (250) هەزاری بۆ ئەنجوومەنەکە بووە، ئەوەی دیکەش بۆ شۆفێرەکە و گوتی "ئەوەش غەدرە، چونکە زیاتر لە 10 شۆفێر سکاڵایان لەدژی ئەو کارە لای ئێمە کردووە و داوا دەکەن سیستەمێکی باشیان بۆ دابنرێت".

بەڵام سیروان حەسەن گوتی "هەندێجار گوتوومانە هەر شۆفێرێک ئەگەر بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە ئامادەیە کەلوپەل بگوازێتەوە بەمەرجێک 250 هەزار دینار بدات بە گەراجانە و 200 هەزاریش بۆ خۆی بێت کەلوپەل بگوازێتەوە، شۆفێر هەبووە کردوویەتی".

# ڤایرۆسێک توتکە سەگە هاوشاریەکانی بەری مەرگەی نەهێشت

**عومەر چاوشین**
**رووداو- بنگرد**

ڤایرۆسێک لەنێو بێچووە سەگی گوندەکانی بەری مەرگەی سەر بە قەزای دوکان بڵاوبووەتەوە، بە جۆرێک دوای لە دایکبوونیان، تەمەنیان لە مانگێک تێپەڕناکات لەناودەچن، پزیشکێکی ڤێترنەریش هۆکارەکەی بۆ زۆربوونی گورگ لە ناوچەکەدا دەگێڕێتەوە.

ناحیەی بنگرد کە بە بەری مەرگە ناسراوە، سەر بە قەزای دووکانە و 57 گوندی بەسەرەوەیە، زۆربەی گوندنشینانی ناوچەکە بە کاری ئاژەڵدارییەوە خەریکن، بەهۆی بوونی گورگ لە ناوچەکەدا ئاژەڵداران ناچارن سەگ بۆ پاسەوانیکردنی لە ئاژەڵەکانیان رابگرن، بەڵام ماوەیەکە ڤایرۆسێک بڵاوبووەتەوە خەریکە کۆتایی بە وەچەی سەگەکانی ناوچەکە بهێنێت.

کامەران مەرگەیی، دانیشتووی یەکێک لە گوندەکانی بەری مەرگەیە و ئاژەڵدارە. دەڵێت "زۆر لە بەچکە سەگەکانی ئێرە تەمەنیان ناگاتە مانگێک و لەناودەچن".

ئەمساڵ دێڵە سەگەکەی کامەران سکی هەبوو، ئەو بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی لە دایکبوونی بێچووە سەگەکانی کردووە، هەر لە دوای لە دایکبوونیان بێچووە سەگەکانی کوتاون، بەو هۆیەشەوە زیندوون، ئەو ئامۆژگاری هاوپیشەکانی کرد کە زوو بێچووە سەگەکانیان بکوتن. کامەران گوتی "هەر بێچووە سەگێک دووجار دەکوتین، هەر دەرزییەکیش بە 20 هەزار دینار دەکرین".

عوسمان عەلی، ئاژەڵدارێکی دیکەی ناوچەکەیە، 9 بێچووە سەگی هەبوون، بەڵام شەشیان لەناوچوون کە بە قسەی خۆی وەک منداڵەکانی خۆی خۆشیدەویستن "زۆر بە ناز گەورەم کردن، بە شیری تایبەت و نانی خاوێن و هێلکە گەورەم کردن، هەرچەندە بێچووەکانم لەلای پزیشکی ڤێترنەری کوتابوون، بەڵام شەش دانەیان هەر لەناوچوون".

سەگەکانی عوسمان، سەگی گەورەن کە بە سەگی "هاوشاری" ناودەبرێن، ئەو دەیەوێت بە هەر نرخێک بێت پارێزگارییان لێبکات، چونکە سەگەکانی بۆ پاسەوانی و شەڕە سەگ بەکاردێنێت، جگە لەوەش زۆرجار سەگە نێرەکان دەدات بە خەڵکی شارەکانی هەولێر و کەرکووک و سلێمانی، تاوەکو دێڵە سەگیان لێ چاک بکەن و وەچەی وەکو ئەو سەگە هاوشاریانەیان ببێت.

عوسمان گوتی "باوەڕ بکەن بۆ سەگێک 10 هەزار دۆلاریان دامێ نەمفرۆشت، چونکە ئەم سەگانە بۆ من زۆر لە پارە بەنرختر و بەسوودترن". عوسمان هێندە خەمبار بووە بە لەدەستدانی بێچووە سەگەکانی دەڵێت بە جۆرێک لە جۆرەکان تازیەبار بوون.

## هۆکارەکەیان گورگە

هەرێم ئیبراهیم، پزیشکی ڤێترنەرییە لە ناحیەی بنگرد، ناوبراو هۆکاری لەناوچوونی ئەو بێچووە سەگانە روونکردەوە و دەڵێت بەهۆی ڤایرۆسێکەوەیە کە لە گورگدا هەیە.

ئەو پزیشکە گوتی "لە وەرزی سەرمادا ڤایرۆسی جۆراوجۆر پەیدا دەبن و سەگ دەکوژن، بەڵام ئەمساڵ رێژەی لەناوچوونی سەگ بە تایبەتی بێچووە سەگ زۆر زیاتر بووە، چونکە دڕندەی کێوی وەک گورگ زۆرترە، گورگ ڤایرۆسێکی لە جەستەدا هەیە نایکوژێ، بەڵام کە گواسترایەوە بۆ بێچووە سەگەکە، دەیکوژێت".

سەبارەت بە چارەسەریش ئەو پزیشکە گوتی "چارەسەری هەیە، جۆرە ڤاکسینێک هەیە بۆ رێگری لە کاری ئەو ڤایرۆسە، بەڵام دەبێت بێچووە سەگەکە هەر دوای لەدایکبوونی لە هەفتەی یەکەمی تەمەنیدا بکوترێت، لە مانگی یەکەمی تەمەنیدا دەبێ دووجار بکوترێت".

دکتۆرەکەی ڤێتەرنەری، مەترسی ڤایرۆسەکەی روونتر کردەوە کە ئەگەر زوو فریایان نەکەون و نەیانکوتن، لەوانەیە ڤایرۆسەکە بۆ مرۆڤیش بگوازرێتەوە، ئەویش بەهۆی یاریکردن و دەست لێدانی سەگەکان.

بەپێی قسەی ئەو پزیشکە، نزیکەی 500 سەگی هاوشاری لە بەری مەرگە هەن، ئەو دەڵێت بەردەوام رێنمایی ئاژەڵداران دەکات کە سەگەکانیان بکوتن، بە تایبەتی لە هەفتەی یەکەمی لە دایکبوونیان "چونکە بە هۆی ئەو کوتانەوە لە پێنج جۆرە ڤایرۆس پارێزراو دەبن".



# دەنگی زۆرینەی کوردی ئیسرائیل بۆ پارتەکەی ناتانیاهۆ بوو



لازار بێرمان
ڕووداو- ئۆرشەلیم

بردنەوەی 30 کورسی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەم مانگەی ئیسرائیل لەلایەن پارتی لیکود بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیران بنیامین ناتانیاهۆ، چاودێرانی ناوەوە و دەرەوەی ئیسرائیلی تووشی سەرسوڕمان کرد. لیکود شەش کورسی زیاتر بوو لە رکابەرە سەرەکییەکەی پارتی یەکێتی زایۆنی بە سەرۆکایەتی (ئیسحاق هێرزۆگ).

هەموو راپرسییەکانی پێش هەڵبژاردن وایان دەردەخست کە پارتی لیکود چوار کورسی کەمتر لە پارتی زایۆنی دەبات لەکۆی 120 کورسی پەرلەمانی ئەو وڵاتە. بەو سەرکەوتنە گەورەیەی پارتی لیکود، جارێکی دیکە سەرۆکی ئەو وڵاتە داوا لە ناتانیاهۆ دەکاتەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانیی داهاتوو. گفتوگۆکان لە نێوان سەرۆکی ئیسرائیل ریۆڤین ریڤلین و سەرۆکی ئەو 10 پارتەی نوێنەریان دەبێت لە پەرلەمانی داهاتوودا، بەردەوامە. هاوکات ناتانیاهۆ لە گفتوگۆدایە لەگەڵ پارتی "سێنتەریست" و پارتە راستڕەوەکان کە بە هیوایە بەشداریان بکات لە حکومەتەکەیدا.

لەو هەڵبژاردنەدا کاندیدە کوردەکان ئەنجامێکی باشیان بەدەستهێنا. دوو لە سێ کاندیدە کوردەکە لەسەر لیستی پارتە سەرەکییەکان گەیشتنە (بیستەمین) خولی پەرلەمانی ئەو وڵاتە. میکی لێڤی، دایک و باوکی خەڵکی کوردستانی ئێران و عێراقن و لە ناوچەی مێڤاسێرێت زایۆنی ئۆرشەلیم دەژی کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردن. لێڤی بۆ جاری دووەمە دەبێتەوە بە پەرلەمانتار لەسەر لیستی پارتی "یێش ئادید"ی سێنتەریست. لێڤی لە کاتی هێرشە تیرۆریستیەکانی سەردەمی دووەم (راپەڕین)ی فەلەستینییەکان لە نێوان ساڵانی 2000 بۆ 2003 بەرپرسی پۆلیسی ئۆرشەلیم بووە و لە پەرلەمانی پێشووی ئیسرائیلدا وەک جێگری وەزیری دارایی کاری کردووە. لێڤی لەو پۆستەدا سەرکەوتوو بوو لە پڕکردنەوەی کەلێنەکانی سیستەمی باج و کۆنترۆڵکردنی بازاڕی رەش. هێشتا دیار نییە ئەگەر پارتی (یێش ئاتید) بەشداری لە هاوپەیمانیە نوێیەکەی ناتانیاهۆ دەکات یان نا، بۆیە رەنگە لێڤی وەک ئۆپۆزیسیۆن بمێنێتەوە.

(ئیتزیک شمولی) لە پارتی کرێکاران کە وەک پارتێکی چەپی نوێ دەرکەوتووە، سەرێکی خەڵکی کوردستانی عێراقە و سەرێکی بەغدایە. ئیتزیک ئەوکاتەی سەرۆکایەتی یەکێتی قوتابیانی ئیسرائیلی دەکرد، ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد و پاشان وەک سەرکردەیەکی زنجیرە خۆپێشاندانە جەماوەرییەکانی ساڵی 2011 دەرکەوت. بۆ یەکەمجار وەک پەرلەمانتار لە ساڵی 2012 هەڵبژێردرا لەسەر لیستی پارتی کرێکارانی ئۆپۆزیسیۆن. بەشێوەیەکی سەرەکی کارەکانی لە پەرلەمانی پێشوودا لە چوارچێوەی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بوو. بەدڵنیاییەوە شمولی وەک ئۆپۆزیسیۆن دەمێنێتەوە لە پەرلەمانی داهاتوودا، چونکە پارتەکەی بەشێکە لە یەکێتی زایۆنی کە ئیسحاق هێرزۆگ بە ئاشکرا گوتی بەشداریی حکومەتەکەی ناتانیاهۆ ناکات.

مۆشی راز کە ناوی سێیەمی میزراحیە، کوردێکی جولەکەی ناودارە و وەک ئەندامی پارتی چەپی (مێرێتز) لە خولی پازدەی پەرلەماندا لە نێوان ساڵانی 1999 بۆ 2003 خزمەتی کردووە. راز ئەفسەر بووە لە بەشی کۆماندۆی پەرەشوتەوانی و وەک شمولی، ئەویش یەکێک بووە لە پێشڕەوانی یەکێتی قوتابیانی نیشتمانی. هەروەها سەرۆکی رێکخراوێکی ناحکومی سەر بە پارتی چەپ بووە کە ئامانجی هاندانی ئاشتییە لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستین و هەڵگرتنی نشینگە ئیسرائیلییەکان لە ناوچەکانی هێڵی سەوزی بەر لە ساڵی 1967. موشێ راز شەشەمین کاندیدی لیستەکەی بوو لەم هەڵبژاردنەدا، بەڵام پارتەکەی تەنیا پێنج کورسی بەدەستهێنا.

سەرەڕای ئەوەی کە کاندیدە کوردەکان لەسەر پارتی سێنتەریست و پارتی چەپ خۆیان پاڵاوت، بەڵام کوردەکانی ئیسرائیل بەشێوەیکی سەرەکی دەنگیان بە پارتە راستڕەوەکان دا. ناوچەی مێڤا سێرێت زایۆن لەوشوێنەی کە لێڤی لێی دەژی، 32% یان دەنگیان بە پارتی لیکود دا، بەڵام تەنها 26% یان دەنگیان بە پارتی یەکێتی زایۆنی دا، لەکاتێکدا پارتی سێنتەریست دەنگی باشی هێنا لەو ناوچانە، کوردە جولەکەکانی گوندە کشتوکاڵیەکان بە زۆری پشتگیری پارتی لیکودیان کرد.

لەناوچەی شتولای کشتوکاڵی کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی جولەکەی ئەلقوشن، پارتی لیکود توانی سەرکەوێ بەسەر پارتی زایۆنی بە 34% بەرامبەر 16%. هەروەها پارتی لیکود سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا بەسەر پارتەکانی دیکەدا بە 64% بەرامبەر 4% بۆ پارتی زایۆنی لە گوندی سیندۆر لە نزیک سنووری ئۆردن. پارتی یەکێتی زایۆنی دەنگی باشی هێنا لە گوندی کفار یۆنا کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی جوولەی هەڵەبجەیین و تەنیا بە 3% کەمتر بوو لە پارتی لیکود. لە گوندەکانی بێت یوسف و یاردێنا لەسەر سنووری ئۆردن کە دانیشتووانەکەی جوولەکەی زاخۆن و مۆنیومێنتێکی کەلتووریی کوردی جوولەکەی لێیە، پارتی لیکود 45%ی دەنگەکانی برد و پارتی زایۆنی کەمتر لە 16%ی برد.

## بۆچی کوردەکان پشتگیری لیکود دەکەن؟

شێوازی دەنگدانی ئەوان وەک کۆمەڵگە جوولەکەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ناو ئیسرائیلە. پارتی کرێکاران هەر لە کۆنەوە زۆرینەیان لە نوخبەی ئەشکەناز پێکهاتوون کە رەگەزیان لە جوولەکەی ئەوروپیە. هەستدەکەن ئەو پارتە بە رووياندا داخراوە، بۆیە جوولەکە میزراحیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەنگ بە پارتی لیکود دەدەن وەک پارتێکی کۆمەڵگە بەگشتی.

بەشێوەیەکی گشتی تا ئەمڕۆ شێوازی دەنگدان لە ئیسرائیل بەمجۆرەیە. پارتی یەکێتی زایۆنی کە لە پارتی کرێکاران و پارتی هاتنوا پێکدێن، زۆرینەن لە تەلئەڤیڤ و حەیفان، بەڵام لیکود لە هەشت شارە گەورەکەی دیکەی ئیسرائیل زۆرینەی دەنگەکانی هێنا کە زۆرینەیان خۆرهەڵاتین (میزراحی). هەندێک سەرکردەی سیاسی پارتی چەپەکان دانیان بەو راستیەدا ناوە کە لە پێناوی بردنەوەی هەڵبژاردنەکان دەبێت تێکەڵی چینە هەژارەکان ببن و لە پارتە راستڕەوەکانیان دووربخەنەوە.

چەپەکان بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1999 هەڵبژاردنیان بردەوە کە لەلایەن یەهود باراک سەرکردایەتی دەکرا.

## ئەنجامی هەڵبژاردن چ مانایەکی بۆ کوردستان هەیە؟

بەهۆی مانەوەی ناتانیاهۆ لە پۆستەکەی، سیاسەتەکانی ئیسرائیل بەردەوام دەبێت لە دژایەتیکردنی گفتوگۆ ئەتۆمیەکەی نێوان ئێران و وڵاتانی رۆژئاوا. لە کاردانەوەی سەرۆکی ئەمریکا باراک ئۆباماوە بەرامبەر سەرکەوتنی ناتانیاهۆ، دەردەکەوێ کە پەیوەندییەکانی نێوان ئۆرشەلیم و واشنتن خراپتر دەبێت، ئەوەش فاکتەرێکە کاریگەری دەبێت لەسەر گفتوگۆ ئەتۆمیەکە و دژایەتی کۆنگرێس لەبەرامبەر ئەو گفتوگۆیانە. دوو لەو سەرکردە ئیسرائیلیانە، لەوانە وەزیری دەرەوە ئاڤیگدۆر لیبەرمان و بنیامین ناتانیاهۆ کە بە ئاشکرا پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، دەگەڕێنەوە سەر پۆستە باڵاکانیان لەناو حکومەت. هەر پەیوەندییەکی بێدەنگیش ئەگەر هەبێت لە نێوان کورد و ئیسرائیل، بەردەوام دەبێت لە حکومەتی داهاتوودا.

بەڵام گرنگ نییە کێ لەسەر دەسەڵات دەبێت لە ئیسرائیل لەکاتی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان. حکومەتی ئیسرائیل دەمودەست دان بە دەوڵەتی کوردستاندا دەنێت و پەیوەندییەکی زۆر باش لەگەڵ کورد دروستدەکات.

# کوردستان لە "گەمەی شەڕدا": هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی



چێنگ ساگنیچ و ئۆفرا بێنجیۆ*

ڕۆڵی گرنگی کورد لە شەڕی دژ بە ئیسلامیە توندڕەوەکاندا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ جارێکی دیکە لە تەوەرێکی سیاسی و سەربازیدا کە لەلایەن زانکۆی (تەلئەبیب)ەوە رێکخرا، خرایە بەر گفتوگۆ.

تەوەرەکە گریمانەی ئەو سیناریۆ سەربازییەی کرد کە تێیدا ئێران لە گفتوگۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا پاشەکشە دەکات لەپێناوی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی و رێکخراوی داعشیش ناوچەیەکی بەرفراوانتر داگیردەکات بە ئوردن و بەشێکی سەرەکی ناوچەی شیعەکانی عێراقیشەوە. لە تەوەرەکەدا، شارەزایانی سیاسی باسیان لە چەندین ئەکتەری جیاواز کرد کە رۆڵ لە ناوچەکەدا دەگێڕن، لەوانە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا، ئێران، عێراق، تورکیا، میسر، رووسیا، چین، سعودیە و ئیسرائیل. تەرکیزی سەرەکی تەوەرەکە تاوتوێکردنی ئەگەر و دەرئەنجامەکانی ئەو سیناریۆیە بوو لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئەو (نفوز)ەی کە هەریەک لەم ئەکتەرانە هەیانە. حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکێک بوو لەو قەوارانەی لە چوارچێوەی عێراق لە تەوەرەکەدا باسی لێوەکرا، بەڵام لە کۆتایی تەوەرەکەدا وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ کرا.

پرۆگرامی خوێندنی کوردی لە سەنتەری "مۆشێ دایان" بۆ لێکۆڵینەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانی کرد. سەرنجراکێشترین دەرئەنجام بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەوەرەکەدا نیشاندانی خواستی زۆرینەی ئەکتەرەکان بوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەرێمە بچووکە بێ دەروازەیە. لە تەوەرەکەدا گریمانەی ئەوە کرا کە دەوڵەتی ئیسلامی ناوچەیەکی بەرفراوانتر بە نەجەف و کەربەلاشەوە لە قووڵایی هەرێمی شیعەکان داگیردەکات، ئەوەش بەهۆی بێسەروبەری و بێتوانایی سوپای عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم گرووپە. لەئەنجامی پێشڕەویەکانی داعش، حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک تەنها قەوارەی سەقامگیر لەو وڵاتەدا دەردەکەوێ و بەوهۆیەشەوە هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان دەتوانن مامەڵەی لەگەڵ بکەن.

بەر لە هەر شتێک، لەگەڵ بەشبەشبوونی خێرای عێراق بەهۆی جەنگەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی گڵۆپی سەوز لە ئەمریکاوە دەستەبەر بکات بۆ تاکلایەنە فرۆشتنی نەوتەکەی لەڕێگەی تورکیاوە. ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەنجامی خراپبوونی بارودۆخی دارایی عێراق بوو بەهۆی زیادکردنی خەرجی سەربازی و پێویستی دابینکردنی 17%ی بودجەی هەرێمی کوردستان. لە غیابی هاوکاریی سەربازی بۆ هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، هەرێمی کوردستان توانی چەکی قورس بەدەستبهێنێ، بە بۆچوونی ئەو شارەزا سیاسیانەی نوێنەرایەتی ئەمریکایان دەکرد لە تەوەرەکەدا، ئەمە وەک دڵنیاییەک بوو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداریی چالاکی لە ئۆپەراسیۆنی دەرهێنانەوەی مووسڵ لەدەستی دەوڵەتی ئیسلامی.

ئەوەی جێی سەرسوڕمان نییە، ئێران بەرێزەوە داواکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ هاوکاری دارایی و سەربازی رەتکردەوە، ئەوەش بە زیادکردنی رۆڵی لە پشتگیریکردنی حکومەتی عێراق بۆ دەرهێنانەوەی ناوچە شیعەکان لە باشووری عێراق لەدەستی دەوڵەتی ئیسلامی. لەگەڵ ئەمانەشدا، سعودیە کە ئەندامێکی چالاکە لەو هاوپەیمانێتیەی ئەمریکا پێشەنگی دەکات لەدژی دەوڵەتی ئیسلامی، رازی بوو پێنج ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی، لەبری ئەوەی وەک ناوبژیوانێک رۆڵ بگێڕێت لە نێوان هەرێمی کوردستان و کڕیارە نێودەوڵەتیەکان لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیدا سەربەخۆ نەوتەکەی بنێرێتە دەرەوە.

هەردوو ئەندامەکەی بەناو بلۆکی رۆژهەڵات، رووسیا و چین، خواستیان نیشاندا لە هاریکاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بابەتە بازرگانیەکاندا. رووسیا رەتیکردەوە پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان بکات، بەڵام چین گوتی، دەبێت لەم بابەتەدا راوێژ بە ئێران بکات. تەنانەت رووسیا گەیشتە ئەوەی کە بە فەرمی داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات مل بدات بۆ داوای کۆمپانیا نەوتیەکانی رووسیا لە هەرێمی کوردستان. لەهەمان کاتدا، ئەو شارەزایانەی نوێنەرایەتی میسریان دەکرد، بەڕوونی دانیان بەوەدانا کە بارودۆخی ناسەقامگیری ناوخۆی میسر رێگر دەبێت لە پشتگیریکردنی سیاسەتە تاک لایەنەکانی کوردستان لەلایەن ئەو وڵاتەوە.

گۆڕانکارییە بەرچاوەکان لە بارودۆخی سیاسی و سەربازیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە هۆی سەپاندنی گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە سیاسەتە هەرێمی و نەودەوڵەتیەکان لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان وەک یەک. ئەکتەرە گرنگەکانی ناوچەکە، تورکیا و ئیسرائیل پێگەی خۆیان لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان پاراستووە جگە لە چەند گۆڕانکاریەکی کەم لە سیاسەتەکانیاندا. تورکیا لە نێو ئەو وڵاتە یەکەمینانە بوو کە بەنهێنی هاوکاری سەربازی و دارایی پێشکەشی هەرێمی کوردستان کرد لە پاش ئەو قەیرانەی هەرێمەکە رووبەڕووی بووەوە. هەرچەندە لە رووکاری دەرەوە ئەو وڵاتە بێلایەنیی خۆی پاراستووە، بەڵام بە نهێنی چەک و تەقەمەنی بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نارد.

ئیسرائیل وەک تەنها کڕیاری نەوتی کوردستان و پشتگیرییە ئاشکراکانی بۆ سەربەخۆی هەرێمی کوردستان، لە تەوەرەکەدا گوتی کە بەردەوام دەبێت لە پشتگیرییەکانی بۆ کورد، بەڵام ئەمجارەیان بە چەکی قورس و مەشقی تاکتیکی بە هێزەکانی. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئیسرائیل وەک ئەکتەرەکانی دیکە دوودڵە لە پشتگیریکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی سووریا.

هەرچەندە ئەو تەوەرەیەی تەلئەبیب کورت بوو، بەڵام بیروڕای زۆر گرنگی تێدا ئاڵوگۆڕکرا و جارێکی دیکە رۆڵی گرنگی کوردی نیشاندا لە داینەمۆی سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەسەرووی هەمووشیەوە بایەخی زیاتری ئەکتەرە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان بۆ ئەم ناوچەیە. تێگەیشتنێکی لەو جۆرە لە توانای کورد بۆ کاریگەری خستنە سەر سیاسەتەکانی ناوچەکە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی پشتگیری دارایی و سەربازی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان. دەکرێت بەئاسانی تێبینی ئەمە بکرێت چ لە بارودۆخی سیاسی ئێستا و چ لە تەوەرەکەی ئەم دواییەی زانکۆی تەلئەبیب. ئەو وێنە دیموکراتی و عەلمانیەی کورد دروستیانکردووە لە چەند ساڵی رابردوودا وەک فاکتەرێکی گرنگ رۆڵ دەگێڕێ و رێخۆشکەر دەبێت بۆ دانپێدانانێکی جیهانی لە مافی خۆبەڕێوەبردنیان و شایەنی پشتگیری جیهانی.

هەتا ئەم وێنەیە پارێزگاری لێبکرێت، پشتگیری جیهان بۆ کورد بەگشتی و بە تایبەتی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاد دەکات و ئاسانکاری بۆ کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان دەکات سوود لە ناسەقامگیریی ئێستای ناوچەکە وەربگرن و ئۆتۆنۆمیەکی زیاتر بەدەستبهێنن.

***پرۆفیسۆر ئۆفرا بێنجیۆ سەرۆکی پرۆگرامی کوردیە لە سەنتەری مۆشێ دایان بۆ لێکۆڵینەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە تەلئەبیب.**

**چێنگ ساگنیچ، توێژەر لە هەمان سەنتەری مۆشێ دایان.**



ئیکرام حوسێن

# ئەوپەڕی ئیفلاس

منداڵە 10 ساڵانەکەیان لە هۆڵی نەشتەرگەری هێنابووە دەرەوە و شوکر بۆ خوا بەنجەکە بەری دابوو، بەڵام تووشی لەرز و تایەکی خراپ بووبوو، لەبەر ئازاریش دەگریا و هاواری دەکرد، پزیشکەکەی دەیفەرموو گریان بۆ ئەم منداڵە باش نییە، چونکە کاریگەری لەسەر نەشتەرگەرییەکە دەبێت. نەشتەرگەرییەکە بریتی بوو لە هێنانی ئێسک لە کەلەکەیەوە بۆ داخستنی مەلاشووی. ئینجا وەرە منداڵ بیت و مەلاشووت تەقەڵاوی بێت و لەرز و تات بێت و پێشتبڵێن نابێت بگریت و دەم زۆر بکەیتەوە!

سەرتان نەیەشێنم هەموو ئەوانە بە دەرزییەکی پاراسیتامۆڵ چارەسەر دەبوون، بەڵام لە نەخۆشخانەکەدا نەبوو، دەمێکیش بوو نەمابوو. نرخی دەرزییەکەش لە دەرەوەی نەخۆشخانە بە هەزار دینارە لەم پارە تەبعە و بە جوملەش دانەی هەر 50 سەنت دەکەوێت!

خۆ نەبوونی عەیب نییە، ئێستا نەخۆشخانەکان پێویستیان بە هاوکاریی خەڵک هەیە بۆ کڕینی هەندێک جۆری دەرمان و پێداویستی پزیشکی.

خێرخوازان، هاوکاریکردنی نەخۆشخانەکان ئەرکێکی ئەخلاقی و نەتەوەیی و ئەگەر هەندێک مامۆستای ئاینی ئیزن بدەن، ئاینیشە. چی لەوە خێرترە بڕۆی چەند دەرزەنێک ئەمپوڵی پاراسیتامۆڵ لەگەڵ خۆت ببەیتە نەخۆشخانەیەک و نەخۆش لە لەرز و تاو ئازاری دوای نەشتەرگەری ڕزگار بکەیت.

نەبوونی دەرزیی پاراسیتامۆڵ کێشەیەکی کۆنە، سەرەتاکەی نازانم بۆ کەی دەگەڕێتەوە، بەڵام ناوەڕاستەکەی عەیب نەبێت ڕێک لەو کاتەدا بوو کە وەزارەتی تەندروستی لە پارە زۆریدا ملیاران دیناری لە خزمەتی سیستمی نیمچە تایبەتدا خەرجکرد و لە ئەنجامدا زیاتر لە سەد هەزار هاونیشتمانی نەشتەرگەرییان بۆ کرا!

ئاخر قوربان خۆ زۆریی ژمارەی نەشتەرگەری دەستکەوت نییە، قوڕبەسەرییە.

قوڕبەسەرییە لە وڵاتێکا بژیت هەر ئازارێکت تێکەوت یان نەشتەرگەرییەکت بۆ بکەن یان عەلاگەیەک دەرمانت بەسەردا بدەن. وەزارەتێکی تەندروستیت هەبێت سەری زمانی و بنی زمانی باسی دەرمان و نەشتەرگەری بێت. خۆ شتەکە ئاشکرایە، ئەگەر خەڵک دەرمان بەکارنەهێنێ و نەشتەگەریی بۆ نەکرێت، ئەی ئەو هەموو بێ کارە چی بکەن کە مشتیان بۆ پارەی زۆر کردووەتەوە!

ماوەیەک سەنتەری ددانەکە دەستکێشی نەمابوو، گوتیان لە تەوارییەکەش دەرزیی گزاز نەماوە و ئینجا پزیشکێکیش کە تاقەتی هاتوچۆی مەحکەمەی نییە، گوتی ناوم مەبە، بەڵام ئامێری بەنجکردنی نەخۆش پێش نەشتەرگەری بە زەحمەت ئیش دەکات، ئەوە هەرزوو گوتیشیان نیو بەنج نەماوە، بەڵام ئەوانە ئەگەر زۆر گران بن، ئەی تۆ بڵێی ئەم حکومەتە گەیشتبێتە حاڵێک نەتوانێ 50 سەنتی دەرزیی پاراسیتامۆڵ دابین بکات؟

نەبوونی دەرزییەکە لە نەخۆشخانەدا بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: هەندێک دەڵێن پارە نییە بیکڕین، هەندێکیش دەڵێن لە بازاڕدا پاراسیتامۆڵ نییە پشکنرابێت لەلایەن وەزارەتەوە!

سەیری ئەو کۆمیدیایە، نەخۆشخانەکە دەرمان ناکڕێت لەبەر نەبوونی دەرمانی پشکنراو، بەڵام بازاڕ پڕێتی لە دەرمانی نەپشکنراو. کەسوکاری نەخۆشەکە هەمان دەرمانی نەپشکنراو دەهێنن بۆ نەخۆشەکەیان و هەر لە نێو نەخۆشخانەی حکومیدا، کارمەندی نەخۆشخانە دەرزییەکەی لێدەدا.

هەر بژیت وەزارەتی تەندروستی کە وەزارەتی تەندروستیی سۆماڵ لە چاوتا وەزارەتی تەندروستیی ئەڵمانیایە. ئەی ئافەرین شارەزوور بۆ خۆت و پەمووت. ئێستا خۆتان یەکلابکەنەوە، پارەتان نییە یان کواڵیتی؟ ئەگەر پارە نییە داوا لە خەڵکی خێرخواز بکەن با هاوکاریی نەخۆشخانەکان بکەن، ئەگەر کواڵیتیشتان نییە پیاو نازانێت چیتان پێبڵێت!

---

## سەرچاوەکەیان سێکسکردنە لەگەڵ چەند کەسێک

# لە کوردستان بالوکە و شێرپەنجەی ئەندامی زاوزێ ڕوو لە زیادبوونن



**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

سێکس لە هەرێمی کوردستان بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی تووشکردنی خەڵکی بە بالوکەی ئەندامانی زاوزێ و ڕێگاخۆشکردن بۆ تووشبوونی ژنان بە شێرپەنجەی ملی منداڵدان. سەرچاوەی ئەوانەش ڤایرۆسی پاپیلۆمایە کە لە ڕێگەی پەیوەندییە سێکسییەکانەوە دەگوازرێتەوە، بەتایبەتی سێکسکردنی کەسێک لەگەڵ چەندین کەس.

### ڤایرۆسێک و چەند ڕوخسارێک

پاپیلۆما بڵاوترین ڤایرۆسی گوازراوەیە لە ڕێگەی سێکسەوە. گرفتەکە ئەوەیە هەندێکجار هیچ نیشانەیەکی نییە، بەڵام لە پرۆسەی سێکسدا بۆ لایەنی بەرامبەر دەگوازرێتەوە و لە یەکێک لە قۆناغەکانی ژیاندا نیشانەکان دەردەکەون. دیارترین نیشانەکانیشی بالوکەی چووک و زێ و کۆمە.

هەندێک جۆری ڤایرۆسی پاپیلۆما ڕێگا بۆ چەند جۆرێکی شێرپەنجەی ئەو ئەندامانە خۆشدەکەن کە بڵاوترینیان شێرپەنجەی ملی منداڵدانە و لە 90%ی حاڵەتەکاندا سەرچاوەکەی چەند جۆرێکی ئەو ڤایرۆسەیە.

### بالوکەکە بەربڵاوە

پزیشکێکی پێست کە لەبەر هەستیاریی بابەتەکە نەیویست لەم ڕاپۆرتەدا ئاشکرا بکرێ، دەڵێت ئێستا بالوکەی ئەندامانی زاوزێ بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت بەتایبەت لەنێو گەنجاندا "ئەوان تەنیا داوای چارەسەر دەکەن، بەهۆی دۆخی کۆمەڵایەتی و نزمیی ئاستی هوشیاریشەوە بە زەحمەت لە نەخۆشییەکە و مەترسییەکانی تێدەگەن".

ئەو پزیشکە هەروەها دەڵێت ئەوەی بۆ نەخۆشەکان دەکرێت لەلایەن پزیشکانی پێستەوە، تەنیا لابردنی بالوکەکانە. لەکاتێکدا بەشە گرنگەکە ئەوەیە کە نەخۆش وریا بکرێتەوە لەوەی ئەگەر سێکس لەگەڵ هەر کەسێک بکات، ڤایرۆسەکەی بۆ دەگوازێتەوە. گوتیشی "لەڕووی زانستییەوە دەبێت هاوسەرەکەشی پشکنینی بۆ بکرێت، چونکە ئەنجامەکانی ڤایرۆسەکە لە خانماندا مەترسیدارترە و ڕێگا بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە خۆشدەکات".

بەپێی سەرچاوە زانستییەکان، لابردنی بالوکەکە مەرج نییە ڤایرۆسەکە لەنێو ببات و ئەگەری زۆرە دوای چەند مانگێک لە لابردنی بالوکەکان، دووبارە سەرهەڵبدەنەوە. بەتایبەت لەوکاتانەی کۆئەندامی بەرگری توانای سەرکوتکردنی ڤایرۆسە نووستووەکانی جەستەی نامێنێ.

(ک) گەنجێکی دانیشتووی سلێمانییە و دەڵێت بە دەست ئەو بالوکانەوە دەناڵێنێ کە لەسەر ئەندامی زاوزێی دەرکەوتووە، سەرەڕای ئەوەی چەند جارێک لەلایەن پزیشکی پێستەوە بالوکەکانی لاداوە. ئەو گەنجە گوتی ژیانی هاوسەری پێکنەهێناوە، بەڵام زۆرجار سێکسی لەگەڵ ژنان کردووە و بەو هۆیەشەوە تووشبووە.

### منداڵانیش تووشی بوون

پزیشکەکەی پێست دەڵێت ئەوان لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی پێست چەندین منداڵی خوار تەمەنی 12 ساڵیان بینیوە کە بالوکەی کۆمیان هەیە.

سەبارەت بەهۆی تووشبوونی منداڵان بە بالوکە، ئەو پزیشکە گوتی "ئەگەر بالوکەکان تەنیا لەسەر کۆم بوون، ئەوە ئەگەری هەیە منداڵەکە دەستدرێژی کرابێتە سەر". بەڵام دەڵێت "ئەم بابەتە جگە لە لایەنی زانستی، لایەنی کۆمەڵایەتیشی هەیە، بۆیە سەختە بتوانی بە دایک و باوکی منداڵەکە بڵێی کە دەستدرێژی کراوەتە سەر منداڵەکەیان".

### لە شەرمان سەردانیان ناکەن

بەپێی قسەی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی، ژمارەیەکی زۆرکەم نەخۆش بۆ چارەسەری ڤایرۆسی پاپیلۆما سەردانیان دەکەن.

د.فەرهاد مەجید عەلی، بەرپرسی هۆبەی نەخۆشییە گوازراوەکان لە ڕێگەی سێکسەوە لە بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستیی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی شەرمکردن لە نەخۆشییە سێکسییەکان، ئەوانەی تووشی بالوکەی ئەندامانی زاوزێ دەبن، ڕوو ناکەنە سەنتەرەکان تا نەخۆشییەکەیان لەگەڵ باس بکرێ، بەڵکو دەچنە کلینیکێکی تایبەتی پزیشکی پێست تا چارەیەکی خێرایان بۆ ببیننەوە و خێزانەکانیشیان بە حاڵەتەکە نەزانن".

پزیشکەکەی پێست گلەیی لە نەخۆشەکان هەیە و دەڵێت "پزیشکەکانی پێست نەخۆش بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەیان ڕەوانە ناکەن و تەنیا چارەیەکی خێرا و سادەیان بۆ دەکەن، چونکە تووشبووەکان هەم ئارەزووی ڕۆتینە درێژەکانی سەردانی سەنتەرەکان ناکەن، هەم شەرم دەکەن حاڵەتەکەیان بەدواداچوونی درێژی بۆ بکرێ، بۆیە ئەگەر کاغەزی ڕەوانەکردنیش بە نەخۆشەکان بدەن، ئەوان ناچن".

### ڤاکسینی بالوکە لە کوردستان نییە

(ڕووداو) پەیوەندی بە بەشی کوتان لە بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی کرد بۆ زانینی ئەوەی کوتان بەم ڤاکسینە لە کوردستان ئەنجامدەدرێت یاخود نا. وەڵامەکە ئەوە بوو کە "ڤاکسینی دژی پاپیلۆما، نەک لە سلێمانی، بەڵکو لە سەرتاسەری کوردستان و عێراقیش نییە".

### شێرپەنجەی ملی منداڵدان لە کوردستانیش هەیە

ڤایرۆسی پاپیلۆما دەکرێت ڕێگا خۆشبکات بۆ شێرپەنجەی منداڵدان و ملی منداڵدان، چووک، زێ، کۆم و گەروو (لەوانەی سێکسی دەم و کۆم دەکەن). بەڵام لە هەموویان بڵاوتر شێرپەنجەی ملی منداڵدانە کە بەپێی زانیارییەکانی سەنتەری ئەمریکی بۆ کۆنترۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکان (CDC)، 90%ی حاڵەتەکانی شێرپەنجەی ملی منداڵدان بەهۆی تووشبوون بە ڤایرۆسی پاپیلۆمایە.

بەپێی ئامارەکانی نەخۆشخانە و بەشەکانی تایبەت بە شێرپەنجە لە کوردستان، ساڵی ڕابردوو 38 حاڵەتی تووشبوون بە شێرپەنجەی ملی منداڵدان تۆمار کراون کە بەمشێوەیە بووە: نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی 11 حاڵەت، نەخۆشخانەی نانەکەلی لە هەولێر 8 حاڵەت و بەشی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی ئازادی لە دهۆک 19 حاڵەت.

### پرۆگرامی نیشتیمانیی دەوێت

پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێت پێویستە پرۆگرامێکی نیشتیمانی هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی پاپیلۆما و ئەنجامەکانی، چونکە ئێستا جگە لە بالوکە کە ئێجگار بڵاوە، شێرپەنجەی ملی منداڵدانیش خەریکە دەبێتە دووەم جۆری بەربڵاوی شێرپەنجە لەسەر ئاستی جیهاندا.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە پزیشکیی کۆمەڵ، باس لە وردەکارییەکانی پلانێکی نیشتیمانی دەکات کە پێویستە بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ئەم نەخۆشییە دابڕێژرێ و ئەم لایەنانە لەخۆ بگرێت:

یەکەم: هۆشیارکردنەوەی کچان و کوڕان لەسەر گرنگیی پشکنینی پێشوەخت، سێکسکردن لەگەڵ تەنیا یەک کەسدا (هاوسەرگیری)، گرنگی بەکارهێنانی کۆندۆم و خەتەنەکردنی کوڕان.


دووەم: کوتانی کچان لە تەمەنەکانی 9-13 ساڵی، چونکە ئەم کوتانە ڕێگە لە تووشبوون بە ڤایرۆسی پاپیلۆما دەگرێت. کوتانەکە بە سێ جار و لەماوەی شەش مانگدا دەکرێت.

سێیەم: پشکنینی پێشوەخت بۆ زوو ناسینەوە و زوو چارەسەرکردنی نەخۆشییەکە، چونکە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتە تووشبووەکان. ئەمەش لەڕێگای:

- پشکنینی پاپ سمیر لەتەمەنی 30 ساڵی بەسەرەوە بەپێی پێویست بۆ ئافرەتان، ئەوانەی کە هاوسەرگیرییان کردووە.
- پشکنینی دامێن لە ڕێگای سەیرکردنەوە لەلایەن پزیشکی پسپۆڕ.
- چاندنی شانەی وەرگیراو لە هەندێک حاڵەتی گوماناوی بۆ ناسینەوەی ڤایرۆسەکە.

---

# پێنج زانیاریی پێویست دەربارەی کۆلیسترۆڵ




**ڕووداو -مێڵسکۆم**

وشەی کۆلیسترۆڵ بووەتە فۆبیایەک بۆ بەشی زۆری خەڵکی، بەڵام ژمارەی ئەوانەی زانیارییان دەربارەی سروشتی کۆلیسترۆڵ و کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانی لەسەر جەستە و تەندروستی هەیە، زۆر کەمن. ئەمانە پێنج زانیاری پێویستن دەربارەی کۆلیسترۆڵ:

**1- کۆلیسترۆڵ تەنیا لە سەرچاوە گیانەوەرییەکانەوە دێت:**

کۆلیسترۆڵ لە چەورییە ڕووەکییەکاندا نییە و تەنیا لە سەرچاوە گیانەوەرییەکانەوە (گۆشت، شیر و بەرهەمەکانی، هێلکە و گیانەوەرە ئاوییەکان) دەستدەکەوێت. بەشێک لە کۆلیسترۆڵ لەلایەن جەستەوە دروستدەکرێت و بەشێکیشی لە خۆراکەوە وەریدەگرین. واتە ئەگەر هیچ سەرچاوەیەکی گیانەوەریش نەخۆیت، جەستەت بەشێک کۆلیسترۆڵ هەر دروست دەکات.

**2- کۆلیسترۆڵ سوودیشی هەیە:**

جگەر کۆلیسترۆڵ دروستدەکات و لە ئاستی ئاساییدا بۆ زۆر بوار بەکاری دەهێنێت، وەک دروستکردنی هۆرمۆنەکان، ڤیتامین d و ماددەگەلێک کە لە هەرسکردنی خۆراکدا یارمەتیدەری جەستە دەبن.

**3 - کۆلیسترۆلی سوودبەخش و زیانبەخش:**

کۆلیسترۆلی سوودبەخش (HDL) چەورییەکانی خوێن لە دیواری بۆرییەکانی خوێن دوور دەخاتەوە و ناهێڵێت لەسەری بنیشن و تەسکی بکەنەوە، لەبری ئەوە دەیانگێڕێتەوە بۆ جگەر، تا دواتر لەوێوە فڕێ بدرێنە دەرەوە. کۆلیسترۆڵی زیانبەخش (LDL) دروست پێچەوانەی ئەوە دەکات و ڕێگا بۆ تەسکبوونەوە و گیرانی بۆرییەکانی خوێن خۆشدەکات و هەندێکجاریش لەکاتی هەڵکەندرانی ئەو چەورییە کەڵەکەبووانەدا، کلۆیەک پەیدا دەبێت کە دەچێتە نێو سووڕی خوێن و لە هەر شوێنێک بۆرییەکی خوێن بگرێت، کەسەکە تووشی جەڵتە دەکات.

**4 - جێگەی کۆلیسترۆلی خۆراکی پڕپێکەوە:**

بەپێی توێژینەوەکان، هەر ئەوە گرنگ نییە بڕی چەورییە زیانبەخشەکان لە خۆراکدا سنووردار بکەیت، بەڵکو ئەوەش گرنگە کە بە چی جێگەی دەگریتەوە. ئەگەر لە بری چەورییە گیانەوەرییەکان ڕووبکەیتە خواردنی بڕێکی زۆری کاربۆهیدرات و شیرینی، ئەوا ئاستی چەورییە سیانییەکان (کە لەنێو خەڵکدا بە چەوری جگەر ناسراون) بەرز دەبنەوە و ئاستی کۆلیسترۆلی زیانبەخشی LDL یش زیاد دەکات. بۆیە کاتێک چەوریی گیانەوەری سنووردار دەکەیت، دەبێت بە جۆری سوودمەندی چەوری جێگەی بگریتەوە، وەک ڕۆنی زەیتوون و بادام و ئەڤۆکادۆ.

**5- خۆراکی لە قوتونراو کەم بکەوە:**

لە بری خۆراکی لەقوتونراو ڕووبکەنە خۆراکی فرێش و خۆماڵی. ئەو خۆراکە خۆماڵی و سروشتییانەی سوودیان بۆ ڕێککردنەوەی ئاستی چەوریی زیانبەخش و کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ هەیە بریتین لە: سەوزە، میوە، دانەوێڵەکان، پاقلەمەنییەکان و نیسک.

---



# ڕۆژانە 3 کەس لە کوردستان تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن

**سەروەر سالار**
**ڕووداو – سلێمانی**

بەپێی ئامارەکانی نەخۆشخانەکانی شێرپەنجە لە کوردستان، دەردەکەوێت کە شێرپەنجەی مەمک بڵاوترین جۆری شێرپەنجەیە لە کوردستان، بە جۆرێک ڕۆژانە 3 کەس تووشی ئەم جۆرەی شێرپەنجە دەبن.

بەپێی ئاماری ساڵی ڕابردووی هەرسێ نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی، نانەکەلی لە هەولێر، بەشی شێرپەنجەی نەخۆشخانەی ئازادی لە پارێزگای دهۆک، دەرکەوتووە کە شێرپەنجەی مەمک بەربڵاوترین جۆری شێرپەنجەیە لە کوردستان.


بەپێی ئاماری ئەو سێ نەخۆشخانەیە، ساڵی ڕابردوو 1177 کەس تووشی نەخۆشی شێرپەنجە هاتوون لە کوردستان، بە جۆرێک ڕۆژانە 3.22 کەس تووشی ئەو جۆرە نەخۆشییە دەبن.

هەر بەپێی ئەو ئامارە، زۆرترین ڕێژەی تووشبووان بەم نەخۆشییە لە ساڵی ڕابردوودا لە شاری هەولێر تۆمار کراوە کە 600 تووشبووە، دواتر سلێمانی بە 429 تووشبوو و دهۆک بە 148 تووشبوو دێن.

لە شێرپەنجەی ئەندامانی جەستە دوای مەمک، سییەکان پشکی شێری بەردەکەوێت لە تووشبوون بە شێرپەنجە لە هەر سێ نەخۆشخانەکەدا، بە جۆرێک لە هەولێر 175 حاڵەت و لە سلێمانی 184 حاڵەت و لە دهۆکیش 10 حاڵەت تۆمار کراون.

هەمەجۆر
ژمارە (352) دووشەممە 2015/3/30

## ئەنیس عاشق بووە



**ڕێکەوت سەلام/ ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنیس ڕۆشەن ڕایگەیاند دوو گۆرانی تۆمارکردووە و بە نیازە یەکێکیان کلیپ بکات.
ئەنیس بە (ڕووداو)ی گوت "لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دوو گۆرانیم بە ناوەکانی (عاشقترین) و (تەنیایی) تۆمارکردن کە هەردوو بەرهەمەکە دوێتن و لەگەڵ ئارمینک بە یەکەوە دەیڵێین، لە داهاتووشدا گۆرانی عاشقترین بەشێوەی کلیپ بڵاودەکەینەوە". گۆرانی عاشقترین بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی گوتراوە، تێکستی بەشە کوردییەکە لەلایەن شاعیر ئەحمەد محەممەدەوە نووسراوە و بەشە فارسییەکەشی لەلایەن ژنە شاعیری ئێرانی مریەم حەیدەر زادە نووسراوە.

# کچە کوردێک دەیەوێ ببێتە شاجوانی جیهان



**دەریاز یونس**
**ڕووداو - هەولێر**

کچێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشداریی ڕێورەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی گراند-ی نێودەوڵەتی دەکات کە بڕیارە مانگی 10ی ئەمساڵ لە تایلەند بەڕێوەبچێت.

لەیلا چوپانی، 23 ساڵ، خەڵکی شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئێستا لە ستۆکهۆڵم-ی پایتەختی سوێد دەژی و لە دوبەی کاری فاشیۆن دەکات. لەیلا پاڵێوراوە بەناوی کوردستانەوە بەشداری لە ڕێورەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی گراند-ی جیهانی بکات.

لەیلا لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند "بەناوی کوردستانەوە بەشداری لە ڕێورەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی گراند-ی جیهانی دەکەم".

# چۆپی شیعری باوکی دەکاتە گۆرانی



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند و پێشکەشکاری تەلەفزیۆنی چۆپی فەتاح، گۆرانییەکی بۆ پێشمەرگە تۆمارکردووە کە تێکستەکەی لەلایەن باوکییەوە نووسراوە.

چۆپی بە (ڕووداو)ی گوت "گۆرانییەکەم بە ناوی پێشمەرگەیە کە ئیحسان فەتاحی باوکم تێکستەکەی نووسیوە و خۆشم ئاوازم بۆ داناوە و لە ستۆدیۆکانی ئەورووپا تۆمار کراوە".

چۆپی کە پێشکەشکاری بەرنامەی "چۆپی و چارەیە" لە تەلەفزیۆنی ڕووداو، لەبارەی کلیپی گۆرانییەکەوە گوتی "ئێستا سەرقاڵی ئامادەکاریم بۆ کلیپکردنی گۆرانییەکە، بە هیوام لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆتایی بە کارەکانی بێت".

# جلی پێشمەرگە دەگۆڕێت



**ڕووداو- هەولێر**

کچە مۆدێلی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سۆنیا بەیتۆشی لە نوێترین کۆلێکشنیدا، براندێکی تایبەت دەخاتە بازاڕەوە بەناوی جلی پێشمەرگەی ژن و دەڵێت ئامادەیە دیزاینێکی تایبەت بۆ جلی پێشمەرگە بکات.

سۆنیا بەیتۆشی لەبارەی براندە نوێیەکەی بە (ڕووداو)ی گوت "بە بڕوای من دەبێت گۆڕانکاری بەسەر جلوبەرگی وەرزیی پێشمەرگەکانماندا بێت، بۆ ئەوەی لە کاتی جەنگدا لەگەڵ وەرزەکان بگونجێ، بۆیە بیرم لە براندێکی تایبەت کردەوە بۆ ئافرەتانی پێشمەرگە و ئەم جلانەشیان پێشکەش دەکەم".

سۆنیا هەروەها دەڵێت "ئەگەر لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە هاوکاری بکرێم، ئەوا دیزانێکی زۆر مۆدێرن بۆ جلوبەرگی پێشمەرگە دەکەم".

# گەرمیانی مارشێک تۆمار دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

بێلان گەرمیانی، کوڕی هونەرمەند حەسەن گەرمیانی، مارشێک بۆ پێشمەرگە بەرهەمدێنێ و دەڵێت تاوەکو ئێستا کاری لەو شێوەیە لە کوردستان نەکراوە.

بێلان گەرمیانی بە (ڕووداو)ی گوت "بەرهەمێکم بۆ پێشمەرگە تۆمار کردووە کە مارشێکە بە ناوی گشتمان پێشمەرگەین و سەرجەم کارەکانی بەرهەمەکەش خۆم کردوومن". بێلان گوتی کە بەرهەمەکەی "ناوازەیە" و تاوەکو ئێستا هیچ هونەرمەندێک کارێکی وا گەورەی بۆ پێشمەرگە نەکردووە.

ئەم بەرهەمە بە تەنیا ئۆرگێک تۆمار کراوە کە بێلان خۆی ئۆرگەکە لێدەدات، هەروەها تێکستی گۆرانییەکە خۆی نووسیویەتی و ئاوازەکەشی هەر خۆی دایناوە.

بێلان گوتی "زۆر کاری کرچ و کاڵ بۆ پێشمەرگە کراون، بەڵام پێشمەرگە شایستەی زۆر لەوە زیاترە، بۆیە بڕیارم دا کارێکی گەورە بۆ پێشمەرگە بکەم".

# ڕێناس سەما ناکات



**ڕووداو- کەرکوک**

دوای پێنج ساڵ سەماکردن، کوڕە سەماری کورد ڕێناس قادر وازهێنانی خۆی لە سەمای هیندی ڕاگەیاند و دەڵێت دەبێتە گۆرانیبێژ.

ئەو کوڕە سەماکارە بە (ڕووداو)ی گوت "زیاتر لە 5 ساڵ سەمای هیندیم کرد، بەڵام هیچ گرنگییەکم پێنەدرا، بگرە هەندێکجار گاڵتەشیان پێدەکردم، بۆیە بڕیارم دا واز لە سەمای هیندی بێنم و ببمە گۆرانیبێژ".

ڕێناس پێیوایە لە کوردستان هیچ گرنگییەک بە سەما نادرێت و خەڵک لە گرنگیی سەما تێناگەن، بۆیە گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی واز لەو هونەرە بهێنێت. لەوبارەوە گوتی "بەشداری چەندین فێستیڤاڵی تایبەت بە سەمام کرد، بەڵام لە جیاتی دەستخۆشی، ڕەخنەباران کرام".

# جلە کوردییەکانی کەرەزۆن هی کێ بوو؟

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەستێرەو گۆرانیبێژی ناسراوی ئوردنی دیانا کەرەزۆن، بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە چەند وێنەیەکی بەجلوبەرگی کوردی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردەوە، ئەوەش دەنگدانەوەی زۆری لە نێو میدیا کوردی و عەرەبییەکاندا هەبوو.

دیانا کەرەزۆن، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو جلوبەرگەم بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە پۆشی، من دایکم کوردە و خەڵکی باکووری کوردستانە، بەڵام هەر لە ئوردن ژیاوین".

لەبارەی چۆنیەتی دەستکەوتنی جلوبەرگە کوردییەکانیش گوتی "هاوڕێیەکی کوردم کە ناوی سۆزانە، ئەو جلانەی بۆ ئامادەکردم، تاوەکو وێنەی پێوە بگرم و لە ڕۆژی نەورۆزدا پیرۆزبایی لە گەلی کورد بکەم، زۆر سوپاسی دەکەم".

هیواشی خواست کە بتوانێت سەردانی کوردستان بکات بۆ سازکردنی کۆنسێرتێکی خێرخوازی.

دیانا کەرزۆن، ساڵی 1983 لەدایکبووەو ساڵی 2003 دەستی بەکاری هونەری و گۆرانیگوتن کردووە، خاوەنی چەندین کلیپی گۆرانی و خاوەنی ناسناوی سوپەرستاری عەرەبە.



# شەریف "قەیران" ناهێڵێ



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی باکووری کوردستان شەریف قەیران ڕایگەیاند کە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی هونەری دامەزراندووە و بەوەش بەشێکی کێشەی دارایی هونەرمەندانی کوردستان چارەسەر دەکات.

شەریف قەیران بە (ڕووداو)ی گوت "دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر توانیم کۆمپانیایەک بەناوی شەریف قەیران پرۆداکشن دابمەزرێنم".

زۆر لە هونەرمەندان بەهۆی قەیرانی دارایی کارە هونەرییەکانیان ڕاگرتووە. شەریف قەیران دەڵێت لەم قەیرانە داراییەدا ئەو دەتوانێت هاوکاری هونەرمەندانی کورد بکات "دەرگام واڵایە بۆ هونەرمەندانی کورد، لە جیاتی ئەوەی بچن لە کۆمپانیا تورکییەکان بە نرخێکی گران گۆرانی کلیپ و تۆمار بکەن، من بە نرخێکی زۆر هەرزان کاریان بۆ دەکەم".

ئەو گوتی "بۆچی خزمەت بە هونەرمەندێکی تورک بکەم و بە هونەرمەندێکی کوردی نەکەم؟".

# پەرواز 100 هەزار دۆلار ڕەتدەکاتەوە



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی لاوی کورد پەرواز حوسێن ڕایگەیاند خۆی و گۆران ساڵحی هاوسەری نزیکەی 100 هەزار دۆلاریان ڕەتکردووەتەوە و ئامادە نەبوون لە نەورۆزدا ئاهەنگ ساز بکەن.

پەرواز حوسێن، گۆرانیبێژی کوردی بەشداربووی بەرنامەی عەرەب ئایدۆڵ بە (ڕووداو)ی گوت "من و گۆرانی هاوسەرم، بەبۆنەی سەری ساڵ و جەژنی نەورۆزەوە چەندین ئۆفەرمان پێشکەش کرا بۆ سازدانی ئاهەنگ لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، بەڵام ڕەتمانکردەوە بەشداری هیچ کۆنسێرت و ئاهەنگێک بکەین، چونکە پێشمەرگە لە شەڕدایە دژی داعش و چەندین شەهیدمان داوە، ناکرێ دایکی شەهیدان شین بکەن و ئێمەش شایی".

پەرواز گوتیشی "ئەگەر بەشداری ئاهەنگەکانمان کردبا، نزیکەی 100 هەزار دۆلارمان دەستدەکەوت، بەڵام خوێنی شەهیدان لەلای ئێمە لە پارە زۆر بە قەدرترە، بۆیە ئاهەنگەکانمان ڕەتکردنەوە".

# بەختی ڕووداو

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی** ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
هەست بە ئازادییەکی زیاتر دەکەیت چونکە دەستێوەردان لە کێشەکانت کەمتر دەبنەوە. دڵت بە زۆر بیرکردنەوە تەنگ مەکە و ڕەنکە هەندێ پێشبینی هەرگیز ڕوونەدەن. گومانەکانت لە پەیوەندی خۆشەویستی ژیانی ئاڵۆز کردووی.

**گا**
باشترین ڕێگا بۆ لەیادکردنی خەمەکانت بەردەوامبوونە لە گەشت و پەیوەندییەکانت لەگەڵ ئەو کەسانەی دڵخۆشت دەکەن. پێویست بە نواندن ناکات هەوڵ بدە وەک کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆت دەربکەویت، ئەوە خۆشەویستیت زیاتر دەکات.

**جمک**
وا هەست مەکە هەوڵ و کۆششەکانت بەهەدەر دەڕوات. هەموو هەوڵێک ئەنجامێکی دەبێت ئەگەر کەمیش بێت. لەڕووی سۆزدارییەوە ئامادەی هەموو داواکارییەکان جێبەجێ بکەیت، بەڵام هێشتا پێویستە زیاتر چاوەڕوانی کات بکەیت.

**قرژاڵ**
کاتێکی زۆر لە بیرکرنەوەی کاردا بەسەر دەبەیت بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک دروست بکەیت، دڵخۆش بە هەموو ئەو شتانەی چاوەڕوانیان دەکەیت بەخۆشی و بەختێکی باشەوە بەدەستدێن. بەدەسکەوتنی بڕە پارەیەک پێداویستیەکی گرنگ پڕدەکەیتەوە.

**شێر**
هاوسەنگی لەنێوان کار و خێزاندا ڕابگرن، دەتوانن ببنە دەستێکی یارمەتیدەر بۆ هەندێک لە کەس و هاوڕێ نزیکەکانتان. ئاڵۆزیەکان دەڕەوێنەوە، گەشبینانە بیربکەرەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت.

**گوڵەگەنم**
بەربەستەکان تێکدەشکێن و چەند دەرگایەکی ئاسوودەیی نوێ دەکرێنەوە. لەم مانگەدا دەتوانی زۆرێک لە کارەکان ڕێکبخەیتەوە، گرنگی بدە بەو شتانەی دڵخۆشت دەکەن، یان ڕێگەیەکت بۆ دەکەنەوە بۆ ئاسوودەیی بەردەوام.

**تەرازوو**
دووپشک: ڕێگا ئاسانەکان تاقیبکەرەوە. خۆت وەک کەسێکی هێندە سادە پێشان مەدە کە بە پێچەوانە لێت بڕوانن. پەرە بە بیرۆکەکانی ڕابردوو بدە ڕەنگە بگەنە ئەنجامێکی باش یان ببنە پرۆژەیەک بۆ کاری نوێ. کاتێکی باشە لەڕووی دەستکەوتنی دەرامەت.

**دووپشک**
لە ماوەیەکی کەمدا لە کارە نوێیەکەت دەستبەکار دەبیت، بەڵام ئەم کارە هەندێک ماندووبوونی پێویستە. کاریگەری دەخەیتە سەر چواردەورەکەت و خۆشەویستیت زیاد دەکات. چەند ڕۆژی داهاتوو پەیوەندیەکانت زۆر دەبن و دەتوانی سوود لە خەڵکانی دیکە وەربگری.

**کەوان**
دوودڵ مەبە لەوەی پێشنیاز بۆ کەسێک بکەیت کە سوودی هەردوولای تێدابێت. هەوڵ بدە تەنها بە بابەتە سەرەکیەکانەوە خۆت سەرقاڵ بکەیت، چونکە لە کاتێکی باشدایت. وا باشە کاتی زیاتر بەو کارانە ببەخشی کە دەبنە هۆی باشکردنی ژیانی داهاتووت.

**کارژۆلە**
خۆت لە هەڵچوونی کتوپڕ بپارێزە، زۆرینەی کات ئەو شتانەی تووڕەت دەکەن هۆکارێکی زۆر ساکاریان هەیە. هەموو کاتێک ئەنجامەکان بەئاسانی دەستەبەر نابن، بەڵکو دەبێت هەوڵ و ماندووبوونیان لەگەڵ بکێشی پاشان چێژێکی خۆشی لێوەردەگریت.

**سەتڵ**
کارەکانت زۆر کردووە، وەک جاران ماوەیەک سەرقاڵت دەکەن و پاشان فەرامۆشیان دەکەیت. بەڵام ئێستا فرسەتێکی زێڕینە کار بۆ سەرکەوتن بکەیت و ببیتە جێی سەرنجی چواردەورەکەت. هەنگاوەکانی سۆزداری خێراتر دەبن و فرسەتی گونجاوت بۆ دەڕەخسێنن.

**نەهەنگ**
پەیوەندی ئەڤینداری بیرکردنەوەی زیاتر کردوویت، پەلە مەکە نەوەک بیرۆکەکانت بەرەو ئاراستەیەکی هەڵەت ببەن. کاتێکی باشە بۆ کارەکانت، بەڵام هەوڵ مەدە هەموو کارەکانت پێکەوە بگەیەنیتە ئەنجام.

## سەباح ئیسماعیل:

# دەکرێ زمانی کوردی لە ڕێگەی وەرگێڕانی ڕۆمانەوە گەشە بکات



**ژاوێن شاڵی**

وەرگێڕێک بێدەنگانە کار دەکات، بەڵام لەگەڵ چاپبوونی هەر بەرهەمێکی وەرگێڕدراوی دەنگدانەوە و بزاوتێکی تازە دەخاتە نێو گۆمی مەنگی ئەدەبیاتەوە، هەر کاتێک ناوی سەباح ئیسماعیل دەبیستین، بۆن و بەرامە و چێژی خوێندنەوەی ڕۆمانی عەرەبی دەکەین، لەپاڵ ئەوەشدا ئێستا پردێکی گرنگتری هەڵچنیوە، ئەویش وەرگێڕانی ڕۆمانەکانی جان دۆست، ڕۆماننووسی کوردی ڕۆژئاوای کوردستانە بۆ سەر زاراوەی سۆرانی.

**ڕووداو: لەم دواییە لە وەرگێڕانی تازەترین ڕۆمانی جان دۆست بوویتەوە (عەشیقی وەرگێڕ-عشیق المترجم)، کە پێشتر ڕۆمانی (میرنامە)یت کردە سەر زاراوەی سۆرانی و لەڕێی ئەو وەرگێڕانەشەوە خوێنەری کورد بەدونیا و داهێنانی ڕۆماننووسێکی وەک جان دۆست ئاشنا بوو، چی وایکرد کە ڕۆمانێکی دیکەی جان دۆست وەربگێڕی؟**

**سەباح ئیسماعیل:** بێگومان ئەوی ڕۆمانی "میرنامە"ی جان دۆست بخوێنێتەوە، زوو درک بەگەورەیی و توانای جان دەکات وەک ڕۆماننووس. هەست بەوە دەکات چەندان نووسەری گەورەی وامان هەن مخابن نەناسراون. هەر ئەمەش وای لە جان دۆست کردووە بەخۆی ڕۆمانەکانی خۆی بکاتە عەرەبی، تاکو بەخوێنەری عەرەب بناسرێت. نەک هەر ئەمە، بەڵکو چەندان کتێب بە عەرەبی بنووسێت. بۆ من جان دۆست هونەرێکی نوێ بوو لە بواری ڕۆماننووسیدا، هەر ئەمەش بوو وای لێکردم بەوەندە واز نەهێنم و ڕۆمانی دیکەی ئەو بکەمە کوردی. ئەمە جگە لەوەی وەرگێڕانی کارەکانی جان لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، هەوڵدانە بۆ ناسینی ئەدەبی ڕۆژئاوای کوردستان بەخوێنەری باشوور و نزیککردنەوە و هەوڵێکە بۆ بەیەکتر ئاشناکردن و نزیکبوونەوەی پتری زارەکان لەیەکتر.

**ڕووداو: پاش (عەشیقی وەرگێڕ) چیترت لە بەرنامەدا هەیە و کاری لەسەر دەکەیت؟**

**سەباح ئیسماعیل:** وەرگێڕانی "عەشیقی وەرگێڕ" تەواو بووە و بەئومێدم مانگی داهاتوو بکەوێتە بازاڕەوە. چەند مانگێک دەبێت ڕۆمانی "ماڵە ئەندەلوسییەکە"ی واسینی ئەلئەعرەجیشم تەواوکردووە و بۆ دووەمینجار خەریکی پێداچوونەوەیم. ماوەیەکە کەوتوومەتە خوێندنەوەی کۆمەڵێک ڕۆمانی عەرەبی کە تازە بەدەستم گەیشتوون، مخابن تا ئێستا لەسەر بڕیاردان لە وەرگێڕانی یەکێکیان یەکلا نەبوومەتەوە. بۆ من هەڵبژاردنی ڕۆمانێک و بڕیاردان لەسەری بۆ وەرگێڕان کارێکی تابلێی قورسە. زۆرم حەزدەکرد ڕۆمانی "واحە الغروب – مێرگی ئاوابوون"ی بەهاتاهیر بکەمە کوردی، بەڵام لەبەر ئەوەی دواییەکەی درێژدادڕی و بەزۆر تێئاخنینی تێدایە، لە وەرگێڕانی پاشگەز بوومەوە. بۆ ئێستا پێمخۆشە ڕۆمانی "نادی السیارات"ی عەلا ئەسوانی، یاخود "العطر الفرنسي"ی ئەمیر تاج ئەلسڕی ڕۆماننووسی سوودانی وەرگێڕم.

**ڕووداو: لە دیمانەیەکتدا دەڵێیت "ئاواتەخوازم بتوانم هەموو ڕۆمانەکانی ڕۆماننووس (واسینی ئەلئەعرەج) وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی. سەرسامیی زۆرت بۆ نووسینەکانی واسینی لە چ ڕەهەندێکەوەیە؟**

**سەباح ئیسماعیل:** بەپێی بەدواداچوون و خوێندنەوەکانم بۆ ڕۆمانی عەرەبی، بەلای منەوە واسینی ئەلئەعرەج ئێستا باشترین و پڕ بەرهەمترین ڕۆماننووسی عەرەبە. واسینی لە کاتی نووسیندا هونەرکارییەکی سەیر بەکاردەهێنێت، زمانێکی چڕ و مۆسیقا لە ڕۆمانەکانیدا دەبینیتەوە. ناکرێت باس لە ڕۆمانی عەرەبی بکرێت و واسینی فەرامۆش بکرێت، جگە لەوەی بەفەڕەنسی دەنووسێت، ڕۆمانەکانی بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراون. مخابن درەنگ لای ئێمە ناسرا، ئەویش لە ڕێگەی وەرگێڕانی ڕۆمانی "مرۆڤێک ناوی لە ناواندا نییە"وە بوو.

واسینی لە ڕۆمانەکانیدا قسە لەسەر بەشێک لە مێژووی عەرەب و مێژووی جەزائیر دەکات و هەموو ئەو مێژووەش دەداتە بەر ڕەخنە. بۆ نموونە لەو ڕۆمانە وەرگێڕدراوەیدا، لاپەڕە نهێنی و شاراوەکانی شۆڕشی جەزائیر دەخاتە بەرچاو و تێماندەگەیەنێت ئەو شۆڕشە تەنیا لاپەڕەی سپی و بێگەردی نەبووە، بەڵکو لاپەڕەی ڕەش و پڕ لە تاوانکاریشی هەبووە. هەمیشە ئەو دەست بۆ شتە پیرۆزەکان دەبات و پەردەیان لەسەر هەڵدەداتەوە. لای ئەو هەموو شتەکان قابیلی گومان و ڕەخنەلێگرتنن. من واسینی بە یەشار کەمال دەچوێنم، وەک ئەو پڕ بەرهەمە و چەندین ڕۆمانی دەچنە قاڵبی سێیینەوە. وەک ئەو خامەی بە بڕشتە و بەکەمی دیالۆگ لە ڕۆمانەکانیدا بەدی دەکرێت. ئەمیش زۆر بایەخ و گرینگی بەشوێن دەدات و لە نووسینەکانیدا مافی خۆی دەداتێ. ڕۆمانێکی نییە لەوی دیکەی بکات. بێگومان ئەگەر بوارم هەبێت و پێیدا ڕابگەم زۆرم پێخۆشە سەرجەم ڕۆمانەکانی واسینی ئەلئەعرەج بکەمە کوردی. هەرچەندە دڵنیاشم لەوەی کارێکی ئەستەمە بتوانم ئەو هەموو ڕۆمانانەی بکەمە کوردی.

**ڕووداو: وەرگێڕانیش وەک ژانرێکی ئەدەبی لەنێو ئێمەشدا نرخی زیاتر دەبێت و زۆرکەس بە وەرگێڕانەوە خەریکن، ئایا ئەم فرەییە وای کردووە وەرگێڕانەکان بێ سەروبەر و زۆر و بۆر بن و پێویست بێت سنوورێک بۆ ئەو فرەییە دابنرێت؟**

**سەباح ئیسماعیل:** وڵاتی ژاپۆن لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە هەڵمەتێکی سەیری لە بواری وەرگێڕاندا کرد و گەلێک کتێبی زانستی وەرگێڕایە سەر زمانی ژاپۆنی. بەمە شۆڕشێکی زانستی کرد و گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. پاش ئەوە ئینجا ڕووی لە وەرگێڕانی کتێبی ئەدەبی کرد، هەر بۆیە مێژووی ئەدەب لای ژاپۆنییەکان هێند کۆن نییە. بەپێی ئامارێکی نەتەوە یەککگرتووەکان، لە وڵاتێکی 7 ملیۆنیی وەک ئیسرائیلدا ساڵانە 15 هەزار کتێب وەردەگێڕدرێن، کەچی لە گشت وڵاتانی عەرەبدا کە دانیشتووانیان خۆی لە 350 ملیۆن دەدات، ساڵانە تەنیا 330 کتێب وەردەگێڕدرێن، واتا لە سەردەمی خەلیفە مەئموونی کوڕی ڕەشیدەوە تاکو ئەمڕۆ چەند کتێب کراونەتە عەرەبی، لە ئیسرائیل ئەوە بە 4 ساڵ دەکرێت و لە وڵاتێکی وەک ئیسپانیاش بەیەک ساڵ تۆڵەی دەکرێتەوە. هەموو ئەو کاغەزەی ساڵانە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بەکاردەبرێن، بەشی دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی فەڕەنسی ناکات!

بێگومان ئەمە نیشانەی ئەو قەڵشتەیە لە جیاوازیی ژیاری لەنێوان عەرەب و ڕۆژئاوادا هەیە.

ئەمڕۆ بەداخەوە وای لێهاتووە ئەوی زمانێک بزانێت دەست دەداتە وەرگێڕان و مژوڵی وەرگێڕان دەبێت. هەر لەبەر ئەمەشە دەبینین کەسانێکی زۆر کار لە بواری وەرگێڕاندا دەکەن. هەڵبەت بێسەروبەرییەکی بێ ئەندازە بەبوارەکەوە دیارە و کتێبێلی وا وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی کە گەلێک بە دەقە ئەسڵییەکە نامۆن. ئەمە جگە لەو کارەساتەی گەلێک لە کتێبەکان لە زمانی سێیەم و دووەمەوە بەئێمە گەیشتوون و ڕۆحیان لەبەر دەقەکە بڕیوە. ڕەنگە کەم میللەت هێندەی کورد ئاتاجی وەرگێڕان بێت. کاتێک بتەوێت لە بوارێکدا بەدوای سەرچاوەدا بگەڕێیت، ئەودەم دەزانیت کتێبخانەی کوردی چەند هەژارە. وەرگێڕان لای ئێمە بێ بەرنامەیە، دەبوو دەزگەیەکی گەورە بۆ ئەم بوارە تەرخان بکرایە و لەسەر بنەمای بەرنامەی ساڵانە کاری بکردایە و هیچ کتێبێکی وەرگێڕدراو بێ پێداچوونەوە و ڕەزامەندیی ئەم دەزگەیە نەکەوتایەتە بازاڕەوە. ئەوەی ئەمڕۆ لای ئێمە بەپرۆسەی وەرگێڕان دەکرێت، مایەی بەزەییە. سەیرەکەش لەوەدایە زۆربەی زۆریان بە ڕۆمان دەستپێدەکەن، لەکاتێکدا ڕۆمان لە هەموو ژانرەکان پتر پێویستی بەزمانزانییە لە هەردوو زمانەکەدا، وەرگێڕانی ڕۆمان زیاتر پێویستی بە وشەسازی و گەمەکردنە لەناو زماندا. لای ئێمە تاکو کتێبێکی زانستی، یاخود دەروونناسی، پزیشکی و ئەندازە دەکرێتە کوردی، بەسەدان کتێبی ئەدەبی وەردەگێڕدرێن. وەرگێڕ دەبێت لەو بوارەی کاری تێدا دەکات مەعلان و شارەزا بێت، ناکرێت وەرگێڕێک لە یەک کاتدا دەست بۆ وەرگێڕانی کتێبی زانستی و ئەدەبی ببات، ئەمە خۆونکردنە و ئەستەمە بتوانێت زمانەکەی لە هەردوو بوارەکەدا وەک یەک زاڵ بێت.

**ڕووداو: ئەوەی وەرگێڕانەکانی (سەباح ئیسماعیل) لە وەرگێڕەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە، هەمیشە وەرگێڕدراوەکانت بابەت و ئارێشەکانیان گەلێک نزیکن لە موعاناتی تاکی کوردییەوە، ئەم ئیحساسە یاریدەدەر بووە لە سەرکەوتنت لەو بوارەدا؟**

**سەباح ئیسماعیل:** هەڵبەت یەکەمین خاڵی گرینگ بۆ وەرگێڕ هەڵبژاردنێتی بۆ ئەو بابەتەی وەریدەگێڕێت. من دوای خوێندنەوەی دەیان ڕۆمانی عەرەبی ئینجا دێمە سەر بڕیاردان لەسەر ئەوەی کامیان وەربگێڕم، یان وەریبگێڕم یان نا. هەندێک جار ڕۆمانێک دەخوێنمەوە خۆی بەسەرتدا دەسەپێنێ و دەبێت وەریبگێڕی. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت خۆمانی تێدا دەبینینەوە، یادەوەرییەکانی خۆمانی تێدا بەدی دەکەین. یاخود هێند لە کۆمەڵگەکەمانەوە نزیکە وا هەست دەکەیت باس لە خۆمان دەکات. بێگومان خوێنەریش پتر حەز بەو ڕۆمانانە دەکات خۆی تێدا ببینێتەوە و لە کەش و هەوای دەوروبەرەکەیەوە نزیک بێت و زیاتر لەگەڵیدا دەگونجێت.

**ڕووداو: دەمەوێت لە زمانی خۆتەوە باسێکی ڕۆمانی "شەماعیە"م بۆ بکەیت، شەماعیە کە بەدەم خوێندنەوەیەوە دەگریام و پێموایە پێویستە هەر تاکێکی کورد ئەم ڕۆمانەی عەبدولستار ناسر بخوێنێتەوە..**

**سەباح ئیسماعیل:** ڕۆمانی "شەماعیە" لە ڕۆژگارێک دەدوێت، هەموومان بەدەست یەکێ لە دڕندەترین ڕژێمە دیکتاتۆرەکانەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان چەشتوومانە. نووسەر لەم ڕۆمانەدا خۆی دەنووسێتەوە، چونکە ڕۆژگارێک لەسەر چیرۆکێکی گیرا و لە زیندانە تاریکەکانی ڕژێمدا ئازار و ئەشکەنجەی سەختی کێشا. نوشوستییەکانی کاراکتەرەکان بەشێکن لە نوشوستییەکانی نووسەر خۆی. کێشەکە لەوەدایە هێشتا و تاکو ئێستا دەردیسەرییەکانی ناو ڕۆمانی شەماعیە دووبارە دەبنەوە و بەردەوامییان هەیە و دانەخراون. تاکو نەهاش لەلایەن دواکەوتووخوازان و تاریکبینانەوە بیر و هۆش دەخەسێنرێن. نووسینی ڕۆمانی شەماعیە بۆ نووسەرەکەی لە ژەنینی کەمانچە دەچێت، چون خەمەکانی بروێنێتەوە. پەڕەکانی ڕۆمانەکە بە زامەکانی نووسەر تەڕبوونە، نووسەر دەڵێت "یەکەمین ڕۆمانە تێیدا موزیک بژەنم و بگریم". شەماعیە ڕۆمانێکە باس لە وەرچەرخانی گەورە دەکات. باس لەوانە دەکات کە ناخوازن ڕیتمی ژیان بەو شێوە قەتیسماوییەی بەڕێوە بچێت. ئەگەرچی وەرگێڕانی ڕۆمانەکە بۆ من مایەی خۆشحاڵی بوو، لە هەمان کاتدا تابڵێی ئازاربەخش بوو.

**ڕووداو: زمانی وەرگێڕان لای تۆ زمانێکە وا لە خوێنەر دەکات وا هەست بکات ئەم ڕۆمانە وەرگێڕدراو نییە و زمانی خۆماڵیی کوردییە، چۆن ئەم کارە دەکەیت؟ لەکاتێکدا هەندێکجار بەر هەندێ کتێبی وەرگێڕدراو دەکەوین تا تەواوی دەکەین بەدەست قورسی و ناڕوونی زمانەکەیەوە بڕستمان لەبەر دەبڕێت؟**

**سەباح ئیسماعیل:** کاتێک ڕۆمانێک وەردەگێڕین دەبێت خۆمان بەنووسەری دووەمی ڕۆمانەکە بزانین، تاکو خەمی بخۆین و بەتەنگییەوە بێین. وەرگێڕان پتر کارکردنە لەناو زماندا، گەمەکردنە بە وشە. بۆیە دەبێت بەردەوام بەدووی وشە و پەیڤی نوێدا عەوداڵ بین، بپرسین و سۆراخ بکەین، لەخۆڕا وشە دانەنێین و دەبێت بەدوای لەبارترین و بەئاوازترینیاندا بگەڕێین. گەلێکجار بۆ هەڵبژاردنی وشەیەکی جوانتر و لەبارتر پێویست دەکات چەندین فەرهەنگ هەڵبدەیتەوە بۆ ئەوەی وشەکە جێی خۆی بگرێت.

هەندێک جار لەکاتی وەرگێڕاندا هەستدەکەم ئیدی وشەکان لای من دووبارە دەبنەوە و لە هەڵبژاردنی وشەی لەبارتردا چک دەهێنم! بۆیە لە دۆخی وادا کتێبەکە دەخەمە لاوە و دەست بەخوێندنەوەی چەند ڕۆمانێک دەکەم، ئینجا دەگەڕێمەوە سەر وەرگێڕانەکە و تێهەڵدەچمەوە. بەڕاستی پرۆسەی وەرگێڕان ئاتاجی سەبر و ئارامی و عیشقە. ئەوی شەیدای وەرگێڕانەکەی نەبێت تێیدا سەرکەوتوو نابێت. دەکرێت زمانی کوردی لە ڕێگەی وەرگێڕانی ڕۆمانەوە پەرە پێبدەین و گەشە بکات. چونکە لە ڕۆماندا زمان شاراوە و هەرچی وشە هەن تێیدا جێیان دەبێتەوە. هەرکات خوێنەرێک بەدەست خوێندنەوەی کتێبێکمانەوە لەسۆنگەی ناڕوونیی زمانەوە ئاڵاندی، ئەوا دەبێت دڵنیابین لەوەی ئیدی ئەو خوێنەرە هەڵەی وا ناکات جارێکی دیکە کتێبێکمان بخوێنێتەوە. بۆیە دەبێت هەرگیز متمانەی خوێنەر لەدەست نەدەین.

**ڕووداو: ئایا تەنها زانینی زمانێکی دیکە مەرجە بۆئەوەی مرۆڤ دەست بداتە وەرگێڕان؟ یان چی دیکە پێویستە بۆئەوەی وەرگێڕێکی سەرکەوتوو بیت؟**

**سەباح ئیسماعیل:** نا نەخێر، هەرگیز زانینی زمان خاڵی سەرەکیی بەوەرگێڕ بوون نەبووە و نییە. بۆ ئەوەی ببینە وەرگێڕی کارامە و جێ باوەڕ، پێویستە دنیایەک زانیاریمان لەسەر ئەو ژانرەی کاری تێدا دەکەین، هەبێت. ناکرێت هەر لەبەر ئەوەی زمان دەزانین، دەیان ڕۆمانمان نەخوێندبێتەوە و ڕۆمان وەرگێڕین. پاشان کارکردن و وشەسازی لە زمانی خۆ کارێکی تابڵێی گرینگە. ناتەواوی لە هەر یەکێک لە زمانەکەدا ناتەواوییە بۆ وەرگێڕانەکە. دەمەوێت بوێری بکەم و بڵێم دەبێت وەرگێڕ ئەدیب بێت. یان ڕۆشنبیرییەکی بەرفراوانی لەو بوارەدا هەبێت. جگە لەوەی بەردەوام سوود لە فەرهەنگی دوو زمانەکە وەربگریت و بەکاری بهێنێت.

**ڕووداو: جگە لە وەرگێڕان چ پرۆژەیەکی دیکەی نووسینت هەیە؟**


**سەباح ئیسماعیل:** بەڕاستی جگە لە وەرگێڕان هیچ پرۆژەیەکی تری نووسینم نییە، ناشمەوێت هەمبێت. پێمخۆشە نووسەران تایبەتمەندی وەرگرن و دەست بۆ هەموو بوارەکان نەبەن، چونکە لە کۆتاییدا نووسەری هەمەلایەن سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت و خۆی وندەکات، بۆیە زۆر پێویستە هەر نووسەرێک یەک بوار هەڵبژێرێت و خۆی پارچە پارچە نەکات. هەڵبەت ئەمە بۆ وەرگێڕانیش ڕاستە. ناکرێت وەرگێڕێک لە بوارێکدا تایبەتمەندی وەرگرێت و لە گشت بوارەکاندا وەربگێڕێت. مەرج نییە نووسەرێک ڕۆمانێک وەربگێڕێت، پاشان بچێتە سەر بابەتێکی ڕەخنەیی، یا مێژوویی، یاخود زانستی، یا دەروونی! ئەستەمە بتوانێت زمانی ئەم هەموو بابەتانەی هەبێت و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.




### کارە وەرگێڕدراوەکانی سەباح ئیسماعیل:

1 – ڕۆمانی ( وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) ی نووسەری سۆدانی تەیب ساڵح
2 – ڕۆمانی (باڵەخانەی یاقوبیان)ی نووسەری میسری عەلا ئەسوانی
3 – ڕۆمانی (شیکاگۆ)ی نووسەری میسری عەلا ئەسوانی
4 – ڕۆمانی (مرۆڤێک ناوی لەناواندا نییە)ی نووسەری جەزائیریی واسینی ئەلئەعرەج
5 – ڕۆمانی (تاکسی)ی نووسەری میسری خالید ئەلخەمیسی
6 – ڕۆمانی (عێراقییەک لە پاریس)ی سەموئێل شەمعوون
7 – ڕۆمانی (شەماعیە)ی نووسەری عێراقی عەبدولستار ناسر
8 – ڕۆمانی (کەسێتی تاکی عێراقی)ی نووسەر باقر یاسین
9 – (موبارەک و سەردەمەکەی)ی نووسەر و توێژەر محەممەد حەسەنێن هەیکەل
10 – ڕۆمانی (میرنامە)ی نووسەری کورد جان دۆست
11 – ڕۆمانی (درێژترین ساڵ)ی ڕۆماننووسی عێراقی زوهدی داودی
12 – عەشیقی وەرگێڕ- نووسەری کورد جان دۆست

# ڕۆماننووس لەسەردەمی جەنگدا



**هاورکی مۆراکامی***

ئەمڕۆ وەک ڕۆماننووس هاتووم بۆ قودس، واتە وەک دەڵێن وەکو درۆنووسێکی لێزان هاتووم.

تەنها ڕۆماننووسەکان درۆ نانووسنەوە، بەڵکو وەکو دەزانین سیاسییەکانیش درۆ دەکەن. دیبلۆمات و عەسکەرییەکانیش لە بۆنەکاندا درۆی تایبەت بەخۆیان هەیە. هەڵبەت چەرچی ئۆتۆمبێلی نیوداش و گۆشتفرۆش و وەستاکانیش درۆ دەکەن، بەڵام درۆی ڕۆماننووسەکان لەوانی دیکە جیاوازە، ئەوەش لەڕووی ئەوەی کاتێک درۆ دەکەن کەس ڕەخنەیان لێ ناگرێ. بەڵکو هەرکات درۆکانیان گەورەتر و باشتربێت و هەرچەندە لێزانتر بێت لە هۆنینەوەی درۆ، ئەوەندە زیاتر لەلایەن جەماوەر و ڕەخنەگرانەوە ستایش دەکرێ، باشە بۆچی دەبێ وابێ؟!

وەڵامی من ئەمەیە: لە ڕێگەی درۆکردنی لێزانانەوە، واتە لە ڕێگەی نووسینی ڕۆمان وەک شتێکی ڕاستەقینە، ڕۆماننووس دەتوانێ حەقیقەت بخاتە شوێنێکی تازە و تیشکی تازەی بخاتە سەر. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تێگەیشتن لە حەقیقەت لە شێوەی ڕەسەنی خۆی و بەوردی گوزارشت لێکردنی، کارێکی ئەستەمە. لەبەرئەوە هەوڵدەدەین لە ڕێگەی دەرهێنانی لە مۆڵگەکەی و گۆڕینی بۆ شوێنی ڕۆمان و ئاڵوگۆڕبەسەرداهێنانی، کلکی حەقیقەت بگرین. تەنانەت با ئەو کارەش بکەین، بەڵام پێویستە ڕوونی بکەینەوە کە حەقیقەت لە کۆی ناوەوەی ئێمەدا خۆی حەشارداوە.

ئا ئەوەش ڕوونکردنەوەیەکی گرنگە بۆ درۆکردنی باش، بەڵام ئەمڕۆ نامەوێ درۆ بکەم. دەمەوێ تا ئەوپەڕی ڕاستگۆبم لەگەڵتاندا. هەموو ساڵێک ڕۆژانێکی کەم هەن تێیاندا درۆ ناکەین، دیارە ئەمڕۆ یەکێکە لەو ڕۆژانە.

بۆیە لێگەڕێن ڕاستییەکتان پێبڵێم، لە ژاپۆن کەسانێکی زۆر ئامۆژگارییان کردم کە نەیەم بۆ ئێرە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی قودس، بگرە هەندێکیان هەڕەشەی ئەوەیان لێکردم ئەگەر بێم کتێبەکانم بایکۆت دەکەن. هۆکاری هەموو ئەوانە ئەو جەنگە قێزەونەیە کە لە غەززە هەڵگیرساوە. بەگوێرەی قسەی نەتەوە یەکگرتووەکان پتر لە هەزار کەس لە شاری غەززەی گەمارۆدراو گیانیان لەدەستداوە، لەوانەش زۆرینەیان خەڵکی مەدەنی و بێگوناهن، لە منداڵ و بەساڵاچووان.

دوای دەستنیشانکردنم بۆ ئەم خەڵاتە، چەند جارێک ئەو پرسیارەم لەخۆم کرد کە لە کاتێکی وەهادا هاتنم بۆ ئیسرائیل و وەرگرتنی خەڵاتێکی ئەدەبی، شتێکی ڕاستە؟، ئەی چ دەبێ ئەگەر هاتنم بۆ ئێرە هەستێکی وام لا دروست بکات کە من لە دووبەرەکیەکدا لایەنگری لایەنێکم دژی لایەنێکی دیکە و قایلم بە سیاسەتی گەلێک کە هێزێکی سەربازیی زەبەلاحی بۆ خۆی دروستکردووە؟ بێگومان نامەوێ هەستی وام هەبێ. من بە هیچ جەنگێک قایل نیم و پشتگیری هیچ گەلێکیش ناکەم.

دواجار و دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ، بڕیارم دا بێم. یەکێک لە هۆکارەکانی بڕیاردانم، ئەوە بوو کە کەسانێکی زۆر ئامۆژگارییان کردم کاری وا نەکەم، بەڵام منیش وەک ژمارەیەک ڕۆماننووسی دیکە دەمەوێ ڕێک پێچەوانەی ئەوە بکەم کە خەڵکی داوام لێدەکەن. ئەگەر خەڵکی ئامۆژگارییان کردم و بەتایبەتیش ئەگەر ئاگاداریان کردمەوە لەوەی "مەڕۆ بۆ فڵان شوێن" یان "فڵانە شت مەکە"، ئەوە من دەکەومە سەر ئاو و ئاگر تا بڕۆم بۆ ئەو شوێنە. ئەوە سروشتی منە، سروشتی من وەک ڕۆماننووسێک. ڕۆماننووسەکان جۆرە خەڵکێکی تایبەتن، ئەوان ئەگەر شتێک بەچاوی خۆیان نەبینن و بەدەستی خۆیان دەستی لێنەدەن، ناتوانن بەڕاستی بڕوا بەو شتە بکەن. ئا لەبەر ئەوەیە من لێرەم. لەبری ئەوەی لە دوور بمێنمەوە، وام پێ باشتر بوو بێم، لەبری ئەوەی ببیستم، پێم باشتر بوو بە چاوی خۆم ببینم. لەبری ئەوەی هیچ نەڵێم، پێم باشتربوو قسەتان لەگەڵدا بکەم. ئەوە مانای ئەوە نییە من بۆ گەیاندنی پەیامێکی سیاسی لێرە بم، یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی ڕۆماننووس بڕیاردانە لەسەر ڕاستی و هەڵە. بەڵام مەسەلەکە سەبارەت بەهەموو نووسەرێک پەیوەستە بەو شێوەیەی کە ڕۆماننووس هەڵیدەبژێرێ بۆ گەیاندنی بۆچوونەکانی خۆی. وەک خۆم باشترین کەناڵ بەلامەوە چیرۆکە. لەبەر ئەوە نامەوێ ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ گەیاندنی پەیامێکی ڕاستەوخۆی سیاسی لەبەرامبەرتان بوەستم.

بەڵام ڕێم بدەن پەیامێکی زۆر شەخسی خۆمتان پێ بگەیەنم. ئەو شتەش لەکاتی ڕۆماننووسیندا هەمیشە لە خەیاڵی خۆمدا هێشتوومەتەوە، هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان نەگەیشتوومەتە قۆناغی نووسینی ئەو پەیامە لەسەر کاغەزێک و هەڵواسینی بەدیوارەوە. لەبری ئەوە لەسەر دیواری زەینم هەڵکەنراوە، ئەویش ئەوەیە: "لەنێوان دیوارێکی پتەو و بەرز و هێلکەیەکی تەنک و بۆشدا، هەمیشە لایەنی هێلکەکە هەڵدەبژێرم".

بەڵێ، بێ لەبەرچاوگرتنی ڕادەی ڕاستیی دیوارەکە و هەڵەیی و ناڕاستیی هێلکەکە، هەر لایەنی هێلکەکە دەگرم. پێویستە کەسێکی دیکە بڕیار بدات چی ڕاستە و چی هەڵەیە. ئەگەر ڕۆماننووسێک بە هەر هۆیەکەوە بۆ لایەنگری دیوارەکە بەرهەمێک بنووسێ، زەمەن و مێژوو بڕیار دەدەن بەهای ئەو کارە چییە.

ئەو نموونەیەی من مانای چییە؟ زۆر ئاسانە و تاڕادەیەکش ڕوونە. بۆمب، تانک، مووشەک و فسفۆڕی سپی ئەو دیوارە پتەو و بڵندەیە. هێلکەکەش ئەو خەڵکە دوورەپەرێزانەن کە لەلایەن دیوارەکەوە دەچەوسێنرێنەوە و دەسووتێنرێن. ئەوە یەکێکە لە ماناکانی خوازەکەی من.

دیارە ئەوە هەموو مەسەلەکە نییە، چونکە مانای قووڵتریشی هەیە کە من بەم شێوەیە بیری لێدەکەمەوە: هەر یەکێک لە ئێمە بە شێوەیەک لە شێوەکان هێلکەکەین. هەر یەکێک لە ئێمە ڕۆحێکی دەگمەنین و ناکرێ لە توێکڵێکی بۆشدا بگۆڕدرێین. ئەو شتەش بۆ من و بۆ هەر یەکێک لە ئێوە ڕاستە. هەر یەکێک لە ئێمە بە ڕادەیەکی بچووک یا گەورەتر ڕووبەڕووی دیوارێکی پتەو و بڵند دەبینەوە. دیوار ناوی هەیە، ناوی سیستەم یا ڕژێمە. پێویستە سیستەم بمانپارێزێ، کەچی هەندێجار ژیانێکی تایبەت بە خۆی وەردەگرێ و دەستدەکات بە کوشتنمان و وامان لێدەکات زۆر بە خوێنساردی و میتۆدیانە، ئەوانی دیکە بکوژین.

بۆ نووسینی ڕۆمان تەنها یەک هۆکارم بەدەستەوەیە، ئەوەش دووبارە گەڕاندنەوەی ڕێزی ڕوحی تاکەکەسە. ئامانجی ڕۆمان هۆشداریدان و ڕووناکی خستنەسەر سیستەمە بە مەبەستی ڕێ لێگرتنی لە ئاڵۆزکردنی ڕوحمان لە تۆڕ و تەون و لە بەهادابەزاندنی. بەقووڵی بڕوام بەوە هەیە ئەرکی ڕۆماننووس ئەوەیە کە دەریبخات ڕۆحی هەر مرۆڤێک دەگمەن و ناوازەیە. لە ڕێگەی نووسینی ڕۆمان لە بارەی ژیان و مردن و ڕۆمان لەبارەی خۆشەویستی، ڕۆمانەکان وا لە خەڵکی دەکەن لە ترسان بگرین و بلەرزن و لە قاقای پێکەنین بدەن. ئەوە بۆیە ڕۆژ دوای ڕۆژ بەجددی بەردەوامین لە داهێنانی ڕۆمان.

ساڵی ڕابردوو لە تەمەنی 90 ساڵیدا باوکم کۆچی دوایی کرد. مامۆستایەکی خانەنشین و تاڕادەیەکیش قەشەیەکی بوزی بوو. کاتێک لە خوێندنی باڵابوو چووە ریزی سوپاوە و بۆ جەنگ نێردرا بۆ چین. وەک منداڵێکی دوای جەنگ دەمبینی هەموو ڕۆژێک پێش نانی بەیانی لەسەر کوشتارگەیەکی بوزی لەماڵەوە بە قووڵی و بۆ ماوەیەکی درێژ دەپاڕایەوە و نزای دەکرد. جارێکیان لێم پرسی کە بۆچی وا دەکات، لە وەڵامدا گوتی: نزا بۆ ئەو خەڵکە دەکەم کە لە جەنگدا کوژران، نزا بۆ هەموو ئەوانە دەکەم کە کوژراون، چ لە دۆستەکان چ لە دوژمن و نەیاران. لە پشتەوە دەمبینی بەسەر کوشتارگەکەدا کڕنۆشی بردووە و تارمایی مەرگیشم بەسەر سەر و دەوروبەریەوە دەبینی.

باوکم مرد و یادەوەرییەکانیشی لەگەڵ خۆی برد، ئەو یادەوەریانەی هەرگیز پێیان ئاشنا نەبووم، بەڵام بوونی ئەو مەرگەی کە بەسەر سەرییەوە بوو، هەمیشە لە خەیاڵمدا دەمێنێتەوە. ئەوە یەکێکە لەو شتە کەمانەی کە لێم وەرگرت و پێموایە گرنگترین شتیشە.

شتێک هەیە بە ئومێدم ئەمڕۆ بتوانم پێتانی بگەیەنم. ئێمە هەموو مرۆڤین، کەسانێک بەسەر ڕەگەز و گەل و ئاییندا دابەشبووین، هێلکەیەکی بۆشین ڕووبەڕووی دیوارێکی پتەو کە ناوی سیستەمە. بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی لە پێش چاون، هیچ هیوایەک نییە بۆ سەرکەوتن. دیوارەکە زۆر بەرز و پتەو و خوێنساردە. ئەگەر تاکە ئومێدێکی سەرکەوتنمان هەبێ، ئەوە پێویستە لەو بڕوایەوە بێت کە ڕوحی خۆمان و ڕوحی ئەوانی دیکە دەگمەنە و شیاوی گۆڕین نییە، هەروەها لەو گەرمییەوە سەرچاوە بگرێ کە زادەی پێکەوەبوونی ڕوحمانە.

بۆ ساتێک بوەستن و بیر لەو شتە بکەنەوە، هەر یەکێک لە ئێمە ڕوحێکی بەرجەستەی زیندووی هەیە. سیستەم شتێکی وای نییە، پێویستە ڕێگە نەدەین سیستەم بەکارمان بهێنێ.

پێویستە ڕێگە نەدەین سیستەم ژیانێکی تایبەت بەخۆی هەبێ، سیستەم ئێمە دروست ناکات، بەڵکو ئێمە ئەو دروست دەکەین.

ئەوە هەموو ئەو شتانە بوو کە دەمویست پێتانی بڵێم.

من سوپاسگوزارم لەوەی خەڵاتی قودستان پێبەخشیم. من سوپاسگوزارم لەوەی لە چەندین ناوچەی جیهان خەڵکی کتێبەکانم دەخوێننەوە. من دڵخۆشم بەوەی دەرفەتێکم بۆ ڕەخسا تا ئەمڕۆ قسەتان بۆ بکەم.

**وەرگێڕانی: ئارام ئەمین شوانی**

*** هاورکی مۆراکامی، باشترین ڕۆماننووسی ژاپۆنیە و کارەکانی بۆ سەر 34 زمان وەرگێڕدراون و چەندین خەڵاتی ڕێزلێنانیشی بەدەستیهێناوە بە خەڵاتی قودسیشەوە کە تایبەتە بە ئازادیی تاکەکەس لە کۆمەڵگەدا و لە شوباتی ئەمساڵ پێی بەخشرا.**

سەرچاوە


/http://www.commonground.org /



دڵشاد عەبدوڵڵا

# ڕێی بێ کۆتا

ڕێیەک دیاربوو . وەک تەونی جاڵجاڵۆکە بە بەرزاییەوە
لە شوانێکم پرسی، مەڕەکانی دەلەوەڕاند لە بنار
ئەو ڕێیە دەچێتە کوێ؟
کێوی بێدەنگان!
مەملەکەتی ئەفسانەی خواوەندان!
لە کۆنەوە،
ئەوەی چووە نەگەڕاوەتەوە .
چرکەساتێک لە سەرەوە، کێو لەرزی
هێشتا لوتکەی بڵند مابوو لە پێشمدا
ڕێیەک دیاربوو لە دوور
لە شوانێکم پرسی، مەڕەکانی دەلەوەڕاند
ئەو ڕێیە دەچێتە کوێ؟
کێوی ئاگران
مەملەکەتی قەقنەس و ئاشقان
لە کۆنەوە ،
هەر ئەفسانە و حیکایەتی لێ دەگێڕنەوە
ڕووم کردە " ئاگران "!
چرکەساتێک لەسەرەوە
مەلێک پەیدابوو، پێشمکەوت بۆ کوخێک
کە دەرگام کردەوە، دڵی خۆم دۆزییەوە
بە دیار عەشقێکی کۆنەوە بڵێسەی سەندبوو
بەو مەشخەڵەوە هاتمەوە
ڕێیەک دیاربوو لە قووڵایی
لە شوانێکم پرسی، مەڕەکانی دەلەوەڕاند
ئەو ڕێیە دەچێتە کوێ؟
کێوی بێ کۆتا!
هەتا شۆڕببیتەوە هەر کێوە
هەتا دەڕۆی هەر بڵندییە
سەرڕێژی شکۆمەندییە.
بە دەردیسەری هەوام لادا
بەرد دامی لە بەرد
بە هێزی فەرهاد قوڵنگم دا لە سینەی شاخ
هەمیشە هەمیشە
بێ کۆتا بۆ کۆتا
لەسەرزەمینی ئازار
بە شەو و ڕۆژ
لە کێوی دەنگدانەوەی شیرین
لە دەنگی بێ کۆتا غەمگین
دڵنیا دڵنیا





گۆران محەممەد

## پارێزگا

ئـەوە گرنـگ نییـە هەڵەبجـە، رانیە، سـۆران و ئاکـرێ پارێزگان یان نا، گرنگ ئەوەیە ئەم شـارانە چەندیـان خزمەتگوزاریـی تێدایە. ئاخر بە پارێزگاکردنی شارێکی بێ خزمەتگـوزاری، پتر لە پێڕابواردن دەچـێ تـا خزمەتکـردن. ئاخر لە شـارێکدا باشـترین رێسـتورانت، نـاوی (ئازەی ئیمام) و باشـترین کەبابخانە ناوی (عەبوو) بێت، کە یەکەمیـان لە (ئازاد)ەوە هاتووە و دووەمیشـیان لە (ئەبووبەکر)ەوە، ئیتر ئەم شـارە پارێـزگا بێت یان گوند، چ لە مەسەلە دەگۆڕێ؟

هەڵەبجەیەک تەنیا دوو هۆتێلی تێدابـێ کە یەکیان شـایەنی باس نییـە و ئـەوی دیکەیـان کەڵکـی تێدامانـەوەی نەبـێ، ئیتـر ئەمـە پێڕابـواردن نییە بە هەڵەبجە بڵێی پارێزگا؟


هەڵەبجـە خزمەتگوزاریـی گەرەکـە نـەک نازناو، ئاخـر ئەو نازنـاوەی خـۆی بـە فیداکاریـی بەدەسـتی هێنـاوە، زۆر لـەوە گەورەتـرە کە حکومەتـی بێپلانی کوردسـتان بـە بڕیارێـک پێـی ببەخشێ.

راسـتت دەوێ؟ بەپارێزگاکردنی هـەر شـارێک، تەنیا سـوودی بۆ زلحیزبەکانـی کوردسـتان هەیـە. ئاخر ئەوان بەو هۆیەوە پۆسـت و پلە و پایە، بۆ پیاوە بێ ئیشەکانی خۆیـان دەدۆزنـەوە و هیچی دی. ئـەی ئـەوە نییە باسـی گـەرم لە هەڵەبجـە، لـە بری دروسـتکردنی ئەم بەرزە پرد و ئەو هۆتێلی پێنج ئەسـتێرە، ئاواکردنی ئەم ناوچەی گەشـتیاری و بووژاندنـەوەی ئـەو ژێرخـان، باس باسـی ئەوەیە کێ لەسەر کورسـیی پارێزگار دانیشێ و کێ لەسـەر هینـی قایمقام؟ کێ بەرپرسـیاری پۆلیـس و کێ هینی ناحییە، بە باشی هەڵگرێ؟

خواسـتی هەڵەبجەیی و رانیەیی و ئاکرەیـی و خەڵکـی سـۆران بۆ بەپارێزگابوونـی شـارەکانیان، لەوێـوە سـەرچاوەی گرتووە کە دەزانـن حکومەتـی کـوردی، تەنیا سەنتەری پارێزگاکان بە شایستە بۆ ژیانی مرۆڤ دەزانێ و وەک تەویلە سـەرنجی شـار و شـارۆچکەکانی دیکـە دەدات، بۆیـە دەڵێن بەڵکو لـە ڕێگـەی بەپارێزگابوونـەوە، حکومـەت ئاوڕێکمـان لێبداتـەوە. سەیسیاسەقییەکانیش، هـەر لـەو گۆشـەنیگایەوەیە کـە ڤیتۆیـان لـە چوونـە سـەر تـازە پارێزگای هەڵەبجە بەکارهێناوە، ئاخر ئەوان بـاش بـاش دەزانن، تـا هەڵەبجە بەڕاستی دەبێتە پارێزگا، هیچ دوور نییە سەیدسـادق ببێتە بەشێک لە مێژووی پڕشنگداری گەلەکەمان.

من خەڵکـی رانیە بـم، ئیرەیی بـە هەڵەبجەییـەکان نابـەم کـە شـارەکەیان بووەتـە پارێزگا، داوا لـە حکومـەت دەکەم شـەقامێکی رێکمان بۆ دروست بکات، ئاخر ئەو چاڵ و چۆڵانەی بێ خزمەتگوزاری لە رانیە بەجێیهێشـتوون، زۆر لەو قۆرتانـە قووڵتـرن کـە ناپاڵـم لە هەڵەبجە دروستی کردوون. جا من کە شـەقامێکم نەبێ لە شت بچێ، تابلـۆی بەخێربێـن بـۆ پارێزگای رانیەم بۆ چییە؟

کامپ دێڤید، ویلایەتێک نییە لە ئەمێریـکا، بەڵام لـە زۆر ویلایەتی گەورەی ئەو وڵاتە بەناودەنگترە. شەرمولشـێخ هـەر شـتێکە لـە بابەتـی دوکان، بـەڵام زانیویانـە چـۆن گرنگیی پێبـدەن، بێئەوەی پێویسـت بکات بیکەنە پارێزگا، لە بـری ئەو هەموو پیاوە بێ ئیشـە، چـوار شـۆڤڵ بۆ هەڵەبجـە بنێرن باشترە قوربان.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

## یەکگرتن لەسەر حیسابی باڵی دەستڕۆیشتوو

(یەکگرتـن)ی نێوان بزووتنـەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشـتمانی کوردستان ناوبەناو دەبێتە رۆژەڤـی سیاسـی و جڤاکـی لە کوردسـتان. گرنگە سـەرەتا لەسـەر چەمکێک هەڵوەسـتە بکرێت کە ئەویش یەکگرتنە نەک یەکگرتنەوە، چونکە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی گۆڕان قەت نەیانویسـت وای نیشـان بدەن کە لە یەکێتی جیابوونەتـەوە، وەک ئـەوەی لە شەسـتەکان باڵـی مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی کـردی و نـاوی حیزبەکەشـی لەگەڵ خۆیدا بـرد! بۆیە یەکگرتنـەوە روونـادات و بگـرە ئەگـەر ئـەم پرۆژەیـە ببێتە راسـتی، دەبێ بـە یەکگرتنی دوو حیزبی سیاسـی کە دەکـرێ لە داهاتوودا ناویشی بگۆڕێت. بەڵام هەرچیەک و هەرچۆنێک بێـت، تەرحکردنی ئـەم بابەتە لەمـڕۆدا، پتر لەوەی خەمخۆری یان راسـتکردنەوەی باڵانس بێت، نیشـانەی ئیفلاسـی سیاسـیی هەردوو حیزبەکەیە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا لە زۆر رووەوە. خوێندنەوەی ناواقیعیی هەردوو حیزبەکە بۆ یەکتری لەسەرەتاوە و تێوەگلاندنی پارتـی لە هاوکێشـە نێوخۆییەکانیـان، وزە و بڕسـتی سیاسـیی لە هەردوولایان بڕی. زۆنی سـەوز سـەراپا غەرقـی ململانێیەک کـرا کە وایکـرد رۆژ بـە رۆژ بەرامبەر پارتی و ناوچەی دەسـەڵاتەکەی لاوازتـر و ملکەچتر بێتە پێش چـاو و هەڵپـەی ئەوەیان بێت کـە کامیان لە پارتی نزیکترن!

پارتیـش نەیتوانـی لـەو مـاوە درێـژەدا خوێندنەوەیەکـی واقیعـی بۆ هەڵسـەنگاندنی بارودۆخەکە هەبێت و لەبری ئیشـکردن لەسەر سیاسەتێکی نیشـتمانی، تاکڕەوی گرتە بەر و مەیدانی بۆخۆی قۆرخ کرد. بۆیە ئەگەر ئەوەی گۆڕان و یەکێتی بە دیوێکدا ئیفلاس بێت، هەمان شـت بۆ پارتیش بە فەشـەلێکی گـەورە دێتە هەژمـار کە قەت بەدرێژایـی مێژووی ململانێی لەگـەڵ نەیارەکەیـدا وا بـە لاوازی نەکەوتبووە دەستی، بەڵام پارتی ئەو هەلەی لەدەست دا.

گۆڕان و یەکێتی لە رێککەوتنی دەباشانەوە (کە لە بنەڕەتدا مانۆڕێکی تاکتیکیی تاڵەبانی بـوو لـە بەرامبـەر بارزانی بـۆ لەبیربردنەوەی قەیرانـی لابردنـی مالیکی) سـەرەتایەکیان بۆ لێکنزیکبوونـەوە لـە یەکتری دانـا. ئەگەرچی کەسـیان پابەندی رێککەوتنەکە نەبوون، بەڵام لانیکـەم ئـەو پەیامەیـان بـۆ پارتی نـارد کە دەتوانن لەسەر یەک مێز دابنیشن. رووداوەکانی دوای ئەوە و ئەو ئیفلیجییە سیاسـییەی کە لە زۆنـی سـەوز رووی دا، نەک هەر یەکێتی بگرە گۆڕانیشی کردە پاشکۆی سیاسەتەکانی پارتی و، تەنها کاتێک سیاسـەتیان پێ بەرهەم هات کە پارتی سیاسـەتی هەبایە، واتا سیاسـەتی پەرچەکردار بوو تا کردار.

ئەمڕۆ هەم باڵی دەستڕۆیشتوو و هەم گۆڕان لـە ئیدارەدانی قەیرانـە ناوخۆییەکانی خۆیان، سیاسـەتکردن بەرامبەر بە پارتی و گرتنەبەری ستراتیژێکی دوورمەودا تووشی شکست هاتوون. باڵی دەستڕۆیشـتووی ناو یەکێتی ئامادە نییە ملکەچـی ئیـرادەی ریفۆرمخوازانـەی هـەردوو جێگری سکرتێری گشتی بێت و خۆی لە واقیعی سیاسیی کوردسـتاندا ساغ بکاتەوە، گۆڕانیش سەلماندی کە مۆدێلی بەڕێوەبردنە حیزبییەکەی، سەرباری ئەو میکیاژ و داوودەرمانە، هەر ئەوەیە کە لەناو پارتی و یەکێتی هەیە، بۆیە هەردوولا بەهەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتیی مێژوویيان بەرامبەر ناوچەکەیان، سەرەتا بە دابەشکردنی پەنجا بە پەنجـای ئیدارەی خۆجێیی هەنگاوی یەکەمیـان نـا. ئـەوەی ماوەتـەوە ئەوەیە کە هەردوولایان بە یەک ئەندازە لە پارتی نیگەرانن و بیر لە بەرزەفتکردنی دەکەنەوە.

ئەگەرچی رەنگبێ باڵی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتی نزیکبوونەوە لە گۆڕان وەک هەنگاوێکی تاکتیکی بۆ ملشـکاندنی نەیـاران و مانەوەیان لەعەرشـی دەسەڵات سـەیر بکەن، بەڵام دەبێ ئەوەیـان بـۆ سـەلمابێت کـە وەک بنەماڵەی بارزانییان بۆ ناچێتە سەر، بۆیە دەبێ زوو یان درەنـگ لەژێر چەترێکـی گەورەتردا کۆببنەوە. ئەو چەترە دەشـێ نەوشـیروان مسـتەفا بێت کـە تا ئـەو رۆژەی ئـەو لەناو یەکێتیـدا بوو، دوای تاڵەبانـی هەمـووان گوێڕایەڵی بوون (بە بنەماڵـەی تاڵەبانیشـەوە کە دوای رۆیشـتنی ئەو خۆیان کردە ناو گۆڕەپانی سیاسـییەوە)، بۆیە پێناچێ ئەگـەر پرۆژەیەکی وەها هەبێت، جێگرانی سکرتێری گشتی لارییان لە براگەورەیی نەوشـیروان مسـتەفا هەبێت و ئامـادەن وەک هێزێکی یەکانگیر بەرامبەر پارتی بوەستنەوە و کۆتایی بە ئیفلیجی سیاسیی زۆنی سەوز بێنن کە ئێسـتا لەلایەن ئێرانەوە بەڕێوە دەبرێت. بە یەکگرتنی گۆڕان و یەکێتی جێگرانی سکرتێری گشتی هیچیان لەکیس ناچێت، بگرە ئەوە باڵی دەستڕۆیشـتووە کە دەبێ سـەروەت و سامانی یەکێتی، دەسەڵات و بڕیارە تاکلایەنەکانی خۆی رادەسـتی سـەرکردایەتییەک بکاتەوە کە دوای یەکگرتن دروست دەبێ.

رەنگبێ یەکگرتن لەگەڵ گۆڕان دوا شانسـی باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی بێت. ئەو رۆژەی نەوشیروان مسـتەفا یەکێتی جێهێشت، ئەگەر تاڵەبانی نیوەی ئەوەی ئەو لە ئیدارە و ریفۆرم لەنـاو یەکێتی داوای دەکرد، جێبەجێ کردبایە، قـەت ئەو دابڕانـە روونـەدەدا. ئەمڕۆش باڵی دەستڕۆیشتوو ئەگەر نەچنە ژێر باری ریفۆرم یان یەکگرتن لەگەڵ گۆڕان، ئەوا زەحمەتە پارێزگاری لەوە بکەن کە بەدەستیانەوە ماوەتەوە و حیزبی دیکەش لەسـەر میراتەکەی تاڵەبانی و بۆشایی سیاسیی گۆڕان لە زۆنی سەوز دروست دەبن.



هیوا حاجی

## بۆچی سوننە بەرگریی نەکرد؟

سـاڵی 2007، هۆزە عەرەبە سـوننەکان لەچوارچێـوەی ئـەوەی پێیـان دەگوتـرا ئەنجومەنەکانی رابـوون، توانییان رێکخراوی قاعیدە لە عێراق تا ئاسـتی لەناوچوون لاواز بکـەن. بـەڵام حەوت سـاڵ دواتـر، واتە لە 2014، دانیشـتووانی پارێـزگا سـوننییەکان بەرگرییەکـی ئەوتۆیان نیشـان نـەدا لە دژی هێرشـی داعـش. داعش بـە ئاسـانی توانی پارێزگاکانی ئەنبار و نەینەوا و سـەڵاحەددین و بەشـێکی گرنگی دیالـەش لە ماوەی چەند مانگێکـدا کۆنترۆڵ بـکات. تێڕوانینی جیاواز بـۆ لێکدانـەوەی ئـەم بابەتـە خراوەتەڕوو: هەندێـک پێیانوایە سـوننەکان تا ئێسـتاش سۆزیان بۆ بەعس ماوە و لە هەر دەرفەتێکدا هەوڵـی گەڕانـەوەی دەدەن. بەشـێکی دیکە ئـەم مەسـەلەیە لـە چوارچێـوەی ململانێی مێژوویی سـوننە و شیعە لێکدەدەنەوە و بەو شـێوەیە پێیانوایە سوننەکان لە هەر کاتێکدا بۆیان بچێتە سـەر، هەوڵی لەناوبردنی شیعە دەدەن. لـەم نێوەندەشـدا هەندێکی دیکە وا پێشـنیار دەکەن کە سوننە لە سیاسەتەکانی حکومەتـی مالیکـی ناڕازیبوونـە و لـەوەوە ئامادەنەبـوون بەرگری لـە حکومەتی عێراق بکـەن ئەگەر بە ناڕاسـتەوخۆش بێت. دیارە ئەو رایەش هەیە کە پێیوایە خەڵکی سـوننە ناڕازیبـوون لە رەوشـی خزمەتگوزارییەکان و گەندەڵی لە پارێزگاکانیاندا.

رەنگـە هەریـەک لـەو تێگەیشـتنانە بەشـێک راسـتییان تێـدا بێـت. بێگومـان لەنێـو سـوننەدا (رەنگە تـا رادەیەکی کەم لەنێـو پێکهاتەکانـی دیکـەی عێراقیشـدا) لایەنگرانـی بەعس مـاون. بە دڵنیاییشـەوە خەڵکێکـی دەمارگیـری مەزهەبیش هەن کە تائێسـتا باوەڕیان بە ململانێی سوننە-شیعە هەیـە. چاوەڕوانکراویشـە کـە خەڵکێکـی زۆری نـاڕازی هەبووبێـت لە سیاسـەتەکانی مالیکـی و بـە تایبەتـی لـە مامەڵەکردنـی لەگـەڵ گۆڕەپانەکانـی پەناگیری لە ئەنبار و مووسـڵ. لەو نێوەندەشدا، بارودۆخی خراپی خزمەتگوزاری و رەوشی گەندەڵیش لە عێراق حاشای لێناکرێت.

نیشـاندانی دەرئەنجامی هەندێ توێژینەوە رەنگە سوودی هەبێت بۆ تێگەیشتن لە بێباکیی بەشـێکی زۆری عەرەبـی سـوننە لە ئاسـت هێرشی داعشـدا. ئەنیسـتیتیوتی سەربەخۆ بۆ دیراساتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای مەدەنی (IIACSS) لـە مـاوەی دە سـاڵی رابردوودا شـەپۆلێک راپرسـی و چاوپێکەوتنی لەگەڵ خەڵکی عێـراق ئەنجامـداوە. تەنانەت، وەک خۆیـان دەڵێـن لـە نیـوەی دووەمی سـاڵی 2014، واتە دوای داگیرکردنی مووسڵ، چەند چاوپێکەوتنێکیـان لەگـەڵ شـێخی هۆزەکان ئەنجامداوە و بە تەلەفونیش قسـەیان لەگەڵ دانیشـتووانی مووسـڵ کردووە. چەند رۆژێک بـەر لە کەوتنی مووسـڵ، لە رووپێوێکی ئەم رێکخـراوەدا دەرکەوتـووە کە 91%ی خەڵکی مووسڵ پێیانوایە "عێراق بە ئاراستەی هەڵەدا دەڕوات" لە کاتێکدا تەنیا 55%ی شـیعە ئەو باوەڕەیان هەبووە. بۆ هەموو عێراقیش، رێژەکە 60% بووە. ئەم رووپێوانە ئەوە نیشاندەدەن کـە لـە رووی رەوشـی خزمەتگوزارییەکانی وەک کارەبـا، ئـاوی خواردنـەوە و ئاوەڕۆوە جیاوازییەکـی ئەوتۆ لە نێوان ناوچە شـیعی و سـوننییەکان نابینـرێ. تەنانـەت لە رووی ئاسـتەکانی بێکاریشـەوە جیاوازییـەک لـە نێـوان سـوننە و شـیعەدا نەبـووە. لـە دوو بواری سـەرەکیدا، جیاوازی ناوچە سـوننە و شـیعەکان بە زەقی دەردەکەوێـت. ئەم دوو بوارانـە بریتیـن لـە ئاسـایش و دادوەری. لەسـەر ئاسـتی هەمـوو عێراقـدا، 60%ی سـوننەکان متمانەیان بە دەسەڵاتی دادوەری نەبـووە لـە کاتێکدا تەنیا 30%ی شـیعەکان بـێ متمانەییـان بەرامبـەر ئـەم دەسـەڵاتە نیشـانداوە. لە رووی ئاسایشـەوە رووپێوێک نیشـانی داوە کە یەک هەفتە بەر لە کەوتنی مووسـڵ 80%ی خەڵکی ئەو شارە هەستیان بە ئاسـایش نەکردووە لە گەڕەکەکانیاندا. لە رووی ئایدۆلۆژییـەوە، رووپێوەکانی زیاتر لە یەک دەیەی IIACSS ئەوەیان نیشـانداوە کە زیاتـر لە نیـوەی وەڵامـدەرەوەکان لە عێراق لایەنگـری جیاکردنـەوەی حکومـەت و دیـن بـوون لە یەکتر. واتـە باوەڕیان بەوە نەبووە کە دەسەڵاتی سیاسی و دینی لە یەک کەسدا کۆبکرێتەوە.

هەرچەندە ئێمە نامانەوێ راستی داتایەکانی ئـەم پەیمانگەیە وەک خۆی قەبـوڵ بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا وەک مونقیز ئەلداغر، سەرۆکی پەیمانگەکە پێشنیار دەکات، رەنگە لە دوو شتدا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان شیعە و سـوننەدا نەبێت: یەکەم: لە رووی رەوشی خزمەتگـوزاری و هەژارییـەوە جیاوازییەکـی ئەوتۆ لەنێوان سوننە و شیعەدا نییە. دووەم، لـە رووی ئایدیۆلۆژییـەوە (بەتایبەتـی لـە رووی پەیوەندی دین و دەوڵەتەوە)، دیسـان جیاوازییەکی زۆر هەسـتپێکراو لە نێوان ئەو دوو پێکهاتەیەدا بەدیناکرێت. لێرەدا پرسـیار ئەوەیـە: ئەگـەر بەرگرینەکردنی سـوننە نە بەهـۆی هەژاری بووبێت و نە بەهۆی هۆکاری ئایدۆلـۆژی، دەبێ بۆچـی بەرگرییان لە دژی داعش نەکردبـێ و تەنانەت رەنگە لە هەندێ شوێنیشدا پێشوازییان لێکردبن؟

دیسان بە رای مونقیز ئەلداغر و خەڵکێکی دیکـەی زۆریش، بەرگرینەکردنی سـوننەکان لـە تووڕەبوونیانەوە لە حکومەت سـەرچاوە دەگرێـت. بەدیدی ئـەو، سـوننەکان نـە لایەنگـری دامەزراندنی خەلافەتی ئیسـلامین و نـە لەبـەر هەژاریش لە ئاست هێرشـی داعش بێدەنگ وەسـتاون. کێشەی سوننە بە بـاوەڕی ئەو، خۆی لە خراپبوونی بەردەوامی رەوشـی ئەمنیی ناوچەکانیانـدا دەبینێتەوە. داتاکانـی IIACSS ئـەوە نیشـاندەدەن کـە لە چوار سـاڵی رابردوودا رەوشـی ئاسایشی ناوچـە سـوننییەکان بـەرەو خراپـی زیاتـر رۆیشـتووە. پەیوەندیـدار بەمـە، بارودۆخی ناهەمواری دادگاکانە لە ناوچە سـوننییەکان کە نەیانتوانیوە بە ئەرکی خۆیان هەسـتن لە سزادانی تاوانباران و بەدیهێنانی دادپەروەری.

ئـەم تێڕوانیـن و داتایانـە مەنتیقی دێنە بەرچاو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە تێگەیشتنی ئێمـە سـوننەکانی عێراق باجـی دوو هەڵەی سـەرەکی دەدەن. هەڵەیەک پەیوەندیدارە بە تێکڕای پرۆسـەی سیاسـی لـە عێراقی دوای 2003 و مامەڵەکردنـی هەڵەیـان لەگـەڵ گۆڕانکارییـەکان و ئـەوەی دووەمیشـیان پەیوەندی بە شکستی سـوننەکان خۆیانەوە هەیە لە بنیاتنانی حکومەتی لۆکاڵی لەسـەر ئاسـتی پارێزگاکانیان. لە هەڵـەی یەکەمدا، راسـتە شـیعەکان نەرمییەکـی ئەوتۆیـان بۆ سـوننە نیشـان نـەدا، بەڵام سـوننەکان خۆشـیان نەیانتوانی لە وەزعـی نوێی عێراق تێبگـەن. بۆیکۆتـی دارشـتنی دەسـتوور و یەکـەم هەڵبژاردنـی پەرلەمانیـان کـرد. لەسـاڵەکانی یەکەمـی دوای شـەڕی 2003 نەک لەگەڵ شـیعە، بەڵکو لەگـەڵ کوردیش پەیوەندییـان زۆر ئاڵـۆز بـوو. لـە ئاسـتی حکومەتی لۆکاڵیشـدا، پارێزگا سوننییەکان، بە تایبەتی لە بواری ئاسایش و دادوەرییەوە، تا ئاستێکی مەترسیدار شکستیان خوارد. لە پارێزگا سـوننییەکاندا، سوپا و پۆلیس بەر لە هەر کەسێکی دیکە دەکرانە ئامانج.

لەوەوە دەکرێ ئەوە بگوترێ کە سوننەکان بەرگرییان لـە دژی داگیرکردنی ناوچەکانیان نەکرد چونکـە حکومەتێک لە ئـارادا نەبوو، نە لەسـەر ئاستی بەغدا و نە لەسەر ئاستی پارێزگاکانیـش کـە بتوانـێ ئاسایشـی ژیان وەک سـەرەکیترین پێویسـتی هاووڵاتیـان دابیـن بکات. لـەوەش گەڕێ کە سـوننەکان وەک هاونیشـتمانیە شـیعەکانیان بە دەردی بـێ خزمەتگـوزاری و بێـکاری و هەژارییەوە ناڵاندوویانـە. ئـەم تێگەیشـتنە بێگومان بۆ کۆنە بەعسـی و ئایدۆلۆژیسـتە توندڕەوەکان راست نییە.



محەممەد حاجی کەریم

## ئەمەیان دڵسۆزی نییە بۆ بارزانی

رەنگە کەسـانێک وای بۆ بچن هەڵکوتانە سەر ئەوانەی وەک تۆ بیر ناکەنەوە، جۆرێکە لە دڵسـۆزی بۆ سـەرۆک، یان ئـەو رێبازەی شـوێنی کەوتـووی. بێ ئاگا لـەوەی ئەوەی تـۆ دەیکەیت، نەک هەر خزمەتی رێبازەکەت ناکات، یان مانای خۆشەویسـتی و دڵسۆزیی نییە بۆ سەرۆک، بەڵکو زۆریش زیانبەخشە.

رەنگـە ئـەو دوو پەرلەمانتـارەی هێرشیانکردە سـەر پەرلەمانتارەکەی گۆڕان رووداوەکـە وا وێنـا بکـەن، لـە سـۆنگەی دڵسۆزییان بۆ سـەرۆکی هەرێمی کوردستان پەنایـان بردووەتـە بـەر ئـەو رەفتـارە نادیموکراسـییە، بەڵام لە راسـتیدا واقیعەکە شتێکی دیکەیە.

ئەوەی تۆزێک ئاگاداری دونیای سیاسـەت و ململانێـی دیموکراسـی بێـت، بـاش لەوە تێدەگات هیـچ بەرژەوەندییەکـی بارزانی لە رەفتارێکـی وادا نییە. ئـەوەی روویداوە، لە خۆنواندنێکی ناشـیرین بترازێ، هیچی دیکە نییە.

ئەگـەر وای لێکبدەینەوە ئـەو رووداوە بە دڵی بارزانییە، دەکەوینە هەڵەیەکی زەقەوە. دڵنیام سـەرۆک بارزانی نەک تەنیا ئارەزووی لـەو جـۆرە بەرگریە کوێرانەیـە نییە، بەڵکو زۆریش دڵگرانی کردووە.

پرسـیار ئەوەیـە، ئایا بـە رەخنەگرتن و قسـەکردن لەسـەر درێژکردنـەوەی مـاوەی سەرۆکایەتی سـەرۆکی هەرێم چی روودەدا؟ لەو بڕوایەدام نەک هیچ رووینادا، بە پێچەوانەوە ئەوەی دەگوترێ، نیشـانەی دیموکراسییە و خزمەت بـە ئەزموونی دیموکراسـی هەرێمی کوردستان و خودی بارزانی و پارتی دەکات.

سەیرە ئەگەر پێمان وابێ قسە و رەخنەی ئەم و ئەو لە میدیا، رۆڵی لە یەکلاکردنەوەی چارەنووسی بارزانی دەبێ. راستە هەر بڕیارێک لە بـارەی ئایندەی سـەرۆکایەتی سـەرۆکی هەرێـم، لـە پەرلەمـان یـەکلا دەکرێتـەوە، بـەڵام ئەوە ئیـرادەی ئەنـدام پەرلەمانەکان نییە بڕیـاری کۆتایـی لێدەکەوێتەوە، بەڵکو ئـەوە کۆبوونـەوەی ژوورە داخراوەکانـی سەرکردایەتی سیاسـیی هەرێمی کوردستانە رۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێ. ئەوەی بۆ بەشی زۆری پەرلەمانتارەکانیش دەمێنێتەوە، تەنیا دەست هەڵبڕینە.

بـەو پێیـەی پەرلەمانتـار نوێنـەری خەڵکـە، پێویسـتە بـە کـردەوە نموونـەی کەسـایەتییەکی جـوان بەرجەسـتە بـکا، ئـاگاداری هەڵسـوکەوتەکانی بـێ، دوور بێ لـە دەمارگرژی، پارێـزگاری لە هەنگاوەکانی تەبایی و ئاشـتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی بـکا. ئـەوەی لێرەو لەوێ لەسـەر دەسـتی عەوام خراپ و لەقکراوە، ئەو چاکی بکاتەوە.

لەگـەڵ ئـەو بۆچوونـە کـۆک نیـم کـە پەلاماردانی یەکتر و توندوتیژی نێو پەرلەمان بە ئاسـایی دەزانـێ. پەرلەمـان پلاتفۆرمی گفتوگـۆ و یەکلاکردنـەوەی پرسـەکانە لـە رێگـەی عەقڵ و لۆژیکەوە، نـەک لە رێگەی فەوزا و شەڕی دەستەویەخە.

خەڵکـی کوردسـتان تاڵاوێکـی زۆری بەدەسـت ململانێـی نێوخۆیـی چەشـتووە، پەلاماردانـی یەکتر و زمانی زبـر، مانایەکی نییـە، جگـە لـە دووبارەکردنـەوەی دیمەنە ئازاربەخشەکان.

نابـێ چاوەڕوانیـی ئەوە بکەیـن، هەموو تاکەکانـی کۆمەڵگە وەک یـەک بیربکەنەوە و وەک یـەک بدوێن، نەمازا لەسـەر ئاسـتی نوخبـەی سیاسـی. ئەوەی رەخنەش دەگرێ مانای ئەوە نییە ناحەز و خوێنەخۆرە.

ئەگـەر ئیدیعاکانمـان لەبـارەی دیموکراسـیبوونمان راسـت بـێ، نابـێ لـە رەخنـە، یـان بۆچوونـی جیاواز بترسـێین. ئەگـەر راسـت دەکەین جیاوازین و شـانازی بـە خەبات و قوربانییەکانمـان بۆ هێنانەدی ئازادی و دیموکراسـی دەکەیـن، دەبێ گوێ لـە هەموو دەنگێکی نـاڕازی و تووڕە بگرین و بـەدوای چارەسـەریدا بگەڕێیـن، نـەوەک بـە وەڵامدانەوەی ناشارسـتانی، ناشـیرینی بەرهەمبهێنین.

میللەتـی زینـدوو، میللەتـی خـاوەن هەڵوێسـت و پرسـیارە. ئەمڕۆ دوێنێ نییە، خەڵکـی کوردسـتان هەرگیـز ئـارەزووی گەڕانـەوە بـۆ رۆژگارە تاریکـەکان نـاکات. کـورد خەباتـی بـۆ ئـەوە نەکـردووە لـە هەنگاوەکانی بۆ دیموکراسی پاشگەزبێتەوە. کـورد نەیویسـتووە میللەتێکی دەسـتەمۆ و مردوو بێ. بۆیەشـە ئەوی تا ئەمڕۆ شـانازی پێـوە دەکات خەباتـی درێژخایەنێتـی بـۆ دیموکراسـی. ئەمـە جیاوازیی کـورد لەگەڵ بەشە زۆرەکەی دیکەی عێراق دەردەخات.

ئەحمـەد تەدیـن لـە پێشـەکی کتێبـی (کۆمـاری تـرس) ی کەنعـان مەکییـەدا، پێیوایە کارەساتی عێراقییەکان لەوەدایە بە چەشـنی مێگـەل خۆیان دەنوێنـن و دەڵێت "رێککەوتننامـەی جەزائیـر ئیمـزا دەکـرێ، خەڵکـی دەڕژێنـە سـەر شـەقام و سـەما دەکەن. رێککەوتننامەکە هەڵدەوەشـێتەوە، دیسـان هەمان کۆمەڵ بۆ سـەماو هەڵپەرکێ دەڕژێنە سـەر شـەقامەکان. عێـراق هێرش دەکاتە سـەر ئێران دیسـان ئـەو خەڵکە بە سـەماو شـایی دەچنەوە سەر شـەقامەکان. شـەڕ دەوەستێ دیسان شـەقامەکانی عێراق دەبنـەوە گۆڕەپانـی سـەما و هەڵپەڕکـێ. عێراق کوێت داگیر دەکات خەڵکی سـەرقاڵی سـەما و هەڵپەڕکێی خۆیان دەبن، کاتێک بە زەبری هێز لە کوێت دەکرێتە دەرەوە، دیسان خەڵکی دەکەونەوە سەما".

بە پێچەوانەی ئـەو دیمەنە، کورد نایەوێ کۆمەڵێکـی مـردووی بێ دەنـگ و یەکڕەنگ بێ. نـەک هەر رەخنەگرتـن و رای جیاوازی بەلاوە قبووڵە، بەڵکو بەلایەوە زۆریش گرنگ و دڵخۆشکەرە.

ئـەوەی ئێمـە لـە رژێمـە توندڕەوەکانی دەڤەرەکە جیادەکاتـەوە، یەکتر قبووڵکردن و ئازادیـی بیـروڕا و دیموکراسـییەتە. دونیا جوانییەکانـی ئێمـە، لـە لێبووردەیـی و دیموکراسیبوونمان دەبینێتەوە.

نابـێ پێمانوابێ ئەوەی لێـرە دەگوزەرێ کـەس نایبینـێ، هەمـوو لایـەک چـاوی تێمانبڕیوە و بە تاقیکردنەوەیەکی سـەختدا تێدەپەڕیـن. بەبێ باوەڕبوونـی تەواومان بە دیموکراسی و پاراستنی پرەنسیپەکانی مافی مـرۆڤ و گرووپگەلـی ئەتنیکـی و ئاینـی و مەزهەبی و ئازادیی سیاسـی و رۆژنامەڤانی، ناتوانین هیچ شتێک بەدەست بهێنین.

لـەو ئانوسـاتەدا کـە کوردسـتان لەگەڵ دوژمنێکی دڕندەی وەک داعش لە شـەڕێکی سەختدایە، لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی یەکڕیـزی و تەبایـی نێوخۆیـی، خـۆی دەسـەپێنێ. کۆتاییهاتنی قەیرانەکانی ئەمڕۆ و بنیاتنانـی پایەکانی دواڕۆژێکی گەش، بێ یەکگرتوویـی و یەکهەڵوێسـتی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان، نەک هەر دژوارە، بەڵکو لە مەحاڵ نزیکە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# شەڕی شلەتێن

گۆڕانکارییە خێراکان لە یەمەن سەردەمی شەڕی ساردی نێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتمان بیردەهێننەوە. بەڵام واپێدەچێت دەرهاویشتەکانی پاش ڕووداوەکانی یەمەن زۆرتر بە ئاراستەی دەستپێکردنی شەڕێکی شلەتێندا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بچن. شەڕێک کە نە هێندە سارد دەبێت لوولەی تفەنگەکان ژەنگ بگرن و نە هێندەش گەرم دەبێت ئەو لوولانە بەردەوام داغ بمێننەوە.

بەیانییەک لەخەو هەستاین و لە تەلەڤزیۆنەکانەوە فڕۆکەی سعودیمان بەسەر ئاسمانی یەمەنەوە دیت. ڕۆژێک پێشتر لە هاوکارانی دیسکی نێودەوڵەتیی ڕووداوم دەپرسی: چۆن سعودیە قبوڵ دەکات هەتەری تفەنگی حوسییەکان هێندە باش بگاتە سنوورەکانی؟ هەمووان سەرمان لە بێدەنگیی خزمەتکاری نوێی حەرەمەینی شەریفەین سوڕمابوو. ڕۆژێک دواتر سعودیە وەک ڕێبەری بەرەیەکی بەهێزی نوێی سوننە لە ئاسمانی یەمەن یەکەمین نمایشی بازووی خۆی کرد. دوای ئەو ڕووداوە پرسیاری ئێمەش گۆڕا: لەو ڕەوشە نوێیەدا کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێیدەکەوێت، کورد قازانجی چی دەبێت و چیش لەدەستدەدات؟

لەدوای شەڕی ئەفغانستانەوە، هەژموونی ئێران بەسەر ناوچەکەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت و هیلالی شیعەش هەروا سێبەرەکەی بەسەر نەخشەی ناوچەکەوە گەورەتر دەنوێنێ. سعودیە، کە لەوەتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دامەزراوە، جگە لە کێبڕکێ لەسەر نرخی نەوت، لە شەڕێکی ساردی مەزهەبیشدا بووە لەگەڵ ئەو دەوڵەتە، لە دوو مەیداندا دۆڕاندی. یەکەمیان ئێران وەبەرهێنانی کرد لە حیزبوڵڵا و حوسییەکان و شیعەکانی عێراقدا و لەڕووی سەربازییەوە بردییەوە، بەڵام سعودیە لە هەشتاکاندا لە عەرەبە ئەفغانەکان و دواتر قاعیدە و لە عێراقیش لەسەر هەندێک هێزی سوننە وەبەرهێنانی کرد، ئەنجامەکەشی هەڵگەڕانەوەی قاعیدە و بەدوایدا لەدایکبوونی داعش بوو. دووەمیش لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە، سعودیە پشتی لە عێراق کرد و هانی سوننەی عێراقی نەدا لە بەغدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت، کردنەوەی باڵیۆزخانەشی دواخست، لەبەرامبەردا ئێران لە هەموو بوارەکاندا لە عێراق وەبەرهێنانی کرد و بەغدای خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

ئەوەی لە یەمەن ڕوویدا درێژکراوەی هەمان ململانێی زۆرکردنی هەژموونە کە لەنێوان سعودیە و ئێراندا لە سەرەتای هەشتاکانەوە بە شەڕی سارد دەستیپێکردووە و ئێستا بووەتە شەڕی شلەتێن. چونکە هەردوولا ڕاستەوخۆ شەڕی یەکدی ناکەن و بریکارەکانیان لە لوبنان و سووریا و تاوەکو دەگاتە عێراق و یەمەن خەریکی تەفروتوناکردنی یەکدین.

ڕۆڵی کورد لەو شەڕەدا بەندە بەوەی چەندە ئاراستە جیاوازەکانی ئامادە دەبن خۆیان بەسەر بەرەی ئەمبەر و بەرەی ئەوبەردا دابەشبکەن. چەندە ئامادە دەبن گرووپێکیان لەسەر سعودیە و تورکیا و وڵاتانی دیکەی نێو بەرەی سوننە حیساب بن و گرووپێکی دیکەشیان لەسەر ئێران و بەرەی شیعە حیساب بن. هەرچەندە ئێستا لەنێوان ئەو دوو ئاراستەیەدا لە کوردستان لوورەی شەڕێکی سارد دێت، بەڵام کارەسات ئەوە دەبێت کە ڕۆژێک بێت ببینە کەرەستەی خۆشکردنی ئاگری شەڕی شلەتێن. دروست وەک ئەوکاتەی شەڕی چاڵدێران ڕوویدا و 500 ساڵی ویست تاوەکو جارێکی دیکە ئومێدێک بۆ هەستانەوەمان پەیدابووەوە.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# سەرکردەکانتان بگۆڕن

چاوەڕوانییەکی زۆر لە گوتارەکەی سەرۆکی بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان لە نەورۆزی ئەمساڵدا هەبوو. بە تایبەتی حکومەتی تورکیا و بزووتنەوەی سیاسی کوردی لە تورکیاش چاوەڕوانی گوتارێکی "مێژوویی"یان دەکرد. پێیانوابوو ئۆجەلان داوا لە لایەنگرانی دەکات چەک دابنێن و واز لە خەباتی چەکداری بهێنن. بەڵام هیچ شتێکی لەو شێوەیە ڕووینەدا.

ئەو گوتارەی کە لەبری ئۆجەلان پێشکەش کرا، زۆر لەوەی ساڵی 2014 دەچوو. هەروەکو ساڵی رابردوو گوتارەکەی بەڕێز ئۆجەلان جەختی لەسەر پێویستیی "سیاسەتی ئاشتیخوازانە و دیموکراسی" کردەوە. برایەتی و ئازادیی ژنان و "چڤاکی دیموکراتی" لە هەردوو گوتارەکەدا هەبوون.

هەروەکو پێشتر، سەرۆکی پەکەکە باسی بیری موئامەرەی تاریکی کرد و بە هۆکاری کێشەکانی خەڵکی ناوچەکەی دانا. ساڵی 2014 ش لە "پیلانی نێودەوڵەتی" هۆشداری دا و باسی "ڕژێمی پیلانگێڕی 200 ساڵەی مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی کرد". هەروەها باسی هەوڵەکانی زاڵبوونی "گلادیۆی نێودەوڵەتی کرد" (گلادیۆ لە ئەسڵدا، گوایە ئەو هێزە بوو کە ناتۆ لە دژی کۆمۆنیستەکان دروستی کرد و تورکیا تێیدا گۆڕا بۆ ڕەگەزێکی تاوانکاری نابەرپرس و بەشێکی سەرەکی دەوڵەتی شاراوە).

ئەمساڵ بەڕێز ئۆجەلان تۆزێک دەستکاری گوتاری پیلانگێڕییەکەی کردبوو: "دەبێت بزانین کە داعش دوا هەوڵی سەرکوتکارانەی هێزە ئیمپریالیستەکانە کە هێشتا دەستیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵنەگرتووە". لە 2015 دا ئۆجەلان دیسان سەرنج بۆ ئەو قەیرانە ڕادەکێشێت کە "سیاسەتی نیۆلیبراڵی کاپیتالیزمی ئیمپریالیست و هاوبەشە بەکرێگیراوەکانی" برەوی پێدەدەن.

دەربارەی چەکدانانی پەکەکەش، پەیامەکەی 2015 هیچ شتێکی زیاتر لەوەی ساڵی پاری تێدا نەبوو. گوتارەکە هیچ مێژوویی نەبوو وەکو ئەوەی کە خەڵکی بۆ ئامادە کرابوو کە گوتارێکی مێژوویی دەبێت "پێموایە پێویستیەکی مێژوویی هەیە بۆ ئەوەی کۆنفرانسێک ببەسترێ تاوەکو کۆتایی بە شەڕی 40 ساڵە بهێنرێت و بۆئەوەی کە ستراتیژی کۆمەڵایەتی و تاکتیکی گونجاو بۆ سەردەمێکی نوێ دابنرێ. هیوادارم کە بتوانین بگەینە ڕێککەوتنێک لە ماوەیەکی کورتدا. بۆ ئەوەی ئەم کۆنفرانسە سەرکەوتوو بێت و لەگەڵ کۆنفرانسەکەدا سەردەمێکی نوێ دەستپێبکات". وەکو هەموومان دەزانین، کۆنفرانس ڕەنگە کات و ماندووبوونێکی زۆری بوێت، لەوانەیە بەم زووانە ببەسترێ یان نەبەسترێ. و ڕەنگە ئەو کۆنفرانسە دەرئەنجامی زۆر جیاوازتریشی لێبکەوێتەوە.

کە وابێت ئەو چاوەڕوانییە بۆچی؟ ماوەیەکی زۆرە لە پشتی پەردەوە سەرۆک وەزیرانی تورکیا، ئەحمەد داودئۆغلو و جێگری سەرۆک وەزیران بولەنت ئارنج، لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا گفتوگۆ دەکەن بۆ ئەوەی دواجار کۆتایی بە کێشەی کورد بێنن. ئەمجارە کورد داوای هەنگاوی کۆنکریتییان کردووە بۆ ئەوەی کۆتایی بە خەباتی چەکداری بێنن و ئەنکەرە خەریکی داڕشتنی سیاسەتەکانی بوو بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن. کەوا بێت چی ڕوویدا؟

سەرۆک ئەردۆغان ڕوویدا. هەرچەندە ئەردۆغان پۆستێکی سیمبولی هەیە، بەڵام لە چەند ڕۆژی پێش نەورۆزدا دەستێوەردانی زۆری کردووە بۆ ئەوەی گفتوگۆکان بە لاڕێدا ببات. ئەو لەبارەی گفتوگۆکان ڕەخنەی لەو حکومەتە گرت کە خۆی جاران سەرکردایەتی دەکرد. بە بەردەوامی دژبەریی ئەو سەرۆک وەزیرانەی دەکرد کە خۆی حکومەتەکەی دابووە دەستی. کاتێک کە حکومەتی ئەنکەرە گوتی لیژنەیەکی چاودێری بۆ گفتوگۆکان دروست دەکەین، یەکسەر سەرۆک ئەردۆغان لە دژی ئەو بۆچوونە هاتە دەنگ. ئینجا لە سەرانسەری وڵاتدا و لە مینبەری وتاردانەوە ڕایگەیاند "ئێمە لەم وڵاتە هەرگیز کێشەی کوردمان نەبووە. بەڵام لەسەر ئەجێندا و بە مەبەست درێژەی پێ دەدرێت. ئێمە کێشەی کوردمان لە گوتارەکەی مندا و لە ساڵی 2005 لە دیاربەکر چارەسەرکرد. هاووڵاتییە کوردەکانی من ڕەنگە کێشەیان هەبێت، بەڵام ئەوانیش هەرئەوەندەی هاووڵاتییە تورکەکان کێشەیان هەیە". لەبری ئەوەی کە سەرمایەی سیاسی خۆی و کاریزمای خۆی بۆ بردنی تورکیا بەرەو دیموکراسی و تێکەڵکردنەوەی پەکەکە و لایەنگرانی لە کۆمەڵگەی تورکیادا بەکاربێنێ کە شتێکی گرنگن بۆ ئاشتی، ئەردۆغان هەموو گوتارەکەی بۆ خراپ پێشاندانی پەکەکە بەکارهێنا. تەنانەت کوردی سووریا و پەکەکە و داعش وەکو یەک دەچوێنێت و دەڵێت، "هەمان شتن".

کاتێک کە دەستێوەردانی ئەم سەرۆکە بەڕێزە دەبینین، تەنانەت سەرۆکی بەندکراوی پەکەکەش کە زۆرکەس پێیانوایە بەدەست نەخۆشییەوە دەناڵێنێ، نەیتوانی داوا لە بزووتنەوەکەی بکات واز لە خەباتی چل ساڵەیان بهێنن.

بە تەماشاکردنی ئەم دیمەنە خەمناکە، زۆر کەس ڕەنگە نیگەرانی تێوەگلانی ناوچەکە بن بە سەرکردەپەرستییەوە. گرنگ نییە چییان کرد بۆ شوێنکەوتووانیان و گرنگ نییە چەند لەلایەن شوێنکەوتووانیانەوە خۆشەویست بوون و خۆشەویستن، ڕەنگە کاتی ئەوە بێت کە هەندێک دەموچاوی نوێ بێنە گۆڕەپانەکە. وەکو مارک توین دەڵێت "سیاسەتمەدار و ناپی منداڵ دەبێت زوو زوو بگۆڕدرێن، هۆکاری گۆڕینی هەردووکیشیان یەکە".



کامەران محەممەد

# کورد سوننەیە یان شیعە؟

ڕەنگە ئەمە پرسیارێکی بێ جێ بێتە بەرچاو، بەڵام لەمە بێ جێتر وەڵامەکەیە جا ئەگەر سوننە بێت یان شیعە. لەڕاستیدا کورد نە سوننەیە نە شیعە، چونکە لە بنەڕەتدا شتێک نییە بەناوی سوننە یان شیعە، بەڵکو شتێک هەیە بەناوی "سیاسەتی جیاواز". چیتر سوننەبوون و شیعەبوون بریتی نین لە چیرۆکی ئازارەکانی حوسێن یان گەڕانەوە بۆ ئەساڵەت و ئەهلی سوننە. سوننەبوون و شیعەبوون تەنیا فۆرمێکی دیکەی سیاسەتکردن و سەیرکردنی یەکترە. ئێران بەبێ شیعە چۆن دەیتوانی بگاتە باشووری لوبنان، چیاکانی یەمەن، کانە نەوتەکانی بەحرەین، مێژووی دیمەشق و شارستانیەتی بەغدا؟

چۆن دەیتوانی قوربانی بەو هەموو خەڵکە بدات؟ خۆ ڕەنگە ئەگەر شتێکی باشتری لە ئایدیای "شیعەبوون" دەستکەوتبا، کاری بە شیعەبوون نەدەما.

سعودیە، چۆن بتوانێت سەرداربوونی خۆی بەسەر "جیهانی ئیسلامی"دا بهێڵێتەوە، ئەگەر بە هەمووان نەڵێ کە خەریکە ئەهلی سوننە لە بەین دەچێت؟

تورکیاش دوای سەوڵەت و جەولاتێکی زۆر، ئەویش دووبارە سیحری سوونەبوونی وەکو ڕێگایەک بۆ پەلهاوێشتنی خۆی دۆزییەوە. قەتەریش دەیەوێت لە ڕێگای خولقاندنی فۆرمێکی زۆر توندوتیژ و یارییەکی یەکلاکەرەوەی شیعە و سوننە، لە بیر هەمووانی بباتەوە کە وڵاتێکی کەمتر لە ملیۆنێکە. گەردەلولیش بەردەوامە، کۆمەڵێک ئەکتەری دیکە بەڕێوەن، تا دێ بازنەی ململانێکە فراوانتر دەبێت. پرسیاری سەرەکیش ئەوەیە کێ چی و چەندی دەستدەکەوێ؟

ڕاستە ململانێی شیعە و سوننە مێژوویەکی چەند سەدەیی هەیە، بەڵام هەموو جار بریتی بووە لە "ململانێی هێز". نازانم هۆکارەکەی ئەوەیە تەواو شارەزای مێژوو نیم، یان بەڕاستی نموونەیەک نییە لە مێژوودا کورد سزادرابێت یان پاداشت کرابێت لەبەرئەوەی سوننە یان شیعە بووە و نەبووە. لەم ساتەدا سوننەبوون و شیعەبوون بە تەنیا پرسێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و "وڵاتە نوێژکەرەکان" نییە، بەڵکو لەسەر ئاستی هاوپەیمانیە نێودەوڵەتییەکانیش ڕەنگیداوەتەوە، بە جۆرێک ئەمریکا و ڕووسیا حیساباتە جیۆپۆلەتیکییەکانی خۆیان بەسەر ئەو دوو بەرەیەدا ساغ دەکەنەوە.

پرسیارێکی ئەبەدی ئەوەیە کورد دەبێت چی بکات؟ ئەگەر ئێمە ئەوەمان ڕەتکردەوە چ شتێک بووەتە بەرژەوەندیی ئێمە و چۆن بۆ ئێمە هاتووە و وێنەی توانا و بوونی ئێمە لە چیرۆکە مێژووییەکاندا وەکو نەتەوەیەکی دابەشبوو و لێکترازاو ڕەتکردەوە و توانیمان سیاسەتێکی نوێمان بۆ بیرکردنەوە لە ڕابردوو هەبێت، ئەوکات دەتوانین باشتر لەوە تێبگەین کە کورد چۆن دروست بووە و چۆنیش دەمێنێت. بەشێکی زۆر لە هاوکێشەکانی جیهان دەوەستێتە سەر پێناسە جیاوازەکان. شەڕی جیهانیش تاڕادەیەکی زۆر بریتی بووە لە پێکدادانی پێناسەکان. ئەگەر قەرار وابێت "کەس نەڵێت کورد مردووە"، ئەوا کورد دەبێت پێناسەیەکی دیکە بۆ خۆی بکاتەوە، پێناسەیەک مومارەسەیەکی کوردانە بخولقێنێ. ئەمجارە و چەندین جاری دیکە، کورد دەبێت خۆی لە "ئەوانی دیکە" جیابکاتەوە، هەر کاتێک قودرەتی ئەوەی نەما لەوانی دیکە جیاواز بێت، چیتر مافی ئەوەشی نابێت داوای ماڵ جیاکردنەوە بکات. ئێستا تاکە ڕێگا بۆئەوەی جیاواز بیت، هەر ئەوەیە کە نە سوننە بیت و نە شیعە، تەنیا جیاواز بیت و بەس. تا ئەو کاتەی جیاواز بین، هیوایەکیش هەیە.

تێگەیشتن لەوەی چ شتێک هەڕەشە یان دەرفەتە، یان کێ هاوڕێ و کێ دوژمنە، بە تەواوی پرۆسەیەکی دروستکراوی کۆمەڵایەتیانەیە. پرۆسەیەکە دەوەستێتە سەر ئەو ناسنامەیەی هەڵتگرتووە و ئەو ناسنامەیەی بەوانی دیکەت داوە. ئاسایش و نائاسایش حاڵەتێکی سروشتی، بێ لایەن و نەگۆڕ نییە. هیچ شتێک لە خودی خۆیدا مەترسی یان بێ مەترسی نییە، لە ڕاستیدا مەترسی لە واقیعدا بوونی نییە، خودی واقیع دروستکراوێکی کۆمەڵایەتییە. بەڵام هەرشتێک یان کەسێک لە هەر کاتێک ڕەنگە ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە هەر کاتێک یەکیگرتەوە لەو تێگەیشتنەی خەڵک هەیەتی، لەبەرئەوە ئاسایشی ئێستا ڕەنگە ببێتە نائاسایشی داهاتوو، ئاسایشی یەکێک ببێتە نائاسایشی یەکێکی دیکە.

دواجار هەموو ئەمانە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیەک دیاری دەکەن. کاتی ئەوە هاتووە، ڕەنگە درەنگیش بێت بۆئەوەی تێگەیشتنێکی کوردیانە لەدایک ببێت. تێگەیشتنێک کە ببێتە مایەی دروستکردنی هاوڕێ و دوژمن، نەوە لە دوای نەوە بتوانن دووبارە تێگەیشتنێکی کوردیانە بەرهەمبهێننەوە، ئەمەش لە پێناوی ژیان، بەڵام ژیانێکی کوردانە.



دانا نەوزەر

# کوردی هێلکەکەر

پەیوەندی هێلکە و مریشک پەیوەندییەکی ئاڵۆزە. هێشتا دیار نییە کامیان لە پێش کامیانەوە هاتوون. یەکەم کەس کە سەری خۆی بەم پرسیارەوە ئێشاندووە ئەرستۆی گەورە فەیلەسوفی یۆنان بووە. بەڵام لە پەیوەندیی مریشک و هێلکە ئاڵۆزتر پەیوەندیی نێوان هێلکە و سیاسەتی کوردییە. یەکەم کەسیش کە هێلکەی بەکارهێناوە بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخی سیاسی کوردستان، مام جەلال بووە. تاڵەبانی هەمیشە دەیگوت "وەزعی کوردستان وەک هێلکەی دەڵەمەیە"، هێلکەی دەڵەمە هاوشێوەی بارودۆخە سیاسییەکەی کوردستان نە زۆر شلە و نە بەتەواویش خۆی گرتووە. بە بەراورد لەگەڵ دۆزەخی سووریا و بەشی عەرەبیی عێراق و زۆر وڵاتی دیکەی ناوچەکە، کوردستان لە دۆخێکی باشتردایە و ئەوەی بەدەستهاتووە جێی شانازیە، بەڵام هەموو دەستکەوتەکان لەبەردەم مەترسیدان و دەکرێت لە هەر ئان و ساتێکدا بڕۆن.

پەندێکی ئینگلیزی کۆن هەیە کە سیاسی و نووسەرانی کوردیش زۆرجار بەکاریدەهێنن. پەندەکە دەڵێت "هەموو هێلکەکانی خۆت مەخەرە یەک سەبەتەوە". ئەم پەندە زۆرترین جار ئەو کاتانە بەکاردەهێنرێت کە باسی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکانی کوردستان دەکرێت. ئەوانەی ئەم پەندە بەکاردەهێنن پێیانوایە ئەگەر کورد خۆی یەکلایی بکاتەوە و بچێتە پاڵ دەوڵەتێک لە ناوچەکەدا، ئەوا لەگەڵ کەوتنی سەبەتەی ئەو دەوڵەتەدا ، هەموو هێلکەکانی کوردیش دەشکێن. بێگومان ئەم قسەیە بەشێکی زۆری ڕاستی تێدایە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە کورد خاوەنی هێلکەی خۆی نییە. هێلکەکانی هەر لەسەرەتاوە لە سەبەتەی ئەم و ئەودان، هەر لەبەرئەوەیە گرنگ نییە سەبەتەکان چەند زۆر بن، هێلکەکانی کورد هەمیشە شکاون. کورد هەموو هێلکەکانی بخاتە یەک سەبەتە، بەڵام یەکگرتوو بێت باشترە لەوەی هێلکەکانی لە چەند سەبەتەی زۆردا بن، بەڵام هەر یەکە و خزمەتی سەبەتەکەی خۆی بکات!

مریشک کە هێلکە دەکات پێویستی بە شوێنێکی گونجاوە. پاش ماوەیەکی زۆر لە گارە گار شوێنێکی باش دەدۆزێتەوە و هێلکەی خۆی دەکات. ئەو مریشکانەی کولانەیان نییە یاخود شوێنێکی دیاریکراویان نییە دەبێت هەموو جارێک بێجگە لە ئازاری هێلکە کردن، خەمی پەیداکردنی شوێنێکیشان هەبێت. گەورەترین کێشەی کوردیش نەبوونی کیان و دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیەتی. بەشێکی زۆری ناڕەحەتیەکانی ڕابردوومان بەهۆی ئەوەوە بووە کە خاوەنی کیانی خۆمان نەبووین. هەمیشە ترسێک هەبووە کە ئەگەر هەنگاوێکی لەو شێوازە بنرێت ئەوا هەموو ئەوەی ئێستاش هەیە لەدەستمان دەچێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەو باجەی کە لەبەر نەبوونی دەوڵەت داومانە گەورەترە لەو باجەی کە دەکرێت بەهۆی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییەوە بیدەین.

هۆکار زۆرە بۆ ئەوەی هێلکە پیس بێت. ئەگەر بخرێتە ژێر مریشکێک بەڵام هەڵینەهێنێ یاخود لە شوێنێکی نەگونجاو لە پلەی گەرمی بەرزدا دابنرێت، پیس دەبێت. یەکێک لە کێشەکانی کوردیش بریتیە لەوەی کە هێلکەکانی زوو پیس دەبن، چونکە لە کات و شوێنی خۆیدا بەکارناهێرێن. چەندین کارتی گەورەی سیاسی پێش ئەوەی بەکاربهێنرێن بەدەستمانەوە سووتاون. نزیکترین نموونەی ئەمەش دووبارە دروستکردنەوە و بەهێزکردنی حکومەتی ناوەندی بوو لەدوای 2003 کە هەموو لایەنە گەورەکانی کوردستان بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە بەشدارییان تێدا کرد لە کاتێکدا ساڵانی دوای ڕزگاریی عێراق دەرفەتێکی زێڕین بوون بۆ ئەوەی حکومەتی ناوەندیی عێراق لە پەلوپۆ بخرێت.

هێلکە تەنیا میتافۆر و مەجازێک نییە کە لە ڕێیەوە بتوانین لە سیاسەتی کوردی بگەین، بەڵکو لە واقیعیشدا شتی زۆرمان دەربارەی ئەم سیاسەتە پێدەڵێت. کوردستان کە خاوەنی کۆنترین گوندە لە مێژوودا و کەشوهەوا و خاکی گونجاوترینن بۆ بەرهەمی کشتوکاڵ و شیرەمەنی، ئێستا هێلکەکانیشی لە دەرەوەی کوردستانەوە هاوردە دەکات. هێلکە و ڕۆن یەکێکە لەو خواردنانەی کە دروستکردنی زۆر ئاسانە بەجۆرێک زۆرێک لە پیاوانی ئەم وڵاتە ئەگەر هیچ خواردنێکیش نەزانن دروست بکەن، ئەوە دەزانن هێلکە و ڕۆن ئامادە بکەن. بەڵام سەرچاوەی ئەم خواردنە سادەش لێرە نییە و لە دەرەوەیە، هەر بۆیە سیاسی کورد دەبێت باوەڕ و بڕوا بگەڕێنێتەوە بۆ تاکی کورد کە دەکرێت خۆمان هێلکەی خۆمان دابین بکەین، لە کولانەی خۆماندا بیکەین و لە سەبەتەی خۆشماندا هەڵیگرین. ئەو کوردەی کە ئەمە دەکات کوردی هێلکەکەرە، تەنها بەکاربەر نییە و بەرهەمهێنەریشە. چونکە میللەتێک نەتوانێت پێداویستی هێلکەی خۆی دابین بکات، دروستکردنی دەوڵەتیش بە مەحاڵ دەبینێ.



سوهێر قەیسی *

# منداڵانی داعش یان خۆشەویستانی خودا؟

داعش چۆن ئەم فریشتانەی زەمانی ئێمەی وەها گۆڕی بۆ ئەهریمەن و دێوەزمە؟

چۆن توانی سایکۆلۆژیای بێگەردی ئەو منداڵانە ئاوا بگۆڕێتە سەر فکرێکی دێزی تاوانکار؟

ئەم ڕێکخراوی داعشە بە چ ڕێگەیەک سیمبولەکانی بەرائەتی دنیای ئێمەی بەرەو کوشتن و وێرانکاری و بێ بەها سەرنجدانی خوێنی مرۆڤ کێش کرد؟

پسپۆڕێکی زانستی دەروونی باسی شێوازەکانی فریودان دەکات کە ئەو ڕێکخراوە سوودیان لێوەردەگرێ بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاوەزی منداڵان لەپاش هەڵبژاردنیان لە ئەڵقەکانی خوێندنی مزگەوت و قوتابخانە لەو شوێنانەی ڕێکخراوەکە تێیاندا باڵادەستە. ئەوان سەرەتا بەناوی یاری و بەسەربردنی کات و پاشان پیاسەی ڕاوکردنی ئاژەڵ کێشیان دەکەن و پاشان چاویان ڕادێنن لەگەڵ دیمەنەکانی دارکاری و سزادان و دواتر بڕینی دەست و تا دواجار دەیانبەنە نێو فەزای کوشتن و گوللەبارانکردن.

بەوەشدا کە منداڵ تاوەکو تەمەنی 7 ساڵان لەمانای مردن ناگات و پێیوایە کەسی مردوو دووبارە دەگەڕێتەوە، لە مەسەلەی کۆتاییهێنان بە ژیانی کەسێکی دیکە تێناگات.

هەموومان بەبینینی ئەو منداڵە داعشییە شۆک بووین کە لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا وەک پاڵەوانی فیلمە کارتۆنیەکان بەوپەڕی خوێنساردیەوە بە گوللە کۆتایی بە ژیانی قوربانیەکەی دەهێنێ. ئەو منداڵە بەرهەمی مەشق و شوشتنەوەی مێشک و قوربانییەکی توندوتیژیشە. هیچ سەیر نییە ڕێکخراوەکە دواتر وەک قەڵغانی مرۆیی بەکاریبهێنێ ئەگەر بەپێویستی زانی وەک ئەوەی لە کۆبانی کردیان.

جێی سەرنجە کە بە سەربازکردنی ئەم منداڵانە بەرەو زیادبوون چووە لەوەتای ژمارەی چوونە پاڵ داعشی گەورەکان لە کورتیی داوە.

ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ بەمدواییە ڕایگەیاند کە 400 منداڵ لەژێر ناوی بێچووە شێرانی خەلافەت براونەتە نێو ڕیزەکانی داعش.

بەڵام کاریگەریی ڕێکخراوی داعش لەسەر منداڵان هەر بەتەنیا لەسنووری بەسەربازکردنیاندا ناوەستێ. ئەوەتا کۆمەڵێ منداڵ لە گوندێکی یەمەن لاسایی سووتاندنی فڕۆکەوانە ئوردنیەکەیان کردووەتەوە و هاوڕێیەکی خۆیان بەوجۆرە سووتاندووە. ببینن فیلمەکانی داعش چ کاریگەرییەک لەسەر منداڵانمان دادەنێن.

من لێرەدا مەبەستم قسەکردن نییە لەسەر درێویی پێشێلکارییەکانی دژ بە منداڵی لە عێراق و سووریا لەسەردەستی داعش، بەڵکو دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە ئێستا پێویستە چی بکرێ؟

ئایا وا ڕەفتار بکەین کە هەر منداڵێکی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەو ڕێکخراوە داعشە؟ گوللە بنێین بە منداڵی سڤیلەوە تەنیا لەسەر بنەمای گومانێک وەک ئەوەی لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا بینیمان کە لە پارێزگایەکی عێراق ڕوویدابوو؟

ببینە هاوکوفی داعش و ڕووی لوولەی چەکەکان بکەینە خەڵکی بێ تاوان؟

ئەوەی دەبێ بکرێ دووبارە شیاندنەوەیە. ئەو منداڵانەی لەلایەن داعشەوە بەکارهێنراون دەبێ وا تەماشا بکرێن کە ئەوانیش قوربانیی فکری تاوانکارین و پێویستیان بە شیاندنەوە و چارەسەر هەیە بە ڕێگایەکی دروست. هەوڵەکانمان بۆ پاراستنی منداڵان دەبێ تەریب بێت لەگەڵ پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی منداڵان.

ئێمە ئەگەر گەورە و بچووک تەنیا لەسەر بنەمای گومان یان ترس بکوژین، جیاوازیمان لەگەڵ داعش چییە؟

منداڵ سامانە، ئەگەر توانیت نەوەیەکی تەندروستی لێ دروستبکەی، ئەوە ئایندەی خۆت گەرەنتی کردووە. منداڵ ئەگەر لەلایەن شەیتانیشەوە بەکارهێنرابێ هەر خۆشەویستی خودایە. کەواتە خوێنی حەڵاڵ مەکەن و لەجیاتی ئەوە بجەنگێن بۆ ڕزگارکردنی لەدەستی ئەهریمەن.. هەرچییەکیان کردبێ هەر خۆشەویستی خودان.

***ڕۆژنامەڤانێکی عێراقییە و میدیاکارێکی گرووپی mbcیە ، هەفتانە ئەو کۆشەیە بۆ ڕووداو دەنووسێت.**

**ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.**

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## پەرواز 100 هەزار دۆلار رەتدەکاتەوە

« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net




Empire World
Building the Future

Empire World:
Empire Business Complex C4, Erbil, Iraq
Tel: +964 (0) 66 257 6006 - +964 (0) 66 257 6007
info@empireiraq.com - www.empireiraq.com